# ئاوزین

زانستگای کوردستان
جێگرایەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی

گۆڤاری ئەدەبی-فەرهەنگیی خوێندکارانی
ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردی
ژمارەی ۲، زستانی ۱۳۹۶ی هەتاوی



- چەمکی مەرگ لە شیعری کوردیدا
- داڵە جە ئەڵوەند کۆهان کەرد پەرواز
- خوێندنەوەیەکی یاساناسانە بۆ کارەساتی هەڵەبجە
- دوایین هەناسەکانی فۆلکلۆری کوردی
- هاوینەگەشتێک بۆ بارەگای خانی
- وریا فارۆق مەزهەر، شاعیرێکی ئاوارتە

هەواڵنامەی کتێب

ئاسمان هەورین دەبێ، ئێمەش بە غەمگینی دەڵێین:
ئەی خودا چ بکەین لە ژێر ئەم کاولەی کەس‌تیانەماو ؟!
فەسڵی هاوینی جەهەننەم، فەسڵی ئێستای زەمهەریر
زەمهەریر کەی وا بە تەئسیرە و جەهەنەم وا بە تاو؟!
نەییری ئەعزەم وەها تاوی دەدا وەک مەنجەنیق
بۆ دەوامی ڕۆژپەرستی جەمعی حەربای دێتە ناو
ڕۆژی تەرزە چەندە مینای دڵشکێنە و سەرشکێن!
ڕۆژی باران چەن شڕە و بێ عیسمەتە و ئابڕووتکاو
ڕۆژ پڕە گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژەهاژ
شەو نییە خەومان لەبەر قرژاڵ و بۆق و ژاوەژاو

"نالی"

ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردی

K.L.L.S.S

# ئاوزین (۲)


گۆڤاری ئەدەبی-فەرهەنگیی خوێندکارانی ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردیی زانستگای کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز: ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردی

ڕاوێژکاری ئەنجومەن: د. بەختیار سەجادی

سەرنووسەر: توورەج خەسرەوی

بەرپرس: شەقایق حەسەنزادە

بەرپرسی زانستی: سومەیە کەریمی

بەپرسی ڕاهێنان: ڕووناک پەناهی

بەرپرسی پێوەندی: ئەوین بroوومەند

بەرپرسی توێژینەوە: زانا ڕەشیدی

بەرپرسی فەرهەنگی: پووریا سادقی

جوانکاریی لاپەڕەکان: پەیمان مەحموودی

وێنەی ڕووبەرگ: گڵکۆی مەم و زین

پێداچوونەوە: نەجمەدین براخاسی (هەوار)



ناونیشانی گۆڤاری ئاوزین: سنە، زانستگای کوردستان، کۆلیجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکان، نووسینگەی ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردی.

کۆدی پۆستی: ۶۶۱۷۷۱۵۱۷۵

ئیمەیل: awzin1394@gmail.com

## پێڕست:


وتەی سەرنووسەر ........ ٦

### لێکۆڵینەوە:

چەمکی مەرگ لە نێو شیعری شاعیرانی کورددا ........ ٩

توورەج خەسرەوی، دڵنیا گەوهەری‌نژاد، جەبار ئەمیا، ئێلناز مەلەکی و سومەیە کەریمی

یەکەم فەرهەنگەکان ........ ٤٥

شەقایق حەسەن‌زادە

یەکەم ڕۆژنامەکان ........ ٤٨

ندا محەمەدی

داڵە جە ئەلوەند کۆهان کەرد پەرواز ........ ٥٢

لەتیف سوڵتانی

### ڕوانگە و بۆچوون:

کۆنەڕووخێن، بنیاتی تازەدانەرا! ........ ٦٢

دوکتۆر مەسعوود بینەندە

خوێندنەوەیەکی یاساناسانە بۆ هەڵەبجە ........ ٦٦

دوکتۆر سەتار عەزیزی

پێویستیی دابین‌کردنی ناوەندێک بۆ ڕێنووس ........ ٦٩

نەجمەدین براخاسی

فەرهەنگی ڕامیاری ........ ٧٣

عەدنان حسەینی

### فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی:

دوایین هەناسەکانی فۆلکلۆری کوردی ........ ٧٩

مەزهەر ئیبراهیمی

مەتەڵە کوردییەکان ........ ٨٢

ئیبراهیم ئەحمەدی

### ناساندن:

هاوینەگەشتێک بۆ بارەگای خانی ........ ٨٥

توورەج خەسرەوی

ڕێبواری بێ‌نیشتمان ........ ٩٣

عەبدوڕەحمان ئەشکووە

پێناسەی بەرهەمەکانی مەریوان هەڵەبجەیی ........ ٩٨


هەواڵنامەی کێتێر

ئێحسان میرەکی، پرشنگ مستەفازادە

**وریا فاروق مەزهەر** ........ ١٠١

کەژاڵ فەداکار

## چیرۆک:

**مەرگاوی ژیان** ........ ١٠٩

سروە مەجیدی

**شوێنی خوێن** ........ ١١٢

شلێر ڕەحمانی

**جیهانێک پڕ لە تەنیایی** ........ ١١٤

سومەیە کەریمی

**مرۆڤایەتی چۆن مرد؟** ........ ١٢٢

زانا ڕەشیدی

**نرخی خوێن** ........ ١٢٤

گوڵزار ئەحمەدی

**بەشێک لە کورتەچیرۆکی *جوانترین نوقمبووی جیهان*** ........ ١٢٩

عاتفە مەحموودی

## شیعر:

**لە مندا جیهانێکە** ........ ١٣٣

شلێر ڕەحمانی

**کولاندنەوەی پەراسووی خەون** ........ ١٣٥

سروە مەجیدی

**ئەوانە کێن؟** ........ ١٣٩

یادگار ڕەحمانی

**دێڕەکانی ئەم شیعرە بە ئارەزووی خۆتان بگۆڕن؛** ........ ١٤٠

نەجمەدین براخاسی (هەوار)

**پاییز** ........ ١٤١

شیوا ئەیازی

**هاتی و ...** ........ ١٤٣

محەمەد ڕەحیم‌زادە

**بێدەنگ! کچان دەنگ هەڵنابڕن** ........ ١٤٥

چیمەن باقری

**بڵاوکراوەی نوێ** ........ ١٤٧


هەواڵنامەی کتێب

## وتەی سەرنووسەر

مایەی شانازییە کە زۆرێک لە لایەنگران و ئۆگرانی زمان و ئەدەبی کوردی لە دوور و نزیکەوە ئاگاداری کار و چالاکییەکانی ئەم بەشە هەن و بە مەبەستی بەردەوامیی هەوڵ و تێکۆشانی ئەم بەشە و گەشەسەندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە، لەگەڵ خوێندکاراندا ئەوپەڕی هاوکاری دەنوێنن و خۆیان بە دوور ناگرن و هەروەها بە ئامادەبوونیان لە سمینار و کۆبوونەوە و بۆنە جیاجیاکاندا دەبنە مایەی دڵگەرمیی زیاتری خوێندکاران. هەروەهاش، توێژەرانی هێژا بە ناردنی بەرهەم بۆ گۆڤاری *ئاوزین*، بوونەتە هۆکاری پەرەسەندن و بەرزڕاگرتنی ئەم چالاکییانە و ڕێگە خۆش دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی بابەت و بەرنامەی بەپێز و جیاواز لە بواری جۆراوجۆردا. بڕیارە نموونەکانی ئەم هاوکارییانە و سەرپاکی چالاکییەکانی ئەم بەشە لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە ڕێگەی کەشی مەجازییەوە، لە قاڵبی ماڵپەڕێکدا، بخرێنە بەر دەستی خوێنەران و پانتاییەکی بەربڵاوتر و ئاسۆیەکی دوورتر بۆ ئەم ئاقارە دەستەبەر بکرێت. لەم ژمارەیەدا، لە نێو ئەو بەرهەمانەی بە دەستمان گەیشتوون، هەوڵمان داوە هەر بەرهەمێک بڵاو نەکەینەوە و ئەگەرچی وتار و لێکۆڵینەوەمان لە کەسانی دیکەش وەرگرتووە بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی خوێندکارییە، زۆرتر سەرنجمان بە بەرهەمی خوێندکاران داوە.

هەموو ساڵێکی خوێندن لە سەرەتای پاییزدا، پۆلێکی تازە بە خوێندکارانی بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی زانستگای کوردستان زیاد دەبێت و ئەمساڵیش کە بەش بووەتە خاوەنی سێ پۆل، تێکڕا نزیکەی ١٢٠ خوێندکاری زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژدا دەدۆمن. تەنانەت لە بەشەکانی دیکەشەوە چەندین خوێندکار ڕوویان لەم بەشە کردووە و ئێستا وەکوو خوێندکاری زمان و ئەدەبی کوردی دەخوێنن. سەرەتا زۆر کەس پێیان وابوو ئەم بەشە تەنیا بابەتە سەرەتاییەکانی زمان و ئەدەب دەگرێتەوە و دەکرێ لە شوێنانی دیکەشدا وەها ئاکام و ئەنجامێک وە دەست بخرێت؛ بەڵام بە داڕشتنی وانەکانی ئەم بەشە بە شێوەیەکی ژیرانە و بەجێ و هەروەها دیاریکردنی مامۆستا و جێگە و پێگەی تایبەت، لە باری زانستی و ئاکادێمیکەوە ئاستێکی باشی بۆ دەستەبەر کرا و ئەم ڕچەشکێنییە، شیاوی ئەوەیە کە لە شوێنەکانی دیکەشدا ڕەچاو بکرێت. هەواڵی دڵخۆشکەر ئەوەیە کە بڕیارە خێرا پاش دەرچوونی یەکەم خولی خوێندکارانی بەش، قۆناغی ماستەری زمان و ئەدەبی کوردیش لە زانستگای کوردستاندا بکرێتەوە و زۆر کەس چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەن، تاکوو لەم قۆناغەدا بەشداری بکەن. بە دامەزرانی قۆناغی کارناسیی باڵا

واتە ماستێر، کە لە ڕێگای تاقیکارییەوە خوێندکاری بۆ وەردەگیردرێت، بڕیارە بۆ یەکەم جار لە ئێراندا پرسیارەکانی تاقیکاریی کونکووری ماستێر، بۆ ئەم ڕشتەیە بە زمانی کوردی ئامادە بکرێن.

بێجگە لەمانەش، وانەیەکی دوویەکەیی بە ناوی زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ ماوەی چوار تێرمە لە زانستگای کوردستاندا، وەکوو وانەیەکی گشتی_بژاردە، لە نێو چارتی وانەکانی کارناسیدا جێگیر کراوە کە خوێندکارانی هەموو بەشەکان دەتوانن ئەم دوو وانەیە هەڵبگرن و هەروەها لە کۆی نمرەکانی تێرم و سەرجەم نمرەکانی قۆناغی کارناسیدا، واتە کۆنمرەی کارناسی، ئەژمار دەکرێت. هەموو تێرمێک لانی کەم شەش پۆلی جیاجیا لەم وانەیەدا بەشداری دەکەن. ئەم هەوڵەش هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ئەوەی زانستگاکانی دیکەش بیر لە زیادکردنی ئەم وانەیە بە وانە گشتییەکان بکەنەوە و بەستێنێک پێک بهێنن بۆ کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانستگاکانی شارەکانی دیکەدا. هەواڵێکی دڵخۆشکەری دیکە ئەوەیە کە بڕیارە لە زانستگاکانی کرماشان و ئیلام و ورمێدا، بێجگە لەم وانە دوویەکەییە، لە قۆناغێکی تردا بەشی زمان و ئەدەبی کوردیش بکرێتەوە. بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم داخوازییانە و بەئەنجامگەیاندنی ئەم بڕیارانە، چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە و لە باری یاسایی و ئیدارییەوە و لە ڕووی دابینکردنی سەرچاوەی زانستییەوە، ڕێگای بۆ هەموار کراوە.

لێرەوە بە پێویستی دەزانم لە ناخی دڵمانەوە و بە نوێنەرایەتی سەرجەم خوێندکارانی بەشەوە، سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و حەوتەنامە و کەناڵە جۆربەجۆرانە بکەین کە هەواڵی پێوەندیدار بەم بەشە بڵاو دەکەنەوە و بە گوزارشت و نووسینەکانیان، بۆ چالاکییەکان و ئەو مەراسیمانەی لەم بەشەدا بەڕێوە دەچن، بانگەشەی خەمخۆرانە دەکەن و تێیاندا بەشداری دەکەن. هەروەهاش، سپاس و پێزانینیمان هەیە بۆ ئەو ناوەند و بنکە و لایەنانە کە بەو پەڕی دڵسۆزی و دڵاوایییەوە و بە ناردنی کتێب و گۆڤار و فایلی هەمەڕەنگ، کتێبخانەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، دەوڵەمەند دەکەنەوە و بابەت و زانیاری و مەعریفەی سوودبەخش و پڕبایەخ دەخەنە بەر دەستی خوێندکاران و لێکۆڵەروان، بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە و ئامادەکردنی بەرهەمی بەنرخ.

# لێکۆڵینەوە

کتێبی هەواڵنامە

# چەمکی مەرگ لە نێو شیعری شاعیرانی کورددا
## (١)

**پێشەکی**

هاوینی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی، لەگەڵ خوێندکارانی بەشی زمان و ئەدەبی کوردیدا دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی بەکۆمەڵ لە ژێر ناوی چەمکی مردن لە ناو شیعری شاعیرانی کورددا، کە کارەکەمان بە شاعیرانی کلاسیکەوە دەست پێ‌کرد. نزیکەی بیست شاعیرمان هەڵبژارد و هەر خوێندکارێک لێکۆڵینەوەکەی لە سەر دیوانی یەک شاعیر بە ئەنجام گەیاند. مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە سەرەڕای ئەوەی کە چەمکی مەرگ گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و بابەتێکی زۆر قووڵ و ئاڵۆزە و پێویستە بە تێروتەسەلی لێی بکۆڵدرێتەوە، دەرخستنی ڕوانگە و شێوەی بیرکردنەوەی شاعیرانی کورد و ڕەنگدانەوەی مەرگ لە ناو بەرهەمەکانیاندا بوو. بە هیوایین بۆ هەموو شاعیرانی کورد و بۆ هەموو بابەتە گرینگەکان وەها کارێک بکرێت و تیشک بخرێتە سەر لایەنە جیاجیاکانی ناوەڕۆکی شیعرەکان و پێناسەیەکی ڕوون لە ڕوانگە و بیرکردنەوەی هۆنەرانی کورد بە دەستەوە بدرێت.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ قۆناخدا هاتە ئەنجام:

١. سەرەتا هەموو شیعرەکانمان خوێندەوە و بێجگە لەو شیعرانەی کە وەرگێڕان بوون یان شیعری شاعیرێکی دیکە وەکوو تێهەڵکێش، پێنج-خشتەکی یان بە هەر چەشنێکی دیکە هاتووەتە ناو دیوانەکەوە، هەر بەیتێک کە بە هەر چەشنێک و لە هەر بارێکەوە باسی مەرگ یان ئاماژە بەو چەمکە دەکات، دەست‌نیشانمان کرد و لە کۆی دیوانەکە جیامان کردەوە.

٢. لە قۆناخی دووەمدا واتای ئەو شیعرانەی کە دیاری کرابوون، لە چەند ڕستەدا ڕوون کرانەوە و واتاکەیان لێک‌درایەوە، بەڵام نەک واتایان لە ناو شیعرەکەدا، بەڵکوو ئەو واتایەی وا لە ناو ئەو بەیتەدا پێناسەیەک لە مەرگ دەکات و چەمکی مەرگ تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. چونکوو واتای شیعرەکە لەگەڵ ئەو واتایەی پیوەندیی بە مژارەکەی ئێمەوە هەیە، شتێکی جیاوازە. بۆ نموونە کاتێ گۆران ڕابردوو یان نیشتنی ئەستێرەیەک بە مردن مانا دەکاتەوە، ئێمە هاتووین واتا ڕووکەشییەکە و واتای بەیتەکەمان وە لاوە ناوە و لە سەر هۆکاری بەکارهێنانی ئەو چەمک و وشە و دەستەواژانەی شاعیر کەڵکی لێ وەرگرتوون، ئەو

هەوراماتی گێژ

ڕستانەمان ئامادە کردووە و گرێمان داوە بە باتی لێکۆڵینەوەکەوە.

٣. لە دواقۆناخدا، کە گرینگترین و سەرەکیترین قۆناخی کارەکە بوو، سەرجەم ئەو ڕستانەی بۆ هەر بەیتێکی پەیوەندیدار بە باتەکەوە ئامادەمان کردبوو، پۆلێنبەندی کران و بەپێی نزیکی و گونجاوبوونیان لەگەڵ یەکتریدا، دابەشمان کرد بە سەر چەند بابەتدا و بە گوێرەی بەربڵاویی ئەم چەمکە لە شیعری هەر شاعیرێکدا، کران بە چەند بەشەوە. بۆ هەر یەک لەم بەشانەی پۆلێنبەندییەکە، شیکاریی تایبەت بە خۆیان ئەنجام درا و هەوڵمان دا کە لە شیکردنەوەدا ئەو ڕوانگەیەی وا شاعیر لە سەر چەمکی مەرگ (مەرگی مرۆڤ یان هەر شتێکی دیکە) لە شێعرەکانیدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەرژاوەتە سەری و ڕەنگی داوەتەوە لە ناخی بیرکردنەوەیدا بێنینە دەرەوە و ئەو دیوی وشەکان واتا بکەینەوە.

لەم ژمارەیەدا پێنج دانە لەم تۆژینەوانە دەخەینە بەردەست و لە ژمارەکانی داهاتوودا ئەوانی دیکە بڵاو دەکەینەوە.

بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە، یەکێ لەو سەرچاوانەی کەڵکمان لێ وەرگرت و جێگای هەیە لێرەدا باسی بکەین، کتێبەکەی بەڕێز هەرێم عوسمان بە ناوی *چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا* بوو کە لەو کتێبەدا بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ڕێکوپێک و فرەلایەن ئەو باسەی وروژاندووە؛ بە شێوەیەک کە خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ لە پێناسە جۆراوجۆرەکان و بابەتەکانی وەها چەمکێکی ئاڵۆز تێبگات. سەرەتا چەمکی مەرگی بە گشتی لە چوار ئاقاردا پێناسە کردووە: ١- ئەفسانە. ٢- ئایین. ٣- فەلسەفە. ۴- زانست. بەم دابەشکارییە توانیویەتی ئاسۆیەکی بەربڵاو و ڕوون لە بەر چاوی خوێنەردا بۆ ئەم مژارە بکاتەوە تاکوو بڕواتە ناو باسەکەوە. پاشان لە بەشەکانی دیکەدا تەرکیزی کردووەتە سەر واتا و وردەکارییەکان و جۆرە جیاجیاکانی مەرگ و پێناسەکانیان.

زۆربەی زۆری نووسەران و بیرمەندان ئاوڕیان لەم چەمکە داوەتەوە و هەر کامەیان بە چەشنێک پێناسەیان کردووە. ئەم جیاوازیی تێڕوانین و بۆچوونانەش هەر کامە و لە جێگای خۆیدا شیاوی سەرنج و وردبوونەوەیە. بۆ نموونە، سادق هیدایەت ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: «هەموو کەسێک لە مەرگ دەترسێت، من لە ژیان». کاتێ سەرنج دەدەینە ئەم ڕستەیە چوار دانە هێمانەی سەرەکی دەکەوێتە بەر چاومان کە بریتین لە هەمووان، من، مەرگ و ژیان. لێرەدا نووسەر مەبەستی ئەوەیە جیاوازیی بیرکردنەوەی خۆی و هەروەها بە جۆرێک تایبەتبوونی ڕوانگەی دەربخات و بە ڕووبەڕووکردنەوەی هەموو و من و هەروەها مەرگ و ژیان، زەینی خوێنەر بۆ شوێنێک ڕادەکێشێت کە لەوانەیە تا ئێستا بە پێچەوانەی ئەوە بیری کردووەتەوە و بۆ پێناسەکردنی ژیان،

قەد وەها وێنایەکی ئاڵۆز بە خەیاڵیشیدا نەهاتووە کە مایەی ترس بێت. بە هێنانەئارای ئەم بابەتەوە کە ژیان مایەی ترسە، نووسەر دەرگا بە سەر چەند بابەتێکی دیکەدا دەکاتەوە کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت. ئەگەر ژیان لەگەڵ مەرگدا بەراورد بکەین، دەزانین کە زۆرتر لەگەڵ ژیان و لایەنە جۆراوجۆرەکانیدا ئاشناین و هەستی پێ-دەکەین و و هەروەها ئەزموونی دەکەین، لە کاتێکدا مەرگ جگە لەوەی کە بابەتێکی ناڕوون و تەماوییە و کەس لێی تێناگات، ناتوانین ئەزموونی بکەین و پێناسەی بکەین. ترسان لە مەرگ لەبەر ئەوەیە کە نازانین ئەم چەمکە چییە و لەوە ئاگامان نییە و وەکوو هەر بابەتێکی دیکە کە ئاگامان لێ نییە و نازانین چییە دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئەم ترسە و جۆرێک قیاسی بێبنەمایە کە لەبەر دووپاتبوونەوە پێکهاتووە.

بەم پێیە هیدایەت دەڵێت کە ترسی من لە ژیان لەبەر ئەوەیە کە دەزانم ژیان چییە و ئەم ترسەم لەبەر چییە، واتە ئاگام بە سەر هەر دوو بابەتی ژیان و ترسدا هەیە بەڵام خەڵکی لە شتێک دەترسن کە نازانن چییە و هیچ هۆکارێک بۆ ئەم ترسە نییە. کاتێ قولتێر ئاوڕ لە واتای ئەم ڕستەیە دەدەینەوە، پرسیارێک دێتە ئاراوە کە بۆچی لێرەدا کە مەبەستی ئەوەیە بڵێت ئەمن لە ژیان دەترسم، مەبەستەکە کەمڕەنگە و وشەی مەرگ زۆرتر قورسایی هەیە و زۆرتر ڕەنگ دەداتەوە؟ لێرەدا هەروا کە ئاماژەی پێکرا هیدایەت دەیەوێ بڵێت

کە ئەمن بە پێچەوانەی خەڵکی دیکەوە لە ژیان دەترسم نەک لەمەرگ. لەوانەیە لەبەر ئەوەی کە سەرەتا وشەی مەرگ لەم ڕستەیەدا هاتووە ئینجا ژیان، لەبەر ئەوەی کە مەرگ بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە و زۆر کەس بە شێوەیەک بیری لێ کردووەتەوە، بیری خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و لەگەڵ خۆیدا دەبات و ئیدی سەرنج بە واتای بەشی دووەمی ڕستەکە نادات و تەنیا بە زاریدا دێت و دەیخوێنێتەوە. یان ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە ژیان و مەرگ لە وشەدا دژبەری یەکدین و کاتێ باسی ترس لە ژیان دەکات، دیسان چەمکی مەرگ لە زەینی خوێنەردا دەنوێندرێتەوە و هەست بە قورساییەکی زۆرتری ئەم واتایە دەکرێت. یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ناوی نووسەر، لەبەر نووسینەکان و چارەنووسی لەگەڵ مەرگدا تێکەڵ بووە و ئەو بەستێنە لە پێشدا لە زینی خوێنەردا، ئامادەی دەکات بۆ وەرگرتنی وەها لێکدانەوەیەک.

لە لایەکی ترەوە، شێرکۆ بێکەس لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

((مردن ئێجگار بەو شێوەیە ترسناک و خەتەر نییە، وەکوو خەڵکی باسی ئەکەن،

من بە باوکما ئەزانم؛

شەست ساڵە لە لای مردنە و دوێنێ کە هاتەوە ماڵێ،

گۆڕانی وا نەگۆڕابوو کە ئێمە نەیناسینەوە؛

راستە مردن دەموچاوی هەندێ شیعری تا ڕادەیەک پیر کردبوو،

راستە مردن هەندێ چرچ و لۆچی تازەی خستبووە نێو قسەیەوە، کەمێک ڕەنگی هیواکانی زەرد کردبوو،

بەڵام هەرگیز نەوەریبوون، لە بیر ساڵ نەچووبوونەوە؛

باوکم دوێنێ وەختێ گەڕایەوە ماڵێ،

قەڵەم و کاغەز و گوڵ و دڵی منداڵ و باڵندە هەموویان چوون بە پیریەوە؛

ئاخر ئەگەر وەکوو ئەڵێن، مردن ئەوەندە دڕندە و خەتەر بووایا،

ئەوی ئەخوارد و نەئەما و لە بیری شیعریش ئەچووەوە؛

بەڵام ئایا ئەم مردنە بۆ هەموو کەسێ هەر وایە!

یان بە تەنها بۆ ئەوانەی،

کە هەرگیز لێی نەترساون و وەکوو باوکم سەریان داوە بە ئازادی و دڵیان کردووە بە چرا و چراشیان داوەتە دەستی خۆشەویستیی ئەم دنیایە))

هەروەهاش، نیچە دەڵێت: «نابێ دان بەوەدا بنێین کە لە سروشتدا یاسا هەیە. سروشت جگە لە پێویستی هیچ شتێک ناناسێت. لە سروشتدا کەسێک نییە کە فەرمان بدات، کەسێکیش نییە کە سەرپێچی بکات. کاتێ لەوە تێگەیشتن کە لە بنەمادا مەبەستێک لە ئارادا نییە، ئینجا تێدەگەین کە هەڵکەوت(تصادف)یش لە کاردا نییە؛ چونکوو هەڵکەوت تەنیا لە جیهانی مەبەستەکاندا واتای هەیە. نابێ داکۆکی لەم وتەیە بکەین کە مەرگ بە پێچەوانەی ژیانە. ژیان جگە لە چەشنێک لە مەرگ شتێکی دیکە نییە و زۆر دەگمەنە.»

«خودی گیان، چەقۆیەکە دڵی ژیان دەبڕێت.»

«هەر پێگەیشتوویەک خوازیاری مەرگە. تەنیا نەگەیشتووەکان بە دوای ژیاندان.»

نۆرمان میلەر لە تێکستێکدا دەڵێت: «مردن ئەوەندە سەخت نییە تا ئێستا کەس نییە نەیتوانیبێت بمرێت.» بەڵام بەختیار عەلی لە وەڵامی ئەم وتەیەدا دەڵێت: ئەم پێناسەیە بۆ هەموو کەسێک دروست نییە. ئەو پێی وایە شێرکۆ بێکەس چەند بیەوێت، چەندە هەوڵ بدات ناتوانێت بمرێت. کورتکردنەوە و وەسفکردنی شێرکۆ لە کارە سەختەکانە. پاشان دەڵێت ئەمن ڕستەیەک شک نابەم لە وەسفیدا باسی بکەم، جگە لە دێڕێکی کنوت هامسۆن نەبێ کە دەڵێت: «بلیمەت چەخماخەیەکە، گرمەی سەدان ساڵ دەنگ دەداتەوە.»

دوکتۆر هولاکۆیی لە باسێکدا کە چەمکی مەرگ پێناسە دەکات و لەو سەد تایبەتمەندییەی کە بۆ کەسێکی تەندروست لە بەرچاوی گرتووە، بابەتی مەرگی لە ژمارەی چواردەدا داناوە و بەم چەشنە لێکی دەداتەوە: «کەسێکی تەندروست

مەرگ وەکوو واقیعێک قەبووڵ دەکات؛ دەزانێت کە لە جیهاندا بەدیهاتن و لەناوچوون هەیە. واتە هەر شتێ کە لەم جیهانە مادییەدا بەدی هاتووە درەنگ یان زوو لەناو دەچێت. مەرگ بە درێژەی ژیان دەزانێت نەک جیاواز و دژ بە ژیان؛ بەتایبەت لەگەڵ ئەم واقیعەدا ئاشنایە کە ئەگەر لە ژیان بترسێ لە مەرگ دەترسێت و ئەگەر لەگەڵ ژیاندا سازگاری هەبێت و ئاسوودە بێت، مەرگ بۆی سادە و ئاسانترە.»

بێگومان مەرگ ڕووداوێکی دژوار و تاڵە، بەڵام سەرەڕای دژواری و تاڵی و ئەو کێشە و گرفتانە کە لێی دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی دووری، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بوونی هەیە و لەبەر ئەمەیە کە کەسێکی تەندروست، مەرگ قەبووڵ دەکات و پێوەندی ئەدات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەواشانەوە کە دەبنە هۆی بەردەوامبوونی ژیان و لەبەرچاونەگرتنیان مەرگی بەدواوە دەبێت. بە واتایێکی دیکە، مەرگ بۆیە ڕوو ئەدات چونکوو ئەو هۆکار و سەبەبانەی وا دەبنە هۆی مەرگی مرۆڤ، کۆ دەبنەوە و ئەگەر ئەم هۆکارانە نەبن مەرگیش بوونی نییە.

مردن یان نەمردن، بەپێی یاسا و ڕێساییکە کە لە هەموو شتەکاندا بەتایبەت لە مرۆڤدا بوونی هەیە. لە هەمان کاتدا کەسێکی تەندروست بیروبڕواگەلێکی لە سەر بنەمای واقیع یان زانست و عەقڵ و لۆژیک یان سیستمی گشتی بەهامەند و ئاکاری خۆی لەبارەی دوای مەرگ و مردنەوە هەیە. لەم بوارەدا ئەگەرچی ڕەنگە بابەتەکە بکەوێتە ناو چوارچێوەی فەلسەفە یان ئایینەوە، بەڵام هەر بە چوارچێوە و بنەواشەگەلێک بڕوای هەیە کە دەتوانێ پایەگەلێکی پتەو لە ڕوانگەی زانستی- عەقڵی- لۆژیکییەوە بۆ لەبەرچاو بگرێت و هەر چۆنێک بێت، ئەم بڕوایانە لەگەڵ زانست و عەقڵ و لۆژیک و واقیعدا لێکدژی و دژوازییان پێکەوە نییە. کەسێکی تەندروست مەرگ لە ئاست و شوێنی شیاوی خۆیدا دادەنێ و بەپێی ئەوە، زۆرتر بیر لە ژیان دەکاتەوە تا مەرگ و لەبۆ زیندوومانەوە و ژیان هەوڵ دەدات و تێدەکۆشێت.»

کاتێ کەسێک دەمرێت، وا بیر دەکەینەوە لەم هەرێمە کە بە هی خۆمانی دەزانین جیا بووەتەوە. واتە ئیدی نییە لە ڕیزی ئێمەدا؛ ڕێک وەکوو ئەوەی خۆمان بە خاوەنی بوون بزانین و هەموو نەبوونێک سەر بە هەرێمێکی دیکە بزانین. بۆ ناتوانین هەست بە نزیکایەتی یان یەکبوونی ئەم دوو هەرێمە بکەین! ئایا ئەو کەسەی کە دەمرێت، کاریگەرییەکانیشی نامێنێت؟ ئایا کەسێکی وەکوو ئەرەستوو کە ٢٣ سەدە پێش لە دنیا دەرچووە، لەگەڵ نەمانیدا کاریگەرییەکانیشی لەسەر ئەم هەرێمە پچڕاوە و کۆتایی پێهاتووە؟ ئەو بیرمەندەی کە دەڵێت مەرگ بوونی نییە، بەم چەشنە پێناسەی دەکات: «کاتێ من لە ژیاندام مەرگێک بوونی نییە تا من هەستی پێبکەم و تا کاتێ کە دەژیم مەرگێک نابینم؛ هەروەها کاتێ کە

مەرگ هات و ئەمن نەمام ئیدی منێک بوونی نییە تا هەست بە مەرگ بکات و لە ئاکامدا دەڵێت مەرگ بوونی نییە. لەم لێکدانەوەدا، چەمکی مەرگ لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ خۆی پێناسە دەکات. واتە پێناسەکردنی مەرگی خود، نەک مەرگی کەسانی دیکە. کاتێ کەسێک ئەم لێکدانەوەیە تاوتوێ دەکات، دەبێ مەرگی خۆی لە بەرچاو بگرێت نەک مەرگی کەسانی دیکە. واتە ئەم لێکدانەوەیە بۆ مەرگی کەسانی دیکە نابێت؛ چونکوو ئێمە مەرگی کەسانی دیکە دەبینین و ئاگاداری ئەوەین.

سەرەڕای هەموو ئەم باسانە و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم لێکدانەوانە، کاتێ هەواڵی مەرگی کەسێک بەر گوێمان دەکەوێت، دیسان لە ناکاو چەمکێکی نارۆون و ئاڵۆز مێشکمان داگیر دەکات و تا لە ناو ئەو حەیرانییەدا دێینە دەرەوە و پاساوێکی بۆ دەدۆزینەوە، بۆ ماوەیەک لە شۆکداین و پێی سەرسامین. ئەمەش دەربڕی ئەو تایبەتمەندییەی مەرگە کە قەت کۆن نابێت و هەمیشە تازەیە و پاتەوەبوونی زۆر، بە پێچەوانەی بابەتەکانی دیکە نابێتە هۆی ئاساییبوون و سادەبوونەوەی. هەر چەمکی مەرگ بابەتێکی گشتیتر و بەربڵاوتر لەوەیە کە تەنیا و بە مەرگی مرۆڤ کورتی بکەینەوە و هەموو پێناسەکان لەو بازنەیەکەدا بگونجێنین. ئەگەر هەوڵ بدەین بە گشتاندنی ئەم بابەتە لە نێو گیانلەبەر و بێگیاندا پێناسەیەکی بەربڵاوتری بۆ بدۆزینەوە کە سەرپاکی ئەو دوو دەستەیە بگرێتەوە و لە مەرگی مرۆڤدا قەتیس نەمێنێت، پێناسەکانیش ڕەنگە بگۆڕن و ئاسۆیەکی دیکەمان بۆ ڕوون بکەنەوە. بۆ نموونە، بیرکردنەوە لە چارەنووسی مەرگی مرۆڤێک و ئاژەڵێک و ڕووەکێک و بەردێک، ئەندێشەمان بەرەو چ ئاراستەیەک پەلکێش دەکات و چۆن بۆ خۆمان لێکی دەدەینەوە!؟

## سەرچاوەکان


عوسمان، هەرێم. *چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا*. هەولێر: ٢٠١٣.

کەسنەزانی، بوشرا. *لە تریفەی هەڵبەستەوە بەرەو پارکی ئازادی*. حیکایەتی مەرگی شێرکۆ بێکەس لە زاری ئەوانەوە. سلێمانی: سەردەم، ٢٠١٢.

نیچە، فریدریش ویلهێلم. *چنین گفت زرتشت*. وەرگێڕانی مەسعوود ئەنساری. چاپی حەوتەم. تاران: جامی، ١٣٨٥.

نیچە، فریدریش ویلهێلم. حکمت *شادان*. وەرگێڕانی جەمال ئالئەحمەد و هاوکاران. چاپی سێیەم. تاران: جامی، ١٣٨٤.

وەرگێڕاوی زنجیرە وتارێکی چاپنەکراوی دوکتۆر فەرهەنگ هولاکوویی.

# گۆران



توورەج خەسرەوی

گۆران هەر لە سەرەتاوە لە جوجرەکاندا دەستی بە خوێندن کردووە و دیارە ئەو شێوە تێڕوانینە باوانەی سەردەم، لە سەر ڕوانگە و جیهانبینی و بیرکردنەوەی کارتێکەری بووە و کەموزۆر لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام جگە لەو لایەنە، شاعیر لەگەڵ کۆمەڵگای دیکە و بزووتنەوەگەلی دیکەشدا ئاشنا بووەتەوە کە بە شێوەیەکی جیاواز بیری ئەویان کردووەتەوە و پێناسەیەکی دیکەیان لە سەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی گرێدراو بە مرۆڤ و ژیان و مەرگەوە بووە؛ بۆیە لە هەست و دەربڕینەکانیشیدا ئەو لایەنانەشی خستووەتە بەر چاو، بەتایبەت لە بابەتی مەرگەوە چەند خوێندنەوەی بووە کە لەم نووسراوەیەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت و بە هێنانەوەی لێکدانەوەکان و هەندێ لە نموونە شیعرییەکان لێکدەدرێنەوە. لەبەر ئەوەی ناکرێ پێناسەیەکی گشتی بۆ مەرگ دەستنیشان بکەین و لە چوارچێوەیەکی گشتیی دیاریکراوەوە بۆی بڕوانین، لێرەدا بەپێی دابەشکاری لە سەر نموونە شیعرییەکان، دابەشم کردووە بە چوار بەشەوە کە هەر کامەیان ڕوانگەی شاعیر و شێوەی بیرکردنەوەی لە سەر بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە.

١. کارتێکەری مەرگ و دەرەنجامەکانی پاش مەرگ.

٢. ئەو بابەتانەی کە مەرگ بەوانەوە چوێندراوە.

٣. ئەو پێناسە و وەسفانەی شاعیر لە سەر مەرگ دەیکات و تێگەیشتنی خۆی بەوە دەردەبڕێت.

٤. ئەو شیعرانەی بە ئەرێنی باسی مردن دەکەن و چەمکی مەرگ لە ژیان بە سەرتر دەزانێت.

****

هەوارنامەی کتێب

### ١. کارتێکەریی مەرگ و دەرئەنجامەکانی پاش مەرگ

یەکێ لە دیارترینی ئەو دەرئەنجامانەی کە دوای مەرگ هەستی پێ دەکرێت، لەدەستدان و هەست بە جیاییە؛ یەکەم شتێ کە لە مەرگی کەسێک بە زەینمدا دێت، هەست بە نەبوون و نەمانی ئەو کەسەیە؛ بەو شێوەیەی کە پێشتر هەستی پێ کراوە و لە هزری ئێمەدا جێگیر بووبوو. گۆران تەنانەت بۆ دیکەی چەمکەکان و شتەکانی دیکەش، لەدەستدان بە مەرگ ناو لێ دەبات و وەکوو مەرگی ئەو شتە باسی لێوە دەکات. بۆ نموونە تێپەڕکردنی یەکێ لە قۆناخەکانی تەمەن لە ژیاندا، وەکوو تافی لاوی، بە مەرگ پێناسە دەکات و دەڵێت با دەست بکەم بە یاسینخوێندن لە سەر ئەو قۆناخە لە ژیان:

ئیتر ئەبێ کونجێ بگرم دۆش دابمێنم
لە سەر مەرگی عومری جوانیم یاسین بخوێنم!

******************************************

لەم نموونەیەدا ئەو باسە دێتە پێشەوە کە ئێمە لە درێژەی تەمەنماندا لە قۆناخە جیاجیاکان و دۆخە جۆراوجۆرەکاندا مەرگ ئەزموون دەکەین و لەگەڵی ڕادێین؛ بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە درێژەی ژیاندا دەچینە دۆخێکی دیکەوە یان قۆناخێکی دیکە دەست پێدەکەین، ئەوەندە هەست بەو مەرگە قۆناخمەند و یەکبەدوای یەکانەدا ناکەین. بەڵام مەرگی دوایی کە شاعیر بە کۆتایی ڕێگەی ژیان ناوی لێ دەبات، لەبەر ئەوەیە کە قۆناخی دوای ئەوە دیار نییە و کەس هەواڵی دوای ئەوە نازانێت و ئەگەر قۆناخێک هەیە، چۆنچۆنییە و چ دۆخێکە و چۆن پێناسە دەکرێت ... . بۆیە ئەو دوامردنە بە گەورەترین و ئاشکراترین جۆری مەرگ دەناسین و جگە لەم مەرگە، ئەو مەرگانەی دیکە بە ژیان مانا دەکەینەوە و وەکوو ئەم کۆتا مەرگە چاو لەو مەرگانە ناکەین. لەم ناوەدا پرسیاری زۆر دێتە پێشەوە کە ئایا ئێمە لە درێژەی ژیاندا مەرگ ئەزمون دەکەین و ئەم هەموو تەمەنە لەگەڵ ژیان و مەرگدا تێپەڕ دەکەین، بێ ئەوەی بیر لەم دژوازییە بکەینەوە!؟ ئاخۆ هەموو کاتێک خەریکی ئەزموونکردنی مەرگ وەکوو ڕاهێنانێک بۆ مەرگی کۆتایین!؟ ئەم هەمو لەدەستدان و دوورکەوتنەوە و بێبەشبوونە چییە؟ ئەگەر تۆزێ ئەو باری نەرێنییە کە لە زەینمدا سەبارەت بە چەمکی مەرگ هەمانە دوور بخەینەوە و وەکوو بابەتێکی ئاسایی چاوی لێبکەین، بەپێی ئەم پێناسەیەی کە مەرگ بە لەدەستدان و جیایی بزانین، سەرجەمی ژیان پڕە لە مردن و ناویشی ژیانە! قۆناخە جۆراوجۆرەکانی تەمەن تێدەپەڕن، دوێنێ و پێرێ و حەفتە و مانگ و ساڵانی پێشوو لە کوێن؟ ئەگەر

شەوە، ڕۆژ لە کوێدایە ئێستە؟ وەکوو لەتیف هەڵمەت دەڵێت: «یەکشەممە شەممە دەکوژێت، دووشەممە یەکشەممە دەکوژێت، سێشەممە دووشەممە دەکوژێت، ...» ژیان پڕاوپڕە لەو جۆرە مردنانە و سێبەری مەرگ بە سەر ژیاندا لە ورد تا درشتەوە زاڵە و بە هەزار ڕەنگ و شێوە خۆی دەنوێنێت. وەکوو گۆران دەڵێت: «چاوی مەرگمان هەمیشە لێ زیتە».

ئەگەرچی گۆران پرسیار لە دوای مەرگ و نەمان دەکات؛ بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی دوای مردن ناکات و زۆر جار مردن بە کۆتایی ڕێگە و کۆتایی هەموو کارێک پێناسە دەکات و مەرگ بە شوێنی مەبەست واتا دەکاتەوە. بۆ نموونە دەڵێت: «گیان و لەش لە یەکدی جیا دەبنەوە؛ گیان دیار نییە چی بە سەردا دێت؛ بەڵام لەش لە قەبرێکدا وەکوو یادگار جێگە دەگرێت».

بۆچی زاین؟ کەی، چۆن ئەمرین؟
چیمان لێ دێ کە مردین؟

******************************************

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی مەرگ، لە چاوی شاعیرەوە، لەناکاوبوونی مەرگە؛ کاتێ بەرەورووی ئەم تایبەتمەندییە دەبینەوە، ئەم پرسیارە بە مێشکدا دێت کە ئەم لەناکاوبوونە بۆ ئەو کەسەیە کە دەمرێت یان ئەوانی دیکە کە ئاگاداری مەرگی ئەو کەسەن؟ یان بۆ هەردووکیان لەناکاوە؟ مەبەست ئەوەیە پێشبینی ناکرێت و لە کونترۆڵدا نییە و کەس ئاگای لێ نییە ئەم پرۆسەیە چۆن ڕوو دەدات و لەپڕدا مرۆڤ دەرفێنێت. لە شوێنێکی دیکەدا پەیوەندیی دەدات بە خودای شەڕەوە و بە دیاریی خودای شەڕ ناوی لێ دەبات. چونکە پێی وایە ئەم لەناکاوی و بێ-تاوانزانینە، لە لایەن سەرچاوەیەکی شەڕەوە دەتوانێ بێتە ئەنجام.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. مەرگ بە هۆکاری لەدەستدان و جیایی زانین. (گوڵی خوێناوی، ل ٤٨)

٢. مەرگ نووری چاوان دەستێنێت و دڵ دەمرێنێت. (سکاڵا، ل ٥٢)

٣. تەمەن و بەسەرچوونی سەردەمێک لە ژیان بە مەرگ ناو لێ‌بردن. (نیاز، لل ٦٤-٦٣)

٤. هەموو شتێک بە مەرگ دوایی دێت؛ مەرگ جوانی لە ناو دەبات. (کەنیشکە جوانەکە، ل ٨٢)

٥. مەرگ چاوەنواڕی دەکات. (مەدەنییەت، ل ٨٣)

٦. مەرگ داگیرکەری هەموو شتێکە. (هاوڕێم بێکەس، ل ٩٣)

٧. تەنیا یادێک لە دوای مەرگ دەمێنێتەوە؛ مەرگ لەناوبەری زەردەخەنە و جوانییە. (لە سەر مەرگی هیوا، ل ٩٧)

٨. مەرگ لەناکاو دێت و کابرا دەرفێنێت. (گوڵی کەمخایەن، ل ٩٨)

٩. بێدەسەڵاتی لە بەرانبەر مەرگدا. (شیوەنی گوڵاڵە، ل ٩٩)

١٠. کوشتنی بێتاوان لە لایەن خودای شەڕەوە. (دیاریی خوای شەڕ، ل ١٥٥)

١٠. مەرگ کۆتایی ڕێگەی ژیانە و کاتێ ڕێگاکە کۆتایی پێدێت و دەگەینە شوێنی مەبەست، ئیدی دەمرین. (بۆ هیوای کورم، ل ١٦٠)

***************************

## ٢. چەمکی مەرگ وەکوو لێکچوون یان خوازە

لە ئەدەبی کوردیدا زۆرن ئەو نموونانەی کە تیاندا چەمکی مەرگ بە هەندی بابەتی ترەوە چوێندراوە یان وەکوو خوازە ئاماژە پێکراوە. بەگشتی، چواندنی مەرگ بە هەندێ شتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بیرکردنەوە و ڕوانگەی شاعیر لە سەر ئەم چەمکە و خواستی پێناسەکردنی مەرگ بەو شتانەوە کە مەبەستیەتی لایەنێک یان تایبەتمەندییەک بخاتە بەر چاو و گرێیان بدات بە مەرگەوە. ئەم شێوە پێوەندیدانەش کە لە ژمارەی پێشوودا شرۆڤە کرا، وێڕای ئەوەی کە هونەرێکی شیعرییە و جوانکاریی تێدایە، گوتارێکی تایبەت بە شاعیرە و بیری لە پشتەوەیە و دەکرێ بە لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەم شێوە چواندنانە لە مەبەست و خواستی شاعیر تێبگەین و ڕۆبچینە ناو چینبەچینی هزری شاعیرەوە و دەستبکەین بە دۆزینەوەی ئەو پێوەندییانە و هۆکارەکانی چواندنی ئەو نموونانە؛ بۆ نموونە ڕابردوو کە کاتەکەی تێپەڕیوە و لە ئێستادا وەها کاتێک بوونی نییە، لای شاعیر بە مەرگ ناوی لێدەبرێت. دیارە ئەم چەمکە لای گۆران بەربڵاوتر لەوەیە کە مردن تەنیا بۆ گیانلەبەران بەکار بهێنێت و مەرگ گرێ بدات بە نەمانی ڕۆح و گیانەوە. دیارە ئەم شێوە چواندنەش زۆرتر باسی بوون و نەبوون

دەورووژێنێت و ئەوەی کە کۆتایی دێت یان بزر دەبێت و بە گشتی نامێنێت، بە مەرگ پێناسە دەکرێت. تەنانەت ئەم وێناکردنی مەرگە بۆ گیانلەبەر و بێ‌گیان، یەکێکە لە مۆرکە سەرەکییەکانی شاعیر لەمەڕ ئەم چەمکە؛ واتە تەنانەت یەک ئاکام و یەک ئەنجام بۆ هەردوو بابەتەکە لەبەرچاو دەگرێت و هەروا کە پێشتر شرۆڤە کرا، کاتێ باسی مەرگی مرۆڤیش دەکات، مەرگ بە کۆتایی و دواقۆناخ دەزانێت و ئەم لێکچوونە لە نێوان ئەم دوو نموونەدا باس لە یەکسانیی مەرگ دەکات لە نێوان گیانلەبەر و شتەکانی دیکەدا.

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە شاعیر چەمکی مەرگی تێدا تاقی کردووەتەوە، لایەنی سروشتە. چەندین نموونەی لەم بوارەدا بە مژاری شیعرەکەوە ئالاندووە، وەکوو پاییز، شەو، ڕزیوی، بێ‌دەنگی، نەبیستن، نەبینین، ڕەشی و تاریکی، نەبوونی هەوایەکی تازە، کزەبای مەرگ، سیس‌بوونی گوڵ، مەرگی گورگی و ... . یەکێ لە جیاوازییەکانی سروشت لەگەڵ مرۆڤ، لە بواری چەمکی مەرگدا، ئەوەیە کە لەبۆ سروشت مەرگی کۆتایی دیاری ناکات؛ ئەگەرچی ئەم سروشتە دیسان زیندوو دەبێتەوە؛ یان کاتێک دەڵێت شەو مەرگی جوانیی سروشت و دەشت‌ودەرە، لەوێدا مەرگ، تەنیا لەبەرچاوون‌بوونێکە کە بە هاتنی ڕووناکی دیسان زیندوو دەبێتەوە؛ بەڵام چواندنی ئەو بابەتە بە مردنەوە، دیسانەوە ئەو پێناسە جیاوازەمان لە چەمکی مەرگ وە بیر دێنێتەوە کە ون‌بوون و نەمان یەکێکی تر لەو واتایانەیە کە گۆران مەرگی پێ پێناسە کردووە. ئەم شێوە چواندنانە فرەواتایی و فرەڕەهەندیی مەرگمان بۆ دەردەخەن کەوا شاعیر بە چەندین شێوە و لایەنەوە بۆ ئەم چەمکە ڕوانیویەتی و لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە تیشکی خستووەتە سەر.

***************************

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. ڕابردوو وەکوو مردوو زانین. (خۆزگەم بە پار، ل ٥٠)

٢. مەرگ= کۆستی دڵ کەوتن. (بووکێکی ناکام، ل ٧٣)

٣. مەرگ= عەدەم. (شیوەنی گوڵاڵە، ل ٩٩)

٤. مەرگ= نووستن. (بۆ سالم، ل ١١٠)

٥. پاییز= مەرگی سروشت. (سەوزەگیای پاییز، ل ١٣٧)

٦. مەرگ= نیشتنی ئەستێرە. (بەسەرهاتی ئەستێرەیەک، ل ١٤٢)

٧. مەرگ= شەو (مەرگی جوانیی سروشت و دەشتودەر). (تازە؟، ل ١٤٥)

٨. مەرگ= بێهیوایی و ونبوون. (قالە مرد، ل ١٦٧)

٩. مەرگ= سیسبوونی گوڵ. (بۆ گوڵی لاولاو، ل ١٧٤)

١٠. مەرگی گورگی؛ مەرگ بە شەیتان چواندن. (١٤ی تەمووز، ل ٢١٤)

١١. مەرگ= بێئاگایی لە دوژمن، حەرامخواردن، دزی، کوێری، تەماع و بایی‌بوون. (شۆڕشگێڕ، ل ٢١٧- ٢١٨)

١٢. مەرگ= بە تێر نووستن. (ئاوابوونێک، ل ٢٥١)

١٣. مەرگ= بێدەنگی، بێجووڵەیی، نەبیستن، ڕەشی و تاریکی و نەبینین، نەگۆڕان، نەبوونی هەوایەکی تازە، ڕزیوی و بێزمانی؛ چواندنی نوێنەرێکی نەشیاو بە مردووەوە. (دەنگی مردوو، ل ٢٨٨)

*******************************

### ٣. پێناسە و وەسفی مەرگ

باسێکی دیکە لەم بوارەدا، لاواندنەوەی مردووە کە پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە. لە لاواندنەوەدا، ڕووی دەمی شاعیر لەو کەسەیە کە مردووە و چەشنێک لە دیالۆگ پێوەندییە لەگەڵ مردوودا. لەم شێوە پێوەندییەدا کەسی مردوو، بەردەنگی ئەم لاواندنەوەیە و وای دادەنێن کە گوێی لەم لاواندنەوەیە و لەگەڵی دەدوێن. ئایا مەبەستی گۆران لەم لاواندنەوەیە کە بۆ چەندین کەس دایناوە، تەنیا باری هونەری و شیعرییەکەیەتی یان لەم چەشنە شیعرەدا دەتوانین دەرگا بە سەر چەندین مژار و ڕوانگە و تێبینی و شێوەبیرکردنەوەدا بکەینەوە کە شاعیر هەوڵی داوە لە هەڵبەستەکانیدا بیگونجێنێت و بینوێنێتەوە. یەکێ لەم مژارانە کە لە لاواندنەوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، سکاڵا لە مردن و لە مەرگی بێوادە و لەناکاوە. بۆ نموونە لە شیعری *شیوەنی گوڵاڵە*دا سەرەتا بە وەسفی خۆشەویستی و نازداریی کچەکەیەوە دەست پێدەکات و دوایی باسی مردنی لەناکاوی ئەم کچەی دەکات و دەڵێت:

«ئەجەل داد! ئاسمان داد! عەرشی خوا داد!
حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا داد!»

لێرەدا سکاڵا دەباتە لای هەموو ئەو هێمانەگەلەی کە پێی وایە لە نێوان ژیان و مەرگدا دەوریان هەیە و لە هەموویان دەپرسێتەوە بۆچی وایان کردووە!؟ تەنانەت زەوی و خاک و قەبریش دەداتە بەر تانە و توانج و بە ناوی خاکی زاڵم هاواری لێدەکات و دەڵێت بۆ وات کرد؟ لە درێژەدا دەڵێت ئەگەر تۆش بێتاوانیت و ئەمەیان پێ ڕاسپاردووی و ناچاریت بە ئەنجامدانی، کێ ئەمەی پێت ڕاسپاردووە؟ هەرکەسێک بێت، ئایا ڕەوایە کە من بەم شێوەیە داخ ببینم و کەسەر هەڵبرێژم! لە کۆتاییدا دیسان دێتەوە سەر دواندنی کچەکەی و ئەم بێدەرەتانییە وەکوو ناچارییەک باس دەکات و چارەیەک نابینێت بێجگە لە قەبووڵکردنی و مانەوە لەگەڵ خەمی خۆیدا. گۆران بەم مژارانە بە شێوەیەک باسی مەرگ دێنێتە ناو شیعرەوە و لە چەند لایەنەوە شرۆڤەی دەکات. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەو مەرگەی کە ئەو هەموو هێزەی هەیە و دەسەڵاتی بە سەر هەموو شتێکدا و هەموو کەس و هەموو شتێک ناچار بە قەبووڵکردنیەتی، بە پێچەوانەوە دەڵێت کە هەندێ شت هەن کە مەرگ دەسەڵاتی بە سەریاندا نییە و هەر دەمێننەوە و نامرن. هەندێ بابەت وەکوو خۆشەویستی، چاکی، دروستی و گەورەیی، لە هەرێمی دەسەڵاتی مەرگ بەدوورن و هەر دەمێننەوە. یان ئەوانەی کە لە ڕێگای ئازادیدا هەوڵیان داوە و خۆیان بەخت کردووە، بە مردن کۆتایی بە چالاکی و خواستیان نایێت و ڕێگەیان هەر درێژەی هەیە. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت ئەگەر لە کاتی سەرهەڵدان و هەستاندا بنوێیت، وەکوو مردوو وایت. ئەو بێجووڵەیی و بێدەنگییەی لە خەودا هەیە بە مردن مانا دەکاتەوە. لێرەدا ئاماژەییێکیشە بەو ڕوانگە ئوستوورەیی‌یە کە خەویان نزیک بە مەرگ زانیوە و هاوشێوەیی‌یەکی زۆریان لە نێوان ئەم دووەدا دیوە. تەنانەت نوێنەرێکی بێ-دەنگیش کە داوای مافی خەڵک ناکات و بێدەنگە، بە مردوو دەزانێت.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. جوانییەکان من دەمرێنن. (بۆ جوانی سەرەڕێ، ل ٥٣)

٢. لە زمانی کچێکی مردووەوە قسەکردن و داخ و کەسەر هەڵڕشتن. (بەردەنووسێک، ل ١٦٥)

٣. مەرگ ناتوانێت دروستی و خۆشەویستبوون و گەورەیی و شیرینی و چاکی لە ناو ببات. (قالە مرد، ل ١٦٧)

٤. کاتی واش هەیە مرۆڤی زیندوو وەکوو مردوو وایە. (لە بەندیخانە، ل ١٧١)

٥. گیان و لەش لە یەک جیایە؛ گیان دیار نییە چی لێدێت و لەش وەکوو یادگار لە قەبرێکدا جێگە دەگرێت. (گیان، ل ١٧٨)

٦. هەوری ڕەشی مەرگ خۆشەویستەکانمان لێ دەشارێتەوە. (بۆ مایکڵ، ل ٢٠٤)

هەواڵەی کتێب

٧. دوورکەوتنەوە لە مردن، جێگای شادی و دڵخۆشییە و هیوا بە ژیانێکی دووبارەیە. (لە زیندانا چواردەی تەمووز، ل ٢٠٧)

٨. مەرگ ناتوانێت هەوڵ و تێکۆشانی شاعیر لە ڕێگای ئازادیدا لە ناو ببات. (یادی بێکەس، ل ٢٥٢)

٩. لە کاتی سەرهەڵدان و ئەنجامی کارێکدا، هەر کەسێک بنوێت دەمرێت. (بەری بەیانە، ل ٣٠٢)

*********************

**٤. مەرگ لە پێگەی بابەتێکی ئەرێنیدا**

ئەم بەشە لەگەڵ ئەو سێ بەشەکەی دیکەدا جیاوازیی هەیە و لەم بەشەدا ڕوانین بۆ مەرگ بە شێوەیەکی دیکەیە و واتایەکی دیکەی هەیە. چەمکی مەرگ لە سێ بەشەکەی دیکەدا کەموزۆر هاوشێوەی یەک بوون؛ بەڵام لەم بەشەدا، جیاوازە و بە شێوەیەکی ئەرێنی مەرگ پێناسە دەکات و واتایەکی جیاوازی پێ دەبەخشێت. گۆران مەرگ لە ژیانی ژێردەستەیی و بێئامانج بە سەرتر دەزانێت و باسی ئەوە دەکات کە مەرگ کۆتایی بەو هەموو ڕەنج و کوێرەوەرییانە دێنێت. لە ڕێگای نیشتماندا گیان بەختکردن سەرتر لە هەر جۆرە ژیانێک دەزانێت و پێشتریتی عەشق بە وڵات بە سەر هەموو عەشقەکانی دیکەدا بەم چەشنە شرۆڤە دەکات کە هەموو عەشقەکانی دیکە لە نێو عەشقی نیشتماندا جێگەیان دەبێتەوە و سەرپاکی ئەو عەشقانە دەگرێتە بەر.

بڵێ بە بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم،

نەڵی خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا

وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم:

کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا!

***********************

بە چەندین شێوە ئەم پێشتریتی و لەسەرتربوونی مەرگە لە بەرهەمەکانیدا دەگونجێنێت و مردن لە ڕێگای مرۆڤانەدا و ئازایانە مردن و لە ڕێگەی باوەڕ و ئامانجدا مردن بە بەرز و پیرۆز دەزانێت. تەنانەت باسی خۆکوشتن دێنێتە ئاراوە کە بۆخۆی باسێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە شرۆڤە و شیکردنەوەی زۆر هەیە و قسەی زۆر هەڵدەگرێت. لە شیعری ئەنجامی یاراندا، کە

بابەتێکی ئەویندارانەی هەیە، کەسایەتی برزوو کە ئیدی ئەو شێوە ژیانەی لە لا پەسەند نییە و بێ-سوودە و لە ئۆقرەیدا نییە، پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن و لەم ڕێگەوە خۆی لەو ژینە دەرباز دەکات و کۆتایی بەو دۆخە دێنێت. کاتێ هەواڵ بە مەنیج، مەعشووقەکەی برزوو، دەگات ئەویش بە هەمان شێوە هەمان کار دەکات و لەو شوێنەی کە پەیمانیان بەستووە، بە ئەنجامی ئەم کارە، بەوەفابوونەکەی دووپات دەکاتەوە؛ ئەم شێوە مەرگانە لە ناو شیعر و ئەدەبدا و تەنانەت لە واقیعی کۆمەڵگاشدا زۆر ڕووی داوە و لەم دۆخەدا مەرگ واتایەکی دیکەی هەیە و تاقە ڕێگایە بۆ ڕزگاری و خۆدەربازکردن لە ژیان. لە سەرجەم ئەم حاڵەتانەدا، مەرگ داڵدە و پەناگایەکە بۆ هەڵاتن لە ژیان؛ هەروەها ڕێگایەکە بۆ گۆڕانی ئەو شێوە ژیانە و ئەو دۆخە کە بە هۆیەوە ڕێگای مەرگی داوەتە بەر.

**************************

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. مردن و بەختکردنی ژیان لە پێناوی وڵاتدا؛ مەرگ دەربازبوونە لە ژێردەستەیی و دیلی و کۆتایی هەموو ڕەنج و کوێرەوەرییەکانی ژیان. لە ڕێگای نیشتماندا مردن، سەرتر لە ژیانێکی ئەویندارانەیە و عەشقی نیشتمان بە شێوەیەکی گشتگیر هەموو بابەتەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت و تێیدا جێی دەبێتەوە. (شەهید، ل ٢٠٠)

٢. مردن لە ڕێگایەکی مرۆڤانە و ئازایانە مردن و لە ڕێگای ئامانجدا مردن. (بەستەی نەبەز، ل ٢٠٢)

٣. خۆکوشتن و دەربازبوون لە ژیانی بێعەشق و بێئەوین. یان بە سەرفەرازیژیان، یان خۆبەکوشتدان. (ئەنجامی یاران، ل ٢٦٠

## سەرچاوە:

گۆران، عەبدوڵا. *دیوانی گۆران*. تاران: بڵاوکراوەی پانیز، ١٣٨٥.

هەواڵنامەی کتێب

# مەولەوی



دڵنیا گەوهەری‌نژاد

## ١. نیشانەکانی مەرگ و لەناوچوون و لەناکاوبوونی مەرگ

دوورخستنەوە یان لەناوبردن یەکێک لە خەسڵەتە ڕاشکاوەکانی مەرگە و هەموومان مەرگ بە لەناوچوون دەزانین و پێناسەشمان لە سەری ئەوەیە کە مەرگ لەناوچوون یا کۆتایی‌هاتن بە ژیانی مرۆڤە. هەروەها مەرگ تەنیا بۆ مرۆڤ بە کار نابرێت، ڕەنگە وشەیەک بێت کە پێناسەی سیاسەت یان ئایین دەکات؛ بۆ وێنە ئەڵێین ڕۆژێک دێت کە مەرگی ئەمپریالیسم دادێت یان زوڵم و ستەم لە ناو دەچێت. لێرەدا مەبەست ئەو مەرگەی نییە کە لە ئاییندا بۆ مرۆڤ بڕیار دراوە، مەبەست ئەوەیە کە زوڵم یان ئەمپریالیسم لە ناو دەچێت و کۆتایی پێ‌دێت و ئاماژە بە یەکێ لە خەسڵەتەکانی مەرگ دەکات و بە جێگەی وشەی نەمان لە وشەی مەرگ کەڵکی وەرگرتووە. چونکە مەرگ خۆی دەتوانێت هۆکاری لەناوچوونی شتێک بێت کە چەمکی مەرگ بۆ ئەو بابەتانە بەکار نابرێت.

بۆچی بە کەسێک کە لە سەردەمی لاوەتیدا دەمرێت وشەی بەناکام‌مردن یان ناوادەمردن بە کار ئەبەن؟ بۆچی بۆ پیر وشەی ناکام یان جوانەمەرگ بە کار نابەن؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە پیر دۆستی مەرگە و تەمەنی بردۆتە سەر و لە مردن نزیکە و ئاوات و ئامانجەکانی کەم‌تازۆرێک بەدی هاتوون؛ بەڵام لاو لە سەرەتای ژیاندایە و بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی ئاواتەکانی پێویستی بە ژیان هەیە و کاتێ کە لە سەردەمی لاوەتیدا کۆچی دوایی ئەکات، ژیانی کۆتایی پێ‌دێت و لەگەڵ مردنی خۆیدا ئاوات و ئامانجەکانیشی ڕوو لە نەمان دەکات و کۆتاییان پێ‌دێت. بە واتایەکی تر مردن زەمەنی بوون دەوەستێنێت و ئەو کاتەی کە دەمرین کاتیش لەگەڵمان دەمرێت؛ بۆیە ئەو کەسەی لە خۆشییەکانی ژیان چێژی وەرنەگرتووە

هەواڵنامەی کتێب

و ئاواتەکانی بەدی نەهاتوون ئەگەر دەستی لە دنیا کۆتا ببێتەوە و دەسەڵاتی بە سەر دنیادا نەمێنێت؛ ئەڵێن بە ناکامی ڕۆشت. مردنی لەناکاو یانی ئەو مردنەی کە کەس چاوەڕوانیی ناکات و خۆشیهێنەر نییە.

مەرگ ڕۆیشتنێکی هەتاهەتاییە و سەفەرێکە بۆ دنیایەکی نادیار کە کەس تا ئێستا ئەزموونی نەکردووە تاکوو بزانێت کە دوای مەرگ بۆ کوێ دەڕۆین یان تەنانەت دنیایەکی دیکەش بوونی هەیە یان هەرچی هەیە تەنها ئەم دنیایەیە و کاتێ کە ئەمرین هەموو شتێک تەواو ئەبێت و ژیان کۆتایی پێ دێت؟ لە زۆربەی ئایینەکاندا لە سەر ئەو باوەڕەن کە مرۆڤ لە دوای مردن ژیانێکی دیکە دەست پێدەکات و لە سەر ئەو باوەڕەن کە پاش مردن جەهەننەم و بەهەشت هەن. لە ڕابردوودا لە برێ لە ئایینەکاندا لەگەڵ مردووەکە خۆراک و جلوبەرگیان دائەنا و لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە دوای مەرگ مرۆڤ ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات و ئەم شتانە بۆ ژیانی دوارۆژی بەکەڵک دێن. هەروەها لە شینگێڕییەکاندا ژنان بۆ لاواندنەوەکانیان وشەی "ڕۆ" بە کار ئەبەن وەک: "باوکەڕۆ" یان "ڕۆڵەڕۆ". ڕۆیشتنەوە لە ڕەگەزی "ڕۆ" هاتووە واتە "ئەو کوڕە جوانەم لێ ڕۆیشت". لە نێوان مەرگ و ڕۆیشتندا پەیوەندییەکی ئێجگار زۆر هەیە و ڕۆیشتن یەکێ لە خەسڵەتەکانی مەرگە، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ لەم دنیایە ئەڕوات، لە ژیانی ئێستا و هەروەها خۆشەویستەکانی دوور ئەبێتەوە و هەر بەم بۆنەوە کاتێ کە باسی مەرگی کەسێک ئەکەین دەستەوشەی کۆچی دوایی بەکار ئەبەین.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. مەبەست لە مردنی مەینەت ئەو مەرگەی نییە کە بۆ مرۆڤ بیری لێئەکەینەوە؛ لێرەدا مەبەست نەمان و لەناوچوونی مەینەتە. (ئاماوە وەهار، ل ٦٧)

٢. مەرگ ڕۆیشتنێکی ئەبەدییە؛ هەر بەو بۆنەوە شاعیر لە جیاتی مەرگ ڕۆیشتن بەکار ئەبات. (باعیسی وجود، ل ٩٥)

٣. لای شاعیر وادیارە کە ژیان ماوەیەکی دیاریکراوی هەیە. کەسێک کە بە لاوی بڕوات وەکوو ئەوەیە کە بە نیوەچڵ ژیابێت و مەرگ بە ناکاو بەرۆکی گرتووە. (پزیسکەی چەخماخ، ل ١٣١؛ سەرداری زومڕەی، ل ٣٢٢)

٤. یەکێ لە نیشانەکانی پیری چەمینەوەی لەشە و پیری خۆی یەکێ لە نیشانەکانی مەرگە کە نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ بەرەو مەرگ ئەڕوات. (پێشانیم، ل ١٣٦)

٥. مەرگ کۆچکردنێکی ئەبەدییە و هەروەها دوایین کۆچی مرۆڤە بۆ دنیایەکی نادیار. (پێشانیم، ل ١٣٩)

٦. هەر شتێک لەم دنیا فەلسەفەیێکی هەیە و فەلسەفەی چەمینەوە لە پیریدا ئەوەیە کە

ئاگادارت ئەکاتەوە کە کاتی ڕۆیشتنە و ئەبێ خۆت بۆ مەرگ تەیار بکەیت. (تەئسیری خەیاڵ، ل ١٥٩)

٧. ناوادە مردن، واتە ئێستە کاتی مەرگی نەبووە و زوو ئەم دنیایەی بەجێ هێشتووە و زۆرتر بۆ کەسێک بە کاری ئەبەن کە لە سەردەمی لاوەتیدا کۆچی کردووە. (لوای بینایی، ل ٤١٨)

٨. وشەی فەوت زۆرتر لە باسی مەرگدا بە کار ئەبرێ و مەبەست لەناوبردن یان لەناوچوونە. (نەتیجەی پاکان، ل ٤٨٠)

٩. پیری کە هات خۆی نیشانەی نەمان و لەناوچوونە و نیشانەی کۆتاییهاتن بە ژیان و بەرەو مەرگ ڕۆیشتنە؛ ئەبێ لە دنیای هەست و هەبووندا بەرەو دنیای نەمان بڕۆین. (وادەی سفیدی، ل ٥٠٨؛ وەی من دیارەن، ل ٥٢٩)

١٠. مرۆڤ کاتێ کە ئەمرێت هەموو ئەو شتانەی کە لەم دنیا بەدەستی هێناوە بەجێ ئەهێڵێت، تەنها شتێک کە مرۆڤ لەم دنیایەدا لەگەڵ خۆی ئەیبات ئەو کردەوە و کردارانەیە کە لەم دنیا وەکوو توێشە بۆ خۆی کۆی کردووەتەوە. (هەرچیت دابوو پێم، ل ٥٨٨)

١١. تووناوتوون لێرەدا مەبەستی مەرگە؛ واتە هەموو دۆستانی مردن و تەفروتوونا کەوتن. (وەی من پەی سەفای، ل ٥٣١؛ یاران بەرشییەن، ل ٥٩٥)

١٢. "لوا" بە واتای ڕۆیشتنە و شاعیر کاتێ کە ئەیەوێت باسی مەرگ بکات لە وشەی لوا بۆ مەرگ کەڵک وەرئەگرێت. (نەی گەهوارەی، ل ٤٧٧)

١٣. ئەو کەسەی کە خودا بیبەخشێت سەختیی مەرگ بۆی ڕاحەت ئەبێتەوە و لە ئازاری سەرەمەرگ نەجاتی ئەبێت. (باعیسی وجود، ل ٩٥)

١٤. کەسێک کە لەم دنیا تاوانبار بێت لە پاش مردن لە حوزووری خودا شەرمەسار ئەبێت و بە ئاگری دۆزەخ سزا ئەدرێت. (پێشانیم، ل ١٣٨)

١٥. تەنیا خودا چاوی لە کردە خراپەکانمانە، ئەگەر خودا بەزەیی بە بەندەکانی نەیێت و چاو لە گوناهەکانمان نەپۆشێ، لە ڕۆژی مەحشەردا خەجاڵەتباری حوزووری خودا و بەندە ئەبین. (تەئسیری خەیاڵ، ل ١٦٠)

١٦. ڕەحمەتی خوا شاملّی حاڵی هەرکەس بێت، لە شەڕی عەزابی جەهەننەم نەجاتی ئەبێت. (فەلەک، ل ٣٨٣)

١٧. کەسێک کە ئەهلی دۆزەخ بێت، زۆرتر لەم دنیایە ئەژیت و نامرێت. (وە خیلافەوەن، ل ٥٠٧)

**٢. ناچاری لە بەرانبەر مەرگ و؛ بە ئاکامی هەموو شتێک زانین**

مەرگ بڕواپێکراوە و لە سەر ڕێگەی هەمووماندایە؛ بەڵام کاتەکەی و چۆنیەتییەکەی

نادیارە. ڕەنگە یەکێ زووتر، یەکێ درەنگتر یان یەکێ لە شەڕدا و یەکێ لە خەودا و... بە شێوەیەک کۆتایی بە ژیانی بێت؛ بەڵام لە ئاکامدا هەموومان ڕۆژێک لەم دنیا کۆچ دەکەین، ئەم ڕێگایە لە بەرپێی هەموومانداپە، وەکوو ئەو پەندە فارسییە بەناوبانگەی کە ئەڵێت: "ئەمە وشترێکە کە لە بەر دەرگای هەموو کەسێک ئەخەوێت" و بۆ مەرگ بە کاری ئەبەن واتە مەرگ بۆ هەموو کەسێک دێت و ئەبێ خۆی ئامادە بکات و کاتێ کە بێت زانا و نەزان یان گەدا و دەوڵەمەندی بۆ نییە و هەموویان لە ئامێز دەگرێت و ئەیانبات.

هەر مرۆڤ یان گیانلەبەرێک کاتێ کە لە دایک ئەبن مەرگەکەشیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و ئەیهێنن بۆ ئەم دنیا و بەدنیاهاتن خۆی نیشانەی مەرگە؛ وەک چۆن لە فەلسەفەدا هەموو شتێک هۆکارێکی هەیە، دنیایش هۆکارێکە بۆ مەرگ. مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی بە سەر ئەم چارەنووسەی خۆیدا نییە. مەرگ شتێکە کە لە هەموو ئایینێکدا بڕوایان پێی هەیە و بۆ مرۆڤ بڕیار دراوە و هەموومان لە لای خواوە هاتووین و گەڕانەوەمان بۆ لای ئەوە و ئاماژەیە بەو ئایەتەی قورئان "انا الیه راجعون". ئەم دنیا وەکوو کاروانسەرایەک وایە کە مرۆڤەکان لەوێ وەکوو گەشتیار وان و بۆ ماوەیەک لەوێ ئەمێننەوە و پاشان بەجێی ئەهێڵن و خۆیان ڕادەستی مەرگ ئەکەن و دەرئەنجامی سەفەری ئەم دنیایە مەرگە و ئەبێ ڕۆژێک ئەم دنیای فانییە بەجێ بهێڵین و بەرەو دنیایەکی باقی و ئەبەدی بڕۆین. کەچی مرۆڤ مەرگی پێ ناخۆشە و بە چاوێکی تاڵ و نالەبار چاوی لێئەکات، لەحاڵێکدا مەرگ دیاردەی لوتفی خوایە و برێ جار لوتفی خوا لە مەرگی مرۆڤەکاندا خۆی دیاری ئەدات و ڕەنگە زیانێکی لابردبێت و گەیاندبێتی بە سوودی گشتی.

تا کاتێ کە مرۆڤ لەم دنیایەدا ئەژی بەردەوام تووشی گەلێ کارەساتی نالەبار دەبێت کە خۆشییەکانی ژیانی لێ تفتوتاڵ دەکات. بۆیە کاتێ کە تووشی ڕەنج و مەینەت ئەبێت پەنا بۆ مردن ئەبات لە بەر ئەوەی کە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە مەرگ دەتوانێت مرۆڤ لەو دەرد و مەینەتەی کە تووشی هاتووە ڕزگار بکات و تەنیا ئەوە کە بە تیماری برینەکانی دەزانێت. مرۆڤ کاتێ کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئاواتەخوازی مەرگی خۆی ئەکا بۆ ئەوەیە پێیوایە کە مەرگ لەو دەرد و خەمانەی ئازاری ئەدەن ڕزگاری دەکات؛ بۆیە کاتێ کەسێک ئەمرێت ئەڵێین: "خۆزگەم بە خۆی مرد و نەجاتی بوو". ئەو کەسەی کە زیندووە ئەسیری ئەم دنیایەیە.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. هەر گیانلەبەرێک ئەمانەتی خوایە و هەرکات کە ئیرادە بکات ئەیباتەوە. واتە هەموومان لە لای خواوە هاتووین و لە ئاکامدا ئەگەڕێینەوە بۆ لای خوا. (ئای کێ بی هەواڵ، ل ٦٤)

٢. مردن مرۆڤ ڕزگار دەکات لە هەمووی ئەو شتانەی کە لەم دنیادا ئازاری ئەدەن. (ئیمشەو هەمدیسان، ل ٧٣)

٣. مرۆڤ ئەبێ بەپێی ئەمر و نەهیی خوا بجووڵێتەوە و تەنیا مەرگ دەتوانێت دەربازی بکات. (ئێمە گشت فانی، ل ٨١)

٤. ئەو کەسەی کە ئاواتەخوازی مەرگی خۆیەتی تەنیا ئەیەوێت کە لە دەرد و مەینەتی ئەم دنیایە نەجاتی بێت. (ئارەزووی ئامای مەرگی وێت کەردەن، ل ٨٦)

٥. مەرگ هەمووی ئەو دەرد و مەینەتانەی دنیا لە ناو ئەبات. (بێ شەرت و شۆنیت، ل ١١٠)

٦. کەسێک کە خواناس بێت دەزانێت کە مەرگ یەکێکە لە حیکمەتەکانی خوا و ڕەنگە زیانێکی بچووک بگەیەنێت بۆ سوودی گشتی. (پای شادیم، ل ١٢٥)

٧. مردن چاکترە لە دووری یار؛ واتە ئازاری مەرگ لە بەردەم ئازاری دووری هیچ نییە. (پەژارەت شادیم، ل ١٣٩)

٨. دەرد و ڕەنجی زۆر ئەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە ژیان قەڵس بێت و ئاواتەخوازی مەرگی خۆی بێت، هەتاکوو لەو دەرد و ئازارەی کە لە ناخیدایە ڕزگار ببێت. (تەختەی مۆبەت تاش، ل ١٥٨؛ خەمە فرسەتێ، ل ٢٣٣؛ گۆشەی ئاتەشخان، ل ٤٠٧)

٩. مەرگ بۆ هەموو کەسێک دێت و خۆی ئامادە ئەکات. (تەختەی مۆبەت تاش، ل ١٥٨)

١٠. ئەو کەسەی کە مردووە، لە دەرد و مەینەت ڕزگار بووە. (تۆ نەی کۆچەدا، ل ١٦٤)

١١. شەهید نەمرە و بۆ ئەوانەی کە بە پلە و پایەی شەهادەت ئەگەن بەهەشت بڕیار دراوە. (تۆ نەی کۆچەدا، ل ١٦٤)

١٢. مەرگ لە هەر شتێک نزیکترە بە ئێمەوە. (خاڵۆی مەنزڵچی، ل ٢٢٩)

١٣. مەرگ کە بێت هەموو کەسێک لەگەڵ خۆی ئەبات؛ چ زانا بێت چ نەزان، چ گەدا بێت یا دەوڵەمەند. (دڵەی دڵ، ل ٢٤٤)

١٤. ڕەنگە لوتفی خوا لە مەرگدا خۆی نیشان بدات. واتە مەرگ یەکێکە لە نیشانەکانی لوتفی خوا. (دڵەی دڵ، ل ٢٤٤)

١٥. ئەوەی کە بمانەوێ بە مەرگ ڕزگارمان ببێت لە دەرد و مەینەت، خەیاڵێکی خاوە و تەنانەت مەرگیش ناتوانێ لە ژیانی پڕ دەردی ئێستامان ڕزگارمان بکات. (دڵ تەم کردەوە، ل ٢٤٦)

١٦. مەرگ بۆ هەموو مرۆڤێک هەیە و ئەمڕۆ بێت یان سبەینێ سەرئەنجامی هەر مەرگە. (دووریت دیارەن، ل ٢٧١)

١٦. مەرگ سەرترە لە ژیان و ژیان لەبۆی قورس و نالەبارە. (دڵەی خەم خەیاڵ، ل ٢٧٩)

١٧. ئەم دنیایە فانییە و هەمووومان ڕۆژێک بەجێی ئەهێڵین و دەبێ خۆمان بدەینە دەستی مەرگ. (ڕیازەت کێشان، ل ٣٠٧؛ زووسانەن، ل ٣١٨)

١٨. هەموو ڕۆژێکمان کە تێئەپەڕێ لە مەرگ نزیک ئەبینەوە. (ساقی ئاوەردە، ل ٣٣٢)

١٩. هاتنە دنیا نیشانەی مەرگە و ئەم دنیا خۆی هۆکارێکە بۆ مەرگ. (سەد پەریم، ل ٣٣٨)

٢٠. مەرگ مرۆڤەکان بە دیلی ئەبات و بۆ هەتاهەتایە ئیتر ناگەڕێتەوە. ئەم دنیا وەکوو بازاڕ وایە کە شتی فانی لە مرۆڤ ئەستێنێتەوە و دنیایەکی ئەبەدی پێ‌ئەدات. (شوورای عاشووران، ل ٣٦٨)

٢١. هەموو مرۆڤێک لە لای خواوە هاتووە و ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ لای خوا. (فەلەک، ل ٣٨٢)

٢٢. ئەو کەسەی کە لەم دنیایەدا تووشی دەرد و مەینەت ئەبێت تەنانەت مەرگیش ناتوانێ لەو ئازارە نەجاتی بدات. (گۆشەی ئاتەشخان، ل ٤٠٧)

٢٣. مەرگ بۆ هەموو کەسێک دێت و ڕۆژێکیش سەرەی ئێمە ئەکەوێ. (نامەکەت پەی چێش، ل ٤٥٣؛ نەهات و نەهات، ل٤٧٢)

٢٤. هەموو ڕۆیشتن و ئەو کەسە کە زیندووە لە قافڵە بەجێ ماوە. (وادەی سفیدی، ل ٥٠٨)

٢٥. کەسێ کە لەم دنیا دەرد و مەینەتی زۆر ئەچێژێت ژیانی خۆی لە بیر ئەباتەوە و خۆی بۆ مەرگ ئامادە ئەکات. (وادەی سەفەرەن، ل ٥١٦)

٢٦. کەسێک کە ئەمرێت لە دەرد و مەینەت نەجاتی ئەبێت؛ کەچی مەرگیش ناتوانێ مرۆڤ لە دەرد و مەینەت ڕزگار بکات. (های شەماڵ، ل ٥٥٢)

٢٧. هەموو شتێک کە لەم دنیایەدا هەن ئەمرن و کەس نازانێ بۆچی هاتووە و بۆ کوێ ئەڕوات. (هەرچی دیت وە چەم، ل ٥٨٧)

### ٣. ئەو شتانەی کە مەرگ پێیانەوە چوێندراوە

خەوتن و مردن پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە؛ زۆرکات لە جیاتی وشەی مەرگ، وشەی خەو بە کار ئەبەن و هۆکارەکەی ئەوەیە کە مردن و خەوتن لە زۆربەیەک لە تایبەتمەندییەکاندا پێکەوە هاوبەشن، خەو وەکوو مردن وایە، مردنێکی چرکەئاسا کە ڕۆح بۆ ماوەیێکی کورت پشوو ئەدات و ئەحەسێتەوە. هەستەکان بۆ چەند ساتێک ئەمرن، بەڵام ئەمە شتێکی ئاساییە و هەموو ڕۆژێک ڕوو ئەدات و مرۆڤەکان دیسان زیندوو ئەبنەوە و ژیان ئەبەنە سەر؛ کەچی مەرگ خەونێکی ئەبەدییە و کۆتاییهاتن بە هەموو شتێکە، هەستەکان بۆ هەتاهەتایە ئەمرن و مەرگ تەنها بۆ جارێک ڕوو ئەدات و ئیدی دووپات نابێتەوە و دوای مردن

ئیتر گەڕانەوەیەک لە کاردا نییە. ئەو کاتە کە مرۆڤەکان ئەمرن لەگەڵ مەرگی خۆیان هەموو شتێکیان ئەمرێت و کۆتایی پێ‌دێت. وەک چۆن مرۆڤ ناتوانێ کە نەخەوێت هەرواش ناتوانێ کە نەمرێت و مەرگ و خەون ئەگەرێکن کە بوونیان هەیە و لە کاتی خۆیدا ڕوو دەدەن. هۆکاری ئەوەی کە لە برێ شوێندا مەرگیان بە خەو شوبهاندووە نیشاندانی تایبەتمەندییە هاوبەشەکان لە نێوان خەون و مەرگدایە.

لە کوردیدا کاتێ کە باسی مردنی کەسێک ئەکرێت؛ ئەوترێت کۆچی دوایی کرد یان چوو بۆ سەفەری کۆتایی. تەنانەت خەڵکی ئاساییش مەرگ بە سەفەرکردن و کۆچکردن دادەنێن. مەرگ بە کۆچکردن شوبهێندراوە و لە ئایینیشدا لە باسی مەرگدا ئاماژە بە توێشووی سەفەر کراوە کە مەبەست کردەوەی چاکەیە. هەروەک چۆن مرۆڤ کاتێ کە بۆ سەفەر ئەڕوات ئەبێ لەگەڵ خۆی توێشوو -ئەو شتانەی کە لە درێژەی سەفەرەکەدا پێویستیی پێی هەیە- ببات، هەرواش ئەبێ تا ئەو کاتەی کە لەم دنیایەدا ئەژی توێشووی دوایین کۆچی خۆی کۆ بکاتەوە چونکە پێویستیی پێی هەیە؛ چون بەبێ بردنی توێشوو ئەو سەفەرە بۆی دژوار ئەبێتەوە.

باخ لە کاتی بەهاردا زۆر جوان و سەرسەوزە، کەچی کاتێ کە زستان دێ بەهار لە ناو ئەچێت و ئەمرێت، ژیانیش وەکوو باخێکی زۆر جوان وایە کە بە هاتنی مەرگ گەڵاکانی هەڵدەوەرێت و کۆتایی پێ‌دێت. شاعیر لە نێو شیعرەکانیدا ئەم تەشبیهەی بەکار بردووە کە ژیانی بە باخێکی سەرسەوز شوبهاندووە و مەرگیشی بە خەزان داناوە کە بە هاتنی مەرگ گەڵای عومری مرۆڤ هەڵدەوەرێت و ژیانی کۆتایی پێ‌دێت.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. "وادەی خاو نییەن" واتە ئێستە کاتی مەرگت نییە. (لوای بینایی، ل ٤١٦)

٢. مەرگ دوایین کۆچی مرۆڤە و هەموو کەسێک ئاکامی مەرگە و ڕۆژێک نۆرەی ئێمەش ئەگات. (پیشانیم، ل ١٣٩)

٣. گەڵای ژیان بە هۆی هاتنی مەرگ هەڵوەریوە و کۆتایی پێ‌هاتووە. (ماتەمی وەهار، ل ٤٢٨)

٤. هەرچی کە لەم دنیادایە لە حاڵی سەفەرکردندایە، مەبەست ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا لەم دنیایەدا ئەیانبینین ڕۆژێک ئەمرن و لە ناو ئەچن. (هەرچی دیت وە چەم، ل ٥٨٧)

### ٤. ئەو وتە باوانەی کە لە نێو خەڵکدا هەن

مردن بۆ کەسێک یان خۆقوربانکردن لە لایەن کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەو واتایە بە کار ئەڕوات کە خۆزگە بمردمایە و بەو جۆرە تۆم نەدیبایە، یان خۆزگە ئەمردم و تۆم لەو حاڵ و

ڕۆژەدا نەئەدی؛ واتە ئازاری مەرگم پێ خۆشتر بوو تاکوو ئەوەی کە تۆم بەم جۆرە بدیایە، وەک چۆن دوو کەس کە یەکیان زۆر خۆش ئەویت کاتێ کە بۆ یارەکەی شتێک ڕوو ئەدات ئەڵێت: بمرم بۆت، یان کاش بمردایام تۆم لەم حاڵەدا نەدیبایە؛ واتە ئەوەندە خۆشی ئەویت کە هیواخوازە ئەو ئازارە بەر ئەو کەوتایە تاکوو یارەکەی و ئەوەندە یار بە لایەوە شیرینە کە هەمیشە ئامادەی ئەوەیە خۆی بە قوربانی بکات. کەسێ کە بە ڕاحەتی خۆی بە قوربانی کەسێک ئەکات ژیان زۆر بە لایەوە بێبەهایە کە بەئاسانی حازرە گیانی خۆی بدات لە پێناوی یارەکەیدا.

مردن هۆکاری لەناوچوون و لەبیرچوونەوەیە؛ ئەو کاتەی کە مرۆڤ ئەمرێت لەگەڵ خۆشی هەموو شتێک ئەمرێت و تەواو ئەبێت و هەموو شتێک ئیتر لە بیر ئەچێتەوە. کەسێک کە ئەیەوێت وەفای خۆی بە یارەکەی پیشان بدات و پێی بسەلمێنێت کە لە سەر گفت و بەڵێنی ڕاوستاوە، ئەڵێت کە تا مردن لە بیرت ناکەم، لە بەر ئەوەی کە دوای مردن هەموو شتێک لە بیر ئەکرێت و مەرگ هۆکاری ئەم لەبیربردنەوەیە. مەبەست لەم قسانە ئەوەیە کە پیشان بدات من بەوەفام و خۆشەویستی تۆ وەها لە بیرگەی مندا خۆی جێ کردووەتەوە کە تا ئەو کاتەی ئەمرم لە بیرت ناکەم. برێ جار زۆر هووشەکاری لەم قسەیەدا بەدی دەکرێت، بۆ ئەوەی کە زۆرتر وەفاداری خۆیان بە یار پیشان بدەن ئەوترێت کە تا قیامەت لە بیرت ناکەم؛ کەچی بەپێی ئەو شتەی کە لە قورئاندا هاتووە دوای مەرگ هەموو شتێک فەرامۆش ئەکرێت و تەنانەت لە قیامەتدا دایک، منداڵەکەی خۆی ناناسێتەوە. ئەم وتەیە لە بەرانبەر کاری چاکەشدا بە کار ئەبرێت؛ واتە ئەو چاکەیە کە لەگەڵت کردووم تا ئەو کاتەی ئەمرم لە بیری ناکەم، واتە ئەو کارە چاکە یان خۆشەویستییە ئەوەندە لە سەر ژیانم کاریگەری هەبووە کە تا ئەو کاتەی کە دەمرم ناتوانم لە بیر خۆمی بەرمەوە.

دیدار وە قیامەت کەوتن، کە لە نێو خەڵکدا باوە و بە کاری ئەبەن، زۆرجار لە لایەن دوو کەسەوە بە کار ئەڕوات کە زۆر لە یەک دوورن و ئەم دوورکەوتنەوە ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئیتر یەک نەبیننەوە؛ بۆیە مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر ئەم دوورییە کۆتایی پێنەهات و ئیتر نەمدیتییەوە، لە قیامەتدا ئەتبینمەوە کە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ باوەڕی خەڵک سەبارەت بە قیامەت. شتێک کە لە نێو خەڵکدا بەزۆری باسی لێ ئەکرێت و زۆر باوە، سوێند بە مردووەکانە یان سوێند بە مەرگی کەسێکە. وەک چۆن مردن لە ئەفسانەدا پیرۆز کراوە و کاتێ کەسێک ئازیزێکی لە دەست ئەدات مەرگی ئەو کەسە زۆر بەلایەوە بایەخدار ئەبێت؛ کەچی ئایینی ئیسلام ئەم شتە بە کوفر دادەنێت. کەسێک کە سوێند بە مەرگی ئازیزێک ئەخوات؛ مەبەستی ئەوەیە کە مەرگی ئەو کەسە ئەوەندە بۆم گرینگە کە لە گفت و بەڵێنەکانمدا لافی تێدا نییە و هەمووی ڕاستن، یان برێ جار بۆ ئەوەی کە بە

قسەی بکەن یان گوێڕایەڵی قسەکانی بکەن، سوێندیان ئەدەن بە مەرگی خۆشەویستەکانیان.

بڕێ جار کاتێ کە شتێکمان پێ ناخۆشە یان ڕووبەڕووی شتێکی دژوار ئەبینەوە، ئەڵێین کە سەد جار مردم و زیندوو بوومەوە یان هەر ساتێکم وەکوو سەد مەرگ وایە. ئایا مرۆڤ ئەتوانێ لە ساتێکدا سەد جار بمرێت؟ لەڕاستیدا ئەمە درکە(کینایە)یە بۆ ڕەنج و دژواری، واتە ئەوەندە ئەو شتە بە لامەوە سەخت و دژوارە کە ئازاری ئەو دەردە بەرابەرە لەگەڵ ئازاری سەد مەرگ. مرۆڤ مەرگ بە شتێکی ئازاراوی دادەنێت کەچی کەس تا ئێستا مەرگی ئەزموون نەکردووە کە نیشان بدات مەرگ لەڕاستیدا ئازاراوییە یان ئازارەکە ئەکەوێتە ئەو دیوی مردنەوە. بەڵام مرۆڤ بەردەوام مەرگ بە شتێکی ئازاراوی دادەنێت بۆیە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام ئەڵێت: مردم یان هەر ساتێکم وەکوو سەد مەرگ وایە، ئەم قسەیە درکەیە لەوەی کە مەرگ لە هەمبەر ئەو دەرد و مەینەتە یان ئەو خەم و خەفەتەی من کەمە و مەرگ تەنیا بۆ مردوو نییە بەڵکوو مرۆڤ ئەتوانێ زیندوو بێت بەڵام ژیانی ئەوەندە تاڵ و ناڵەبار بێت کە ئەو ژیانە وەکوو مەرگ وابێت.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. بمرم بۆت، کاتێ کەسێک کەسێکی تری خۆش ئەوێت ئەگەر تووشی ئێش و ئازارێک ببێت ئەڵێت بمرم بۆت؛ واتە ژیانی خۆی لە لای ئەو خۆشەویستە زۆر بێبەها ئەبینێت. (دڵ تەم کەردەوە، ل ٢٤٦؛ دەلیلی وادەی، ل ٢٧٣)

٢. ئەگەر دووری کۆتایی پێنەهات و لەم دنیا چاومان بە یەکتر نەکەوتەوە، لە دنیایەکی دیکەدا یان لە قیامەتدا ئەتوانین یەکتر ببینینەوە. (ئازیز دیارەن، ل ٣٧)

٣. شاعیر ئەڵێت کە لەم دنیا تا ئەوکاتەی ئەمرم خۆشی یان دڵخۆشبوون لەگەڵمدا دوژمنن. ئەمە لە بەر ئەوەیە کە پێی وایە دوای مردن هەموو شتێک کۆتایی پێدێت. (ئیمشەو دیارەن، ل ٥٢)

٤. مرۆڤ تا کاتی مەردەن لە سەر بەڵێنی خۆی ڕادەوەستێت، لەبەر ئەوەی کە دوای مردن هەموو شتێک لە بیر ئەچێتەوە. (شەماڵ دارانەن، ل ٣٥٧)

٥. "تا قیامەت هەر تۆم لە دڵە" واتە ئەوەندە وەفادارم کە تا کاتی قیامەت هەر لە دڵما ئەمێنیتەوە و لە بیرت ناکەم. (قیبلەم تۆم نە دڵ، ل ٣٨٦)

٦. دوای مەرگ هەموو شتێک لە بیر ئەچێتەوە یان کەس مەرگی ئەزموون نەکردووە کە ئاگامان لێی بیت کە بارودۆخی پاش مردن چلۆنە، بۆیە ئەوترێت کە تا ئەو کاتەی ئەمرم هەر تۆ خۆشەویستی منی. (قیبلەم کەردنی، ل ٣٩٢؛ نامەی عەنبەربۆت، ل ٤٨٥)

هەواڵنامەی کتێب

٧. شاعیر ئاماژە بەوە ئەکات کە ئەگەر کەسێک وەفای هەبێت، ئەبێ لە پێناوی خۆشەویستەکەیدا بمرێت. (وە خیلافەوەن، ل ٥٠٥)

٨. هەرچەند دوای مردن ئیتر ناتوانین ئەو مردووە ببینین و دیدار بە قیامەت ئەکەوین؛ بەڵام زیندووەکان هیچ کات مردووەکان لە بیر نابەنەوە. (لوای بینایی، ل ٤١٤)

٩. سوێندخواردن بە مەرگی دۆستەکەی بۆ ئەوە پیشان بدات مەرگی دۆستەکەی ئەوەندە بە لایەوە گرینگە کە بۆتە سوێندی سەختی. (ئەمجار سەختتەرەن، ل ٣٩؛ ئەنیسی خەیاڵ، ل ٤٨؛ ئازیز! وە مەرگت، ل ٨٣؛ دەلیلی وادەی، ل ٢٧٣)

١٠. سوێندخواردن بە مەرگی کەسێک بۆ سەلماندنی وەفاداری بەو. (جەرگت لەتلەت بۆ، ل ١٧٦)

١١. مەولەوی لە سەردەمی کوێربوونیدا لەگەڵ دۆستێکی دەردەدڵ ئەکات و باسی کوێربوونی خۆی بۆ ئەکات و ئەڵێ کە بینیی تۆ کەوتە ئەو دنیا و ئیتر ناتوانم لەم دنیا بتبینم. (بینایی دیدەم، ل ٩٦)

١٢. دوای مردن مردوو لای زیندووەکان زۆر پیرۆز ئەبێت، ئەوەندە کە سوێند بە مەرگی مردوو ئەخۆن. (دووریت دیارەن، ل ٢٧١)

١٣. کاتێ کە شاعیر باسی بارودۆخی ژیانی خۆی ئەکات بۆ دۆستەکەی، بە مەرگی ئەو سوێند ئەخوات؛ واتە قەسەم بە مەرگت کە ئەوەندە بۆم گرینگە ژیانم تاڵ و نالەبارە. (شەریکی ناڵەی، ل. ٣٧٠؛ فەریادم وە تۆن، ل ٣٨٠)

١٤. شاعیر بۆ ئەوەی کە ڕاستیی قسەکەی بە دۆستەکەی بسەلمێنێ بە مەرگی ئەو سوێند ئەخوات. (کزەی چزەی، ل ٤٠١)

١٥. مردن تەنیا ساتێکە؛ بەڵام دووریی یار ئەوەندە لە لای تاڵ و گرانە کە هەر ساتێکی وەکوو سەد مەرگ وایە. (پەژارەت شادیم، ل ١٤٠)

١٦. دەردی دووری بەگشتی ئەوەندە تاڵ و نالەبارە کە هەر ساتێکی وەکوو مەرگ وایە. (قیبلەم تۆم نە دڵ، ل ٣٨٦)

١٧. مرۆڤ ئەتوانێت کە بە سەر زیندوو بێت بەڵام لەڕاستیدا وەکوو مردوو بێت. (قیبلەم تۆم نە دڵ، ل ٣٨٧)

### سەرچاوە:

تاوەگۆزی، سەیدعەبدولڕەحیم. *دیوانی مەولەوی. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس*. سنە: بڵاوگەی کوردستان، ١٣٨٩.

# هەردی



جەبار ئەمیا

**١. بەکاربردنی داستان و چیرۆکە کۆنەکان**

داستانەکان و چیرۆکەکان هەمیشە و لە هەموو نەتەوەیەکدا هەبوون و چ بە شێوەی زارەکی و چ بەشێوەی نووسراو ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاویان لە فێرکاری و بارهێنان و ... دا هەبووە. لەو نێوەدا چیرۆکە عاشقانە ئێرانییەکان ناوبانگێکی جیهانییان هەیە و کاراکتێرەکانی ئەو چیرۆکانە وەکوو ئوستوورەگەلێکی عیشق و خۆشەویستی دەناسرێن. بەڵام خۆشەویستیش وەکوو هەر شتێکی دیکە کە هەیە کۆتاییەکی بۆ هەیە و تەواو دەبێ، جا ئەو تەواوبوونە یان بەو شێوەیە دەبێ کە عیشق و خۆشەیستی لەناو دەچێ و هەستێکی دیکە جێی ئەو دەگرێ، یان ئەوەی ئەو کەسانەی کە ڕۆڵگێری ئەو خۆشەویستییەن بۆخۆیان نەبوون قەبووڵ دەکەن و دەمرن؛ هەر بۆیەش بە ڕای هەندێک لە شاعیرانی ئێرانی هەر بستێک لەو خۆڵ و خاکەی کە ئێمە لە سەری عیشقبازی و خۆشەویستی دەکەین لەپێشدا دەم و کوڵمی هەزاران ئوستوورەی خۆشەویستی بووە.

١. باسی ئوستوورەکانی خۆشەویستی ئەدەبی کوردی و بەسەرهاتیان. (شیعری دیدەپەری، ل ٥١)

٢. ئاماژە بە چیرۆکی لەیلی و مەجنوون و باسی مردنیان. (شیعری دیدەپەری، ل ٥٢)

**٢. کاریگەرییەکانی مردن**

هەر لە سەرەتاوە دەکرێ بڵێین کە ئەو بابەتە کە باسی دەکرێ دەکرا بە دوو بەش دابەش بکرێ، بەڵام لەبەر نزیکیی زۆر و هاوشێوەبوونیان لە بن یەک دەستەمان خستن. ئاوات و ئارەزووەکانی ئینسانی بەشێکی جیانەکردەنی لە ژیانی مرۆڤن و تەنانەت دەتوانین بڵێین کە هەر ئەو ئاواتانەن مرۆڤ بۆ ژیان بەرەو پێشبردن هاندەدەن و دەبنە هۆی ئەوەی کە هەر سەختی و چەرمەسەرییەکی بکرێتەوە تا ئارەزووەکانی بەدی بێنێ. جا ئەو ئاواتانە ئەتوانن لە شتێکی مادی یان مەعنەوی یان عاشقانە یان ...دا خولاسە ببنەوە کە پەیوەندی بە زۆر هۆکاری دیکەوە هەیە کە ئینسان چی بخوازێ و چی ئارەزوو بکا.

هەروەکوو وتمان ئاواتەکان دەتوانن هاندەرێک بن بۆ ژین، کەواتە بەڕاحەتیش دەتوانین بڵێین کە

بەراوەردەنەبوونیان و نەگەیشتن بەو ئاواتانە ناکامی و تاڵییەکی زۆر بۆ ئینسان بە ئاکام دێنێ. مرۆڤەکان هەندێ کات هێندە بە ئاواتەکانیان وابەستە و دڵبەستە دەبن کە تەنانەت گیانی پێ ئەبەخشن و وەکوو بوونەوەرێک و شتێکی زیندوو چاوی لێ دەکەن و لەگەڵی هەڵسوکەوت دەکەن و تا جێیەک دەڕۆنە پێش کە هەندێک بابەت کە ببێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە ئاواتەکە وەکوو پێغەمبەرێکی مەرگ یان خود وەکوو مەرگ دەبینن؛ هەڵبەت نەک بۆخۆیان، بەڵکوو بۆ ئەو مەوجوودە زیندووەی کە خۆیان سازیان کردووە. کەوابوو کە ئاواتەکەیان مرد بۆی داخدار دەبن و تاسە و پرسەی بۆ دەگرن و لەوانەشە ئەو ڕووداوە ئەوەندە کاریگەری هەبێ کە ببێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان بۆ ڕزگاربوون لەو خەمە تەنانەت خۆشیان لەناو بەرن. لە درێژەی مێژوودا زۆر کەس هەبوون کە هەوڵی زۆریان داوە تا ناویان لە یادەکاندا بمێنێتەوە و لە بیر نەچن و هەندێک کەس هەبوون کە تەنانەت تا ئەو جێیەش پێش چوون کە مێژوویان گۆڕیوە تا ناوێ لە خۆیان بهێڵنەوە. بە پێچەوانەی ئەوەش هەبوون کەسانێک کە هەرچەندیش کار و کردەوەی زۆر مەزنیان هەبووە، بەڵام هیچ عەلاقەیەکیان بە مانەوەی ناوی خۆیان نەبووە و هیچ هەوڵێکیشیان بۆ ئەو شتە نەداوە. ئەو بابەتە زۆر لە گەورەپیاوانی نیشتمانپەروەر و مرۆڤگەلێکدا زیاتر دەبینرێ کە ئامانجیان تەنیا خزمەت بە مرۆڤایەتی بووە.

بەڵام ئێستاکە وەرن و ئەو بابەتە لە دیدێکی دیکەوە چاو لێ بکەین، لە دیدی عاشقانە. زۆر کەس لەوانەیە تەجروبە و ئەزموونی عیشقێکی شکستخواردوو و بەئاکامنەگەیشتووی هەبێ، بەڵام ئەو شتە کاتێک لە شاعیرێک ڕوو دەدات برێک جیاواز دەبێ و جاری وا هەیە کە ئەو شکستە ئەوەندە گیان و شاخ و باڵ دەگرێ کە ئێمەی خوێندەواری شیعریش کە لەوانەیە ئەزموونی وامان هەبووبێ هی خۆمان بە شتێکی پەست و بێئەرزشت دەزانین. یادی کەسێک لە مێشکی شاعیردا دەتوانێ ببێتە بوونەوەرێک کە بیهەوێ بیکوژێ و غەرقی کا و بیخنکێنێ کە بە واتای ئەوەیە کە نەبوونی بۆ دەخوازێ و لەگەڵ چەمکی مەرگ ڕووبەڕوو دەبینەوە. بیرەوەرییەکان و یادەکان -چ خۆش و چ ناخۆش- بەشێک لە ژیانی تاکەتاکەی مرۆڤەکانن کە هەندێ جار ئەوەندە دەبنە هۆی ئازار و تاڵی کە تەنانەت لە سەر ژیانی ئێستا و حاڵیش کاریگەری دادەنێن. کەوابوو باشترین ڕێگا بۆ ڕزگاری لەوانە ئەوەیە کە وەکوو شاعیرەکان سەرەتا ژیانیان پێ ببەخشین و دوایی بیانکوژین. جاری وایە جەللادبوون هەستێکی خۆشمان دەداتێ.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. ناکامی لە ژیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ناکامییە بمرێنین. (شۆڕشی نائومێدی، ل ٥٦)

٢. بیرەوەرییەک و یادێک گیانی دەدرێتێ و دەکوژرێ. (شۆڕشی نائومێدی، ل ٥٦)

٣. هەندێک ڕووداو وەکوو جیایی هۆگەلێکن بۆ مردن و نەمان. (شۆڕشی نائومێدی، ل ٥٧)

٤. مردنی ئاواتەکان وەکوو کەسێکی زیندوو کە دەمرێ دەبێتە هۆی خەم و نارەحەتی. (ڕازی تەنیایی، ل ٧٩)

٥. مردن دەتوانێ تەنانەت وەکوو شەوێک بێ کە ئاوات و ئومێدە ڕوونەکان دەکوژێنێتەوە. (ڕازی تەنیایی، ل ٧٩)

### ٣. گیانبەخشین لە پێناو گەیشتن بە خۆشەویست

مانا و واتای ڕاستەقینەی ژیان چییە ؟ لەوانەیە تا ئێستای مرۆڤ گرینگترین پرسیار بووبێ. کاتێک چاو لە فەرهەنگی وشە دەکەین بۆ واتای ژین و ژیان چاومان بە دژی مردن و مەرگ دەکەوێ کە نووسراوە؛ بەڵام ئەگەر وایە بۆچی لە سەرەتای مێژووەوە مرۆڤەکان حازر بوون بێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکیان هەبێ گیانی خۆیان بۆ کەسێک بەخت بکەن و بدەن؟ یانی ئایا خۆشەویستی و عیشق بایەخی لە زیندووبوون و ژیان بەسەربردن سەرترە؟ بەڵام کاتێک ئەو پرسیارە دەکەین دیسان لەگەڵ پرسیارێکی جیددیتر ڕووبەڕوو دەبینەوە کە بەڕاستی خۆشەویستی چییە؟ ئایا هەر ئەو گۆڕانی هۆرموونانەی ئینسانییە یان شتێکی سەرووی ئەوە؟ وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە لێکۆڵینەوەیەکی بە درێژایی مێژووی دەوێ. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە کاتێک چاو لە ئەدەبیات دەکەین هەمیشە بووە کە عاشقەکان هەویستوویانە گیانی خۆیان بۆ مەعشووقیان بەخت بکەن. یانی ئێمە ئەگەر لە چاوی ئەو شاعیرانەوە چاو لە عیشق بکەین دەبینین کە پلە و جێگای زۆر سەرترە لە ژیان؛

بەڵام دیسان ئەو گیاندانە لە پێناوی خۆشەویستی دەکرێ بە دوو بەش دابەش بکرێ: هەندێ جار وا هەیە کە مەعشووق وەڵام ناداتەوە بەو خۆبەخشینە و هەر هیچیش پێ نازانێ، یان بە واتایەکی دروستتر بمانەوێ باس بکەین گیانی عاشق لەخۆڕایی دەڕوا و کاتی وا هەیە بۆ سەلماندنی ئەو خۆشەویستییە گیان دەبەخشرێ و وەڵامێکیش لە لایان خۆشەویستەوە دەدرێ کە پێش گیاندان دەگیرێ یان ئەگەریش درا وەفادارییەکی هەتاهەتایی بەدواوەیە.

### نموونەکانی ئەم بەشە:

١. مردن کاتێک کە هاوڕێ لەگەڵ خۆشی دڵ بێ تاڵ نییە. (تانگۆی کوردی، ل ٥٤)

٢. ژین فیداکردن لە پێناو گەیشتن بە خۆشەویست و مەحبووب شیرینە. (چەپکەگوڵێک بۆ «ست فاتمە»، ل ٦٨)

### ٤. کەڵکوەرگرتن لە هێمانە سروشتییەکان بۆ باسکردن لە مردن

گۆرانییەکی فۆلکلۆر دەڵێ: دنیا دەوراندەورانە، لەوانەیە ئەگەر بمانەوێ باس لە گۆڕانکارییەکانی دنیا و تاسەرنەمانی شتێکی بکەین، ئەو ڕستەیە بە سادەترین شێوە دەتوانێ مەبەستەکەمان بسەلمێنێ. هەمووومان لەوانەیە کاتێک بمانەوێ لە جوانیی کەسێک تەعریف بکەین بڵێین کە وەکوو گوڵ جوانی؛ بەڵام پاشگرێکیشی بۆ دێنین و دەڵێین کە عومرت وەکوو گوڵ کورت نەبێ، یانی لە یەک کاتدا کە بابەتێکی ئەرێنی لە گوڵدا باس دەکەین بابەتێکی نەرێنیشی بۆ دێنین. بەڵام هەمووی ئەو پێشەکییانە بۆ چی بوون؟ تەنیا بۆ ئەوەی کە بڵێین هەموو شتێک هەرچەندیش لە هەموو بوارێکدا تاک و تەنیا بێ و وێنەی دیکەی نەبێ، تەواوبوون و نەمانێکی بەدواوەیە کە زۆربەی شاعیران و

نووسەران لەو مەفهوومە کەڵکیان وەرگرتووە و زۆربەی وێنە شیعرییەکانی خۆیان لە سروشت یان لە دەسکردەکانی مرۆڤ بۆ وێنە دارێک یان کۆشکێک هێناوەتەوە. بەڵام هەندێ کات شاعیر و نووسەر تەنیا ئامانجی لە هێنانەوەی ئەو شتانە پیاهەڵگوتن نەبووە، بەڵکوو جاری وا هەبووە ئامانجی ئاگادارییەک بۆ بەردەنگەکان و خوێنەرەکانی بووە تا زۆر دڵخۆش نەبن بەوەی کە ئێستا هەیانە، چون هەرچی کە هەیە ئاکامەکەی مەرگە.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. ئاگادارکردنەوە لە مەرگ و کەڵک‌وەرگرتن لە گوڵ بۆ تەشبیهی ئەو بە ژیان. (ئەی دیدە پەری، ل ٥١)

٢. دان‌پیانان بەو ڕاستییە کە هەموو شتێک تەواوبوون و مردنیان هەیە. (ئەی دیدە پەری،ل ٥١)

٣. هاوتا نەبوون لە ژیانیشدا ناتوانێ بەر بە مردن بگرێ. (ئەی دیدە پەری، ل ٥٢)

**٥. مەرگ وەکوو ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون**

کەس بڕیار بە خۆکوشتن نادا، خۆکوشتن لەگەڵ هەندێک کەسدایە و لە چارەنووسیاندایە، ناتوانن لێی هەڵێن. لەوانەیە زۆربەی ئێمە ئەو ڕستەیەمان بیستبێ کە (سادق هیدایەت نووسەری مەزنی ئێرانی کوتوویەتی و لەوانەشە زۆربەمان لامان دروست بێ؛ بەڵام بەڕاستی بۆچی کەسانێک ئەو کارە دەکەن کاتێک دەزانن کە هەموو ئایین و مەزهەبێک ئەو کردەوەی بە گوناحێکی گەورە دەزانن یان -ئەگەر لە بواری مەزهەبیش چاوی لێ نەکەین- کاتێک دەزانن کە لە کومەڵگاشدا بە دیدێکی نەرێنی چاوی لێ ئەکرێ؟ لە بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسییەوە گرینگترین هۆکار بۆ خۆکشتن نائومێدی دەزانرێ، جا ئەو ئەو نائومێدییە لە عیشق بێ یان لە بواری ئابووری یان شتێکی تر بێ، جیاوازییەکی زۆری نییە؛ چون لە کۆتایی هەموویاندا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئاکامەکەی بگات بە خۆلەناوبردن. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش خۆکوشتن هەموو کاتێک بواری ناحەز و نەرێنی نەبووە. جاری وایە دەبینین لە مێژووی هەندێک وڵاتدا کردارێک بووە بۆ دەربڕینی ئێعترازێک یان قەبووڵنەکردنی سەرشۆڕییەک کە لە نمێنەکی ئەو فەرهەنگانە دەتوانین بە ساموورِاییەکانی ژاپۆن ئاماژە بکەین. کە وابوو کاتێک شاعیر باس لە خۆکوشتن دەکا نابێ بە دیدێکی تەواو نەرێنی چاوی لێ بکەین؛ شایەدیش مەبەستی لەو باسە چەشنێک ئیعتراز بووبێ کە لێرەدا و لەم لێکۆڵینەوەی ئێمەدا بەتایبەتی بۆنێکی عاشقانەی لێ دێ.

**نموونەی ئەم بەشە:**

١. خۆکوشتن ڕێگایەک بۆ هەڵاتن لە نارەحەتی و ڕزگاری لە ژیان. (ل ٩٠)

**٦. پیاهەڵکوتن بەسەر عەزیزانی مردوودا**

شین‌گێری و پیاهەڵکوتن مێژوویەکی درێژی لە ئەدەبی ئێرانیدا هەیە بەڵام شین‌گێری بە چ واتایەکە؟ بە «پیاهەڵکوتن» بە مردوو و عەزیزی لەدەس‌چوو شین‌گێری دەوترێ کە لە ئەدەب و ئایینزای شیعە زۆرتر بۆ ئیمامان و گەورەپیاوانی

ئایینی و مەزهەبی بەکار هاتووە. بەڵام وێڕای هەمووی ئەوانە دیسان پرسیارێک دێتە پێشێ کە بۆچی بە سەر مردووەکاندا هەڵدەڵێن؟ لە فەرهەنگ و ئیعتقادی ئیسلامیدا باوەڕ بەو شتە هەیە کە مردن دەرگایەکە بۆ چوونە ژیانێکی تر یان بە تەعبیری پێغەمبەری ئیسلام مردن و مەرگ هەستانێکە لە خەوی دنیایی؛ هەر بۆیەش مرۆڤی مردوو وەکوو کەسێکی هوشیار و ئاگا لە بەر چاو دەگرن کە تەواوی ئەو قسانەی بۆی دەوترێ دەبیستێ و حاڵی دەبێ. جگە لەوەش لە بواری دەروونناسییەوە هاوخەمیدەربڕین و هاودڵیکردن لەگەڵ کەسێک کە تازە خۆشەویستێکی لە دەس داوە دەتوانێ جۆرێک ئارامش و گیرسانەوەی دەروونی و ڕۆحی بەدی بێنێ. هەر لەبەر ئەو هۆیانەش ئێمە لە ئەدەبیاتدا شاعیر و نووسەرانێکی زۆر دەبینین کە نووسراویان بۆ کەسانی لەدەسچوو هەیە. شایەد وا باشترە بڵێین کە ئەوان بەو نووسراوانەی خۆیان ویستوویانە ئێمەی خوێنەریش لە خەم و پەژارەی کەسی مردوودا بە هاوبەش و هاوخەم دابنێن و بە ئێمە بڵێن کە بە نەمانی ئەو چ گەورەپیاوێکمان لە دەس داوە و مردن هەندێک کات چەندە بێڕەحمانە و چەندە لەنەکاو عەزیزانمان لێ دەستێنێ.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. چواندنی ژیان بە شتی سروشتی و لەناوچوونی ئەوان لەنەکاوی. (ل ٩٠)

٢. چواندنی ژیان بە کۆشکێک کە مردن دەیڕووخێنێت. (ل ٩٠)

٣. ناکامی لە ژین و ناکامی لە مردن هۆی خەمی دووهێندەیە. (ل ٩١)

**سەرچاوە:**

١. هەردی، ئەحمەد. *ڕازی تەنیایی*. چاپی سێهەم. سەقز: بڵاوگەی محەمەدی، ١٩٩١.

# شامی



ئێلناز مەلەکی

**١. بڕوا ئەرێنییەکان سەبارەت بە مەرگ**

بیر و بڕوای هەرکەس سەبارەت بە مەرگ جیاوازە، هەندێک کەس بۆچوونیان وایە کە مەرگ شتێکی ناخۆش و دڵتەزێنە، بەتایبەت ئەگەر مەرگی ئازیزێک بێت؛ چون مەرگ کۆتاییهێنەری هەموو شتێک لەم جیهانەدایە. بەڵام هەندێکی تر بۆچوونیان وا نییە و مەرگ وەکوو شتێکی خۆش و بە ئامانجی دەزانن. ئامانجی مەرگ بۆ ئەو کەسانەی کە لە پێناوی سەربەرزیی نیشتمانیان خەبات دەکەن، جێگای شانازییە و شتێکی خۆشە. بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژیانی ئەم دنیایە ئەوەندە بێزارن کە هەموو کاتێک هیوای مەرگی خۆیان لە خوا دەخوازن؛ ڕەنگە هۆکارەکانی ئەم بڕوایە زۆر بێت، بەڵام یەکێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کە ڕەنگە هەمووومان لە نێو کۆمەڵگا و لە دەوروبەری خۆمان دیبێتمان هەژاری و بەدبەختی و ناخۆشیی ژیان بێت. ژیانی سەخت و ئاڵۆز تا ئەو ڕادە ناخۆشە کە ئیتر مرۆڤ توانا و هێزی بۆ مانەوە نامێنێ و هیچ ئامانج و ئارەزوویەکی نییە بۆ مانەوە لە ژیان جگە لە مەرگ...

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. کاتێ کە مرۆڤ ئومێد و هیوای لە ژیاندا نەبێ ئەو ژیانە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مردن نییە و مەرگ خۆشترە و ڕزگاربوونە. (ل ١۴)

٢. هەندێک جار ژیان ئەوەندە سەخت و بێمانایە کە مرۆڤ ئومێدی نییە لە ژیاندا بمێنێتەوە و هیوای مەرگی خۆی دەخوازێ. (ل ١٧)

٣. ژیان هەندێک جار ئەوەندە سەختە کە تەنانەت یەک چرکەش زۆرە بۆ ژیان و زووتر مردن زۆر خۆشترە. (ل ١٨)

٤. مردن بۆ مرۆڤ وەکوو ڕاحەتی و خۆشی و پشوودانێکە و ئاواتی هەموو کەس لە کاتی تەنگانەدا تەنیا مەرگە. (ل ٢٠)

٥. ژیانی سەخت و بێ‌کەسی و نەداری ئەوەندە ناخۆشە کە مرۆڤ ئیتر توانای مانەوەی لە ژیاندا نامێنێت و لەو کاتەدا مەرگ زۆر خۆشە. (ل ٤٧)

٦. کاتێ کە ڕۆحی مرۆڤ تووشی ناخۆشی ئەبێت جەستەشی هەروەها نەخۆشە و لەو کاتەدا هیوای ئەوەیە کە ڕۆحی لە جەستەی جیا ببێتەوە و بمرێ. (ل ٤٨)

٧. مرۆڤ تەنیا کاتێ حەزی لە ژیانە کە دڵی خۆش بێت، بەڵام کاتێ بەدبەختی ڕووی تێ‌دەکات تەنیا مەرگە کە بۆی خۆشە. (ل ٥٣)

## ٢. دەرکەوتەکانی مەرگ لە سروشتدا

بەڕاستی ئەگەر جوان تێفکرین، مەرگ تەنیا تایبەت بە مرۆڤ نییە؛ بەڵکوو لە هەموو شتێکدا مەرگ هەیە و هیچ شتێک لە دنیادا هەتاهەتایی نییە و تەنیا شێوازی ئەم مەرگە جیاوازە، دەنا واتای مەرگ لە هەموو شتێکدا نەمانە. کاتێ سەیری سروشت دەکەین بەجوانی ئەبینین کە تەنانەت مەرگ لە سروشتیشدا هەیە و ڕوو دەدات و زۆر لە شاعیرانی ئێمە بەجوانی باسی ئەکەن. بۆ نموونە کاتێ کە گوڵێک یان گەڵای دارێک هەڵدەوەرێ، ئەوان بە مەرگ ناوی دەبەن و ئەو هەڵوەرین و لەناوچوونی جوانییە بە مەرگ دەزانن و شوبهاندنێک لە نێوان مەرگ و هەڵوەریندا ساز دەکەن. لە نێو وەرزەکانی ساڵیشدا هەموو شاعیران پاییز بە مەرگی سروشت ناو دەبەن؛ چونکە تایبەتمەندی سەرەکی وەرزی پاییز هەڵوەرین و ڕەنگ‌زەردیی سروشتە کە بەجوانی مەرگی سروشت دەردەخا، یان کاتێ کە دارێک بەر دەدات و ئەو بەرهەمەی دەچننەوە جیایی بەرهەمەکە لە دارەکە بە مەرگ ناو دەبرێت.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. لە سروشتیشدا-سەرەڕای هەموو شکۆ و جوانییەک- وەکوو ژیانی مرۆڤ نەمان و مردن هەیە. (ل ٥٤)

٢. لەم دنیادا مرۆڤ یان هەر شتێکی تر ڕۆژێ نامێنێت و سەردەمی تەواو ئەبێت. (ل ٥٥)

٣. لە سروشتیشدا مەرگ هەیە و پاییز وەکوو مەرگی سروشت دەزانن. لە کاتی مەرگی سروشتدا ئەو شکۆ و جوانیەی ڕۆژەکانی یەکەم نامێنێت. (ل ٥٦)

## ٣. کاریگەرییەکانی مەرگ لە سەر ژیان

مرۆڤ لە ژیانیدا دەسەڵاتی بە سەر زۆر شتدا هەیە و زۆر لە کارەکانی بە مەیل و ئیرادەی خۆی ئەنجام دەدات؛ بەڵام مەرگ لە دەستی خۆیدا نییە و تەنانەت نازانێت کە لە چ کاتێکدا و بە چ شێوەیەک دەمرێ، بەڵام دڵنیایە کە ڕۆژێک

هەواڵنامەی کتێب

دەمرێت و ئەم دنیایە بەجێ دەهێڵێت. ژیانی ئەم دنیایە هەتاهەتایی نییە و کۆتایی ژیانی هەموو کەس فەنا و نەمانە.

١. عاقیبەتی هەرکەسێک مردنە و ئەمە لە ڕێگەی هەمووکەسێکدایە. (ل ١١)

٢. ئەم دنیایە هەتاهەتایی نییە و بە هیچ کەس وەفا ناکات. (ل ٣٢)

٣. دووری و جیایی ئەوەندە ئاستەمە کە شاعیر پێیوایە هۆی مردنە و جگە لەو ئیتر ترسی لە مەرگ نییە. (ل ٦١)

٤. ئەم دنیایە ئەوەندە بێوەفایە کە زۆر کەس بەبێ گەیشتن بە هیواکانیان دەمرن. (ل ٦٢)

٥. مرۆڤ چ چاک بێت، چ خراپ؛ چ جوان بێت، چە ناحەز؛ عاقیبەتی هەر مردن و نەمانە. (ل ٧٣)

٦. کاتێ کە مرۆڤ ئەیەوێت بەڵێنی ڕاستەقینە بە کەسێ بدات دەڵێ تا ڕۆژی مەرگم؛ چۆنکوو مەرگ کۆتایی هەموو شتێکە. (ل ٨١)

**سەرچاوە:**

موشتاق، شاموراد (شامی کرماشانی). چەپکەگوڵ. *کۆکردنەوەی هەژار*. چاپی شەشەم. تاران: بڵاوگەی سرووش، ١٣٧٠.

هەوالنامەی کتێب

# حەریق



سومەیە کەریمی

### ١. نەترسان لە مەرگ و گەیشتن بە ئاواتەکان لە پاش مەرگدا

لێرادا شاعێر زۆر نەترسانە باسی مەرگ دەکات و هیچ باکێکی لە مەرگ نییە چونکە وا بڕیاردراوە پاش مردنی بە هەندێک لە ئاواتەکانی بگات بۆیە زۆر دڵخۆشانە ،نەترسانە باسی مردنی خۆی دەکات هەروەها شاعێر بە جۆرێکی فەلسەفی باسی مردن دەکات وەکوو ئەوەی کە ئەرەستوو دەڵێ من لە مردن ناترسم چونکە نازانم مردن چییە و چۆنە کەواتە ترسی ناوێت.لێراشدا حەریق هیچ ترسێکی نییە و زۆریش دڵ خۆشتر،بێ باک ترە لە ئەرەستوو چون ئەو هەر نەیدەزانی پاش مەرگ خۆشە یانە بەڵام ئەم بەوە دڵخۆشە کە پاش مەرگ بە ئاواتەکانی دەگات.

بوێری لە بەرابەر مردندا. (تاوی گریان، ل.١١٠)

مردن و نەمان کۆتایی بە هەندێک لە شتەکان ناهێنێت.(کەوای غەزال، ل.١١٦)

چاوەڕوانی مەرگ لە پێناو بەدەست هێنانی خۆشەویستدا. (فرمێسکی نەدامەت، ل.١١٩)

### ٢. باوەڕە باو و ئایینیەکان لەسەرمەرگ

لەم بەشەدا باوەڕی بە مردن هەیە دەڵێت؛کۆتایی ژیان هەر مەرگە .شتەکانی ئەم جیهانە هەموو بە هەناسەیێک بەنن کە هەمان کۆتایی ژیانە تەواو دەبێت و هەروەها بە شێوەمەراسم گەڵێکی تایبەت بە ئایینەکانی هەر ناوچەیێک و ڕێو ڕەسمی مردن و ناشتن بە شیوەن و لاوانەوە و خۆڕنین و لەخۆدان ،قوڕبەسەرخۆکردن بە ڕێوە دەچێت و ئەو شتانەش کە لەپاش مردووەکە دەمێنێت وەک میراتی بە نزیکەکانی دەگات.

کاتێک کەسێک مرد هەموو دارایی ،میراتەکەی دەگات بە نزیکەکانی (باوەر بە مەڕاسم گەلی بەڕێوەچونی مەبییێت) (گەنجی فکر، ل.١٢٤)

چاوەڕوانی مەرگ لە پێناو بەدەست هێنانی دیتنی یار(فرمێسکی نەدامەت، ل.١١٩)

### ٣. هێماکانی مەرگ لەنێو سرووشتدا

زۆر بەجوانی باسی مردن دەکا لە ناو سرووشتدا. وەکوو باسی نەورۆز، ژیان گەشانەوە دەکا و لەو بەریشدا باسی مردن،کۆتایی و مەحەڕڕەم دەکا. هێماکانی مەرگ لە سرووشتدا زۆرە وەک کاتێک دەڵێن ئەو گوڵە ژاکاوە یانی ژیانی تەواو بووە مردووە. گوڵی گوڵشەن: نەورۆز کە هێمای ژیان گەشانەوەیە ،بەپێچەوانەی مانگی نەورۆز مانگی مەحەڕڕەم دێنێت کە هێمای نەمان و فەوتانە.

### ۴. ئەو بابەتانە وا بە مەرگ چوێندراوە

زۆر بە ڕاشکاوی و جوانی مەرگ تەشبیە دەکات بە شتگەلی ماددی و جیهانی باسی مردن دەکا و دەیکا بە چەتەیێک کە لە ناکاو پەیدا دەبێت هەموو شتێکی لێ دەستێنێت و کۆتایی بە ژیان دێنێت وەک چۆن باوە نێو خەڵک دەڵێن: کە ئەجەل هات گەڕانەوەی نییە پێش مردنی ماوەییێکی زۆر کەم ئەم هەڵبەستە دەڵێت ترسناک نیشاندانی مەرگ وەک ئەوەی لە پرِدا بەرۆکت پێ دەگرێت و کۆتاییت پێ دەهێنێت.

### ۵. لە ئامێزگرتنی مەرگ لە پێناو خۆشەویستدا

لێرادا مەرگ کە لای هەموو کەس بە شتێکی ناخۆش، تاریک ناسراوە و هەموو بە ناوی مەرگ دەکەونە بیری تاریکی،کۆتایی ژیان شاعێر پاش هەموو ئەوانەش کە دەیزانی حازرە هەمووی قەبووڵ بکا تەنها بە یارەکەی بگات تا ئاستێک چووە کە هیچی بۆ گرینگ نییە تەواو ژیان و هەست و نیستی لەو کەسەی وا؛خۆشی دەوێت خولاسەکردووەتەوە.

مەسنەوییەکان ،پیرەکەی بورهان: پێشکەش کردنی گیان لە پێناو بەدەست هێنانی یار و بەخشینی گیان لە پێناو یەک نیگادا.

چاوەڕوانی مەرگ لە پێناو بەدەست هێنان و دیتنی یار (فرمێسکی نەدامەت، ل.١١٩ بەیتی یەکەم)

ژیان لە پێناو خۆشەویستیدا شتێکی ئاسایی و بێ نرخە. (باغی خەیاڵ، ل.١٤٣ بەیتی یەکەم)

مەرگ کۆتایی ژیانە و سەرترین و پڕ بایەخترین شتە کە لە پێناوی هەر کارێک یان هەر شتێک دەتوانی بیدەی ڕازی عەشق، ل.١٢٨)

### ۶. مەرگ وەک کۆتایی هەموو شتێک

کاتێک کەناوی مەرگ دێت یانی تەواو بوون و خاپوور وکاول بوونی ئەو شتە. وەک چۆن دەڵەی کۆتایی شەوە یانی ئەو شەوە کە باسی دەکات تەواو بوو و ناگەڕێتەوە ژیانی مرۆڤ خولەک بە خولەک چرکە بە چرکە نزیک دەبێتەوە لە مەرگ نەمان تەواو بوون کۆتایی هێنان بە تەواوی شتەکان.:کاتێک دڵی مرۆڤ لای ئەو شتە، یان ئەو کارە تایبەتە وا خۆی دەزانێت نەبێت دڵی وەکوو مردوویێک وایە مەرگ یانی لە دەستدانی هۆش،

هەوالنامەی کتێب

ئاگاهی کەسێکی زیندوو کاتێک دڵی وەکوو مردوویێک وابێ ،بۆ کەس لێ نەدا دڵی دەقیقەن وەکوو مردوو وایە (دەردی ڕەحمەت، ل.١٢٦)

### ٧. مەرگ لە پێگەی بابەتێکی پیرۆزدا

ڕاونگەی سەبارەت بە مەرگ ئەرێنییە یانی بەشتێکی چاکی دەزانێت دەڵێت کە مەبارەک، پیرۆزە مەرگ تەنانەت لە نێو خەڵکیشدا زۆر باوە کە سۆند بە سەری مەرگ دەخۆن وەک دەڵێن بە مەرگی تۆ قەسەم.

بوێری نەترسی لەبەرابەری مردندا (تاوی گریان ل.١١٠)

بەعزێک شت هەیە کە بە مردن ،لەناوچون کۆتایی پێ نایێت. (کەوای غەزەڵ ل.١١٦)

مردن لە دەست دانی ژیان لە پێناو خۆشەویستدا شتێکی ئاسایی و بێ نرخە (باغی خەیاڵ، ل.١٤٣)

پێشکەش کردنی گیان لە پێناو بە دەست هێنانی یار و بەخشینی گیان لە پێناو نیگایێک.( مەسنەوییەکانی پیرەکەی بورهان، ل.١٦٨)

ماوەیێک پێش مردن ئەم هەڵبەستە دەڵێت:مەرگ شتێکی موقەددەسە و پیرۆزە سوێندی پێ دەخوات.

### ٨. مەرگ لە پێگەی بابەتێکی ترسناکدا

مەرگ وەک شتێک دەبێت لێی بترسی پێناسە دەکا بەکار هێنانی وشەی مەرگ لەم بەشەدا مرۆڤ دەکەوێتە بیر تاریکی ناخۆشی و دڵەڕاوکێ کە هەموو ئەوانە لە وشەیێک بەناوی مەرگدا کۆ بوونەتەوە. مەرگ کۆتایی بە ژیان دێنێت شاعێر ناخۆشی زۆری لە ژیانیدا دیوە و دەربەدەری زۆری کێشاوە و بۆیە لە زۆر جێگا بە چاوێکی ترساو و نەرێنی چاو لە مەرگ دەکات.

ماوەیێک پێش مردنی ئەم هەڵبەستە دەڵێت: ترسناک پێناسەکردنی مەرگ وەک ئەوەی کە لە پرِدا بەرۆکت پێ دەگرێت و کۆتاییت پێ دەهێنێت.

مەرگ کۆتایی ژیانە و سەرترین پرِ بایەخترین شتە کە لە پێناوی هەر کارێک یان هەر شتێک،کە دەتوانی بیدەی.( ڕازی عەشق ل.١٢٨)

هەرکەسێک عاشق نەبێت وەکوو مردوویێک وایە.( دەردی ڕەحمەت ل.١٢٦)

کاتێک دڵی مرۆڤ لای ئەو شتە،یان ئەو کارە تایبەتە وا خۆی دەزانێت نەبێت دڵی وەکوو مردوویێک وایە مەرگ یانی لەدەست دانی هۆش،ئاگایی (دەردی ڕەحمەت ل.١٢٦)

نەورۆز کە هێمای ژیان،گەشانەوەیە بەپێچەوانەی مانگی نەورۆز مانگی محەرِەم دێنێت کە هێمای نەمانە. (گوڵی گوڵشەن، ل.١١٣)

### سەرچاوە:

حەریق، مەلا سالح. *دیوانی حەریق. لێکۆڵینەوەی سەید نەجمەدینی ئەنیسی.* سەقز: بڵاوکەرەوەی محەمەدی. ١٣٨٦.

هەواڵنامەی چیتر

# یەکەم فەرهەنگەکان

(کوردی، فارسی، عەرەبی و ئینگلیسی)



شەقایق حەسەنزادە

فەرهەنگی وشە کتێبێکە کە لە ناویا واتای وشەکانی زمانێکی دیاریکراو بۆ شرۆڤەکردنی بنەڕەتییان یا زانیاریگەلی تر کۆ ئەبنەوە. فەرهەنگی وشەکان بەردەوام یەکێ لەو ئامرازانە بوون کە مرۆڤیان بە ناسینی زۆرێک لە نەناسراوەکان یارمەتی داوە. فەرهەنگگەلێ کە لە لاییکەوە ژێربەشی زانستی زمانناسی ئێمە دەژمێردرێن و لە لاییکی دیکەوە ئەتوانن وەکوو گرینگترین سەرچاوەی ئەدەبی ناو ببرێن. لە دنیادا لە سەدەی ١٥ دوو ڕووداوی گەورە لە مێژووی فەرهەنگدا ڕوویان دا:

١. سەنعەتی چاپ لە سەدەی ١٥ی زایینی داهێنرا (ئیختراع بوو) و گەشەی کرد. پێش ئەوە فەرهەنگیان بە دەست ئەنووسی و پاشان داهێنانی دەزگای چاپ کاریگەری زۆری لە سەر فەرهەنگنووسی دانا و فەرهەنگنووسی زۆرتر گەشەی کرد.

٢. لاتین، کە زمانی نێونجی زانست بوو، لە سەدەی ١٥ی لاتین بایەخ و ئیتواری خۆی لە دەس دا و زمانگەلی ئەورووپایی جێگەیان گرتەوە.

* نووسینی فەرهەنگ بۆ دەوڵەمەندکردنی یەک زمان پێویستە.

* فەرهەنگنووسی پەیوەندییەکی زۆر تایبەتی لەگەڵ زانستی زمانناسی هەیە.

کاتێک لەم ڕوانگەوە چاو لە وشە دەکەین بۆ فەرهەنگنووسی چەن قۆناغمان پێویستە.

* گرینگترین شتێک کە باس دەکرێت مانا و واتای وشەیە.

* شێوەی پەیدابوونی وشە (ڕەگەزناسی).

هەواڵنامەی کتێب

* چ پەیوەندی‌گەلێکی ماناییمان هەیە لە نێوان وشەکانی یەک زماندا.

* بەکارهێنانی وشە، تا ڕادەیەک پەیوەندی هەیە لەگەڵ زانستی سینتاکس (ڕستەسازی) وەکوو: ئایا ئەو وشە کە باسی لێ‌دەکەین ئاوڵناوە، ناوە یا ئاوڵکردارە؟

*باس لە سەر ئەوە دەکەین کە چۆن یەک وشە دەتوانێت بە تێکەڵبوونی لەگەڵ وشەکانی دیکە دەستەواژە پێک‌بهێنێت.

لە ئاکادمیاکانی ڕۆژاوا لێکسۆکۆلۆژی زۆر سەرکەوتوو بووە؛ بەڵام بەداخەوە لە زمانی فارسی و کوردیدا زۆر سەرکەوتوو نەبووە.

ئامانجی من لێرەدا ئەوەیە کە یەکەم فەرهەنگەکان لە ناو زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی، زمانی فارسی و زمانی عەرەبی بۆ خوێنەران باس بکەم.

## فەرهەنگی کوردی:

دەسپێکی فەرهەنگنووسی کوردی بەرهەمەکەی ئەحمەدی خانییە. فەرهەنگۆکێکی عەرەبی ـکوردی بەناوی *نەوبەهار* کە لە ساڵی ١٦٨٢دا دانراوە. ئەم فەرهەنگە تا ئێستا زۆر چاپ کراوەتەوە. لە ماوەی ئەم ٣٣٠ ساڵەدا زۆرتر لە ٢٠٠ وشەدانی کوردی لە سەدەی بیستەما چاپ و بڵاو کراونەتەوە. ئەتوانین بڵێین کە ٦٦ لە سەدی وشەدانەکانی کوردی لە سەدەی بیستەمدا چاپ کراون. ٣٠ لە سەدی وشەدانەکانی کوردی لە سەدەی بیستویەکدا بووە. ٤٠ لە سەدی وشەدانەکان لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەی زایینیدا چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

## فەرهەنگی فارسی:

هەندێک لە ئێراناسەکان دەڵێن لە سەدەی سێ و چواری زایینی لە سەردەمی دەسەڵاتیداری ساسانیەکان فەرهەنگمان بە زمانی پەهلەوی بووە؛ بەڵام هیچ بەڵگەیێک لە بەردەستدا نییە. بەڵام ئەو زانیاریانە کە بە سەرچاوەوە پێمان دەڵێن گرینگترین و یەکەم فەرهەنگی وشە ساڵی ١٠٧٢ی زایینی
بە زمانی عەرەبی چاپ کراوە بە ناوی *لغت الفرس* بەرهەمی ئەسەدی تووسی. نووسراوە یەکێ لە جیاوازییەکانی ئەوەیە کە بەپێی پیتی ئاخری وشەکان پۆلێن‌بەندی کراوە.

## فەرهەنگی عەرەبی:

مێژوونووسان وا باسیان کردووە کە نەحوی عەرەبی و ڕێزمانی زمانی تازی کەسێک بە ناوی ئەبولئەسوەد پێش ساڵی چلی کۆچی مانگی دای‌هێنا. هەر لەو کاتەدا کە کاری سەرەتایی کۆکردنەوەی وشەکان و کەڵکوەرگرتن لە ئەوان بەردەوام بوو، یەکێ لە گەورەکانی ئەم بەشەی زانست خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی کۆچکردووی ساڵی ١٧٥ی کۆچی مانگییە کە یەکەمین کتێبی وشەی ئەم زمانەی بە ناوی *کتاب*

*العین* نووسی. بەپێی شێوەی دەربڕینی یەکەم بزوێنی وشە، ڕیزبەندیی کاتیی لە سەدەی ٧ی پێش زایین تا ١٣ی پاش زایین، پۆلێنبەندی پیتی ئەلفبا بە چاولێکردن و جێگەی دروستبوونیان لە قوڕگەوە تا لێوەکان دراندراوە.

## فەرهەنگی ئینگلیزی:

ئێوە ئەزانن دیکسیۆنر بە چ ماناییکە؟ ئەم وشەیە لە وشەی لاتینی Dictionarius بەمانای کۆمەڵێ لە وشەکان گیراوە. یەکەم جار لە ساڵی ١٢٢٥ ئەم وشەیە هەر بە شێوەیێک کەسێکی ئینگلیزی بە ناوی جان گارلند بەکاری هێناوە و لە ساڵی ١٥٥٢ پیاوێک بەناوی ڕیچارد هلیۆت یەکەمین دیکسیۆنری ڕاستەقینەی ئینگلیزی بڵاو کردەوە. لەم وشەدانەدا هەر وشەیێک سەرەتا بە زمانی ئینگلیزی ئامادە کرا. پاشان بە ئینگلیزی شرۆڤە کرابوو و بە دوایا وەرگێڕانە لاتینیەکەی ئەو وشەیە نووسرابوو. ئەم وشەدانە ٢٦٠٠٠ وشەی لە خۆ گرتبوو.

## سەرچاوەکان:

دهخدا، علی‌اکبر. *لغت‌نامه دهخدا*. تهران: موسسه لغت‌نامه دهخدا، ١٣٢٥.
ڕۆحانی، ماجد مەردۆخ و هاوکاران. *فەرهەنگنووسی و واقیعی ئەم دیاردەیە لە پانتایی زمانی کوردیدا*. *وەرزنامەی فەرهەنگی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی زرێبار*، ژمارە ٧٧ و ٧٨، ساڵی ١٣٩١، ل ٧٥.

هەواڵنامەی کتێب

# یەکەم ڕۆژنامەکان

(کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکی و ئینگلیسی)



ندا محەمەدی

وەکوو دەزانین ڕۆژنامە دەقێکی بڵاوکراوەیە کە زانیاری و هەواڵی ڕۆژانە لە ناوخۆ کۆ دەکاتەوە و بە ڕۆژانە یان حەوتەیی و هەندێک جار مانگانە(لە یەکەم ڕۆژنامەکاندا)دەردەکرێت. ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان زۆرتر هەواڵ و زانیاری لە بواری جۆراوجۆر و ڕەخنەگرتن لە بواری گشتی رادەگەینێت. کاتێک بیر لە ڕۆژنامە دەکەینەوە دەزانین بە گشتی کاریگەری زۆری لە سەر خەڵک بووە، چونکو ئامرازی پێوەندی زۆر کەم بووە و زانیاری زۆریان سەبارەت بە دونیای دەوروبەر نەبووە و لە ڕووداوەکانی دەوروبەر بێئاگا بوون. بە هۆی ئەوەی کە دەزگای چاپ نەبووە، ژمارەی چاپ کراوەکان زۆر کەم بووە و هەر بەو هۆیەوە ڕۆژنامە بە دەستی خەڵکی ئاسایی نەدەگەیشت، بەڵام هێدیهێدی هەموو کەس تێگەیشت کە شتێکی گرینگ بە نێوی ڕۆژنامە هەیە و دەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن. لە ناوەڕۆکی هەندێ لە ڕۆژنامەکاندا خەڵک هان دەدرا بۆ گۆڕانی ژیان و کۆمەڵگا، بۆیە ئەو ڕۆژنامە نووسانە یان بە دیل دەگران یان دەکوژران. کەوابوو ئەوەی ڕادەگەیاند نابێ هیچ کات دژ بە ڕێبەرانی دەوڵەتی بنووسن. بەڵام ڕۆژنامەگەری هەر بەردەوام بووە و ئێستاش هەر لە چاپ ئەدرێت ئەگەرچی کەم دەخوێندرێتەوە.

## ڕۆژنامەی کوردی

کاتێک کە چاو لە مێژوویی ڕۆژنامەوانیی کوردی دەکەین، تێدەگەین کە کوردیش لە نووسینی ڕۆژنامەوانیدا بێبەش نەبووە. یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ڕۆژنامەی کوردستانە کە لە ساڵی ١٨٩٨دا لە شاری قاهیرە لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە ئامادە و چاپ کرا. ئەم

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژنامەیە هەر ١٥ ڕۆژ جارێک دەردەکرا.

((ئەگەرچی کورد ڕێی پێ نەدرا لە قەڵەمڕۆی عوسمانیدا ڕۆژنامە دەر بکات لە بەر ئەوە بەدرخانییەکان بو بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، بە ناوی کوردستان چوونە قاهیرە و لەوێش تەنگیان پێی هەڵچنین و ڕوویان کردوە ئەورووپا. ئەگەر چاو لە ڕۆژنامەکانی تر بکەین وەکوو فارسی لە ئێران، تورکی لە ئەستەمبوڵ، عەرەبی لە قاهیرە، دەرچوونە بەڵام ڕۆژنامەی کوردی لە وڵاتێکی دیکە دەرچووە ئەویش بە پارەی نووسەرەکەیەوە.))

فەرهاد پیربال دەڵێت:

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەک بە کوردی دانرێت دەبێ چەن مەرجێکی بێت، وەکوو:

١. خاوەن ئیمتیازەکەی کورد بێت.

٢. سەرنووسەرەکەی کورد بێت.

٣. پرۆژەی ناوەڕۆکی ڕۆژنامە یان کوردانیشی مەبەست بێت و هەروەها وتوویانە ڕۆژنامەگەری کوردی پێویستە لە ناو وڵات، واتە کوردستان، دەرچوبێت؛ چونکە لەو کاتەدا نیوەی زیاتری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان کوردی لە قەڵەم نادرێن و هەروەها ڕۆژنامەگەری کوردی تەنیا بە زمانی کوردی بێت.

بەڕێز دوکتور بەختیار سەجادی دەڵێت:

((ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی پێنجشەمە ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی بەرامبەر ٢ی گوڵانی ١٢٧٧ی هەتاوی و ٢٢ی ئەپریلی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی لە قاهیرە پێتەختی میسردا دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە بەرهەمی تێکۆشانی میقداد مەدحەت بەدرخانە. میقدادبەگ لە گەڵ هەندێ هاوڕێی ڕۆشنبیریدا لە ساڵی ١٨٩٧ لە ئەستەمبوڵدا کۆمەڵەیکی سیاسی دادەمەزرێنێ، بەڵام لەبەر نەبوونی دەرفەتی چالاکی، دەچێتە قاهیرە و لەوێ ڕۆژنامەی کوردستان دەردەکات و دەیکات بە زمانحاڵی بزوتنەوەکە. بەدرخان لە ژمارەی یەکەمدا ئاماژەی کردووە کە ئەم ڕۆژنامە هەر پانزە ڕۆژ جارێک بڵاوی دەکەمەوە و ئەم ڕەوتە تا ژمارەی ٥ درێژەی بووە، بەڵام بە هۆی هەڕەشەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەشکەنجەی ئەندامانی بەدرخان و هەروەها نەخۆشیی سیلەوە میقدادبەگ بە ناچار وازی لێ دێنێ و دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ. دواتر عەبدوڕەحمانبەگ بە مەبەستی درێژەدان بە ڕێگای براکەی ڕێی هەندەران دەگرێتە بەر و تا ساڵی ١٩٠٢، بیست و شەش ژمارەی تری بە شێوەی مانگانە دەردەکات.))

ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان، زۆرتر سیاسییە و کەمتر ئەدەبییە و لە ژمارەی سێدا بە داخوازی هەندێ میرو ئاغای کورد دەستی کردووە بە بڵاو کردنەوەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و بابەتی دیکە مێژووییە کە لە ژمارەی هەشتەوە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی مێژووی حاکمانی

جزیرە کە باوباپیری خۆی بوون. لە ژمارەی ١٣دا وتارێکی مێژوویی بە کرمانجی لە سەر بەدرخان بەگ و لە ژمارەی ١٤دا وتارێکی تری بە تورکی نووسیوە. ئەو دوو وتارە بایەخێکی مێژوویی گرنگیان هەیە چونکە ئاگاداریی نەزانراویان تێدایە لە سەر دوایین شەڕەکانی بەدرخان بەگ لە گەڵ هێزەکانی عوسمانی و گیران و دوورخرانەوەی بە خاو خێزانەوە بو شام، تا لەوێ کۆچی دوایی دەکات. لە ژمارەی ١٥ لە سەر سەلاحەدینی ئەیوبی بابەتێکی نووسیوە، دواژمارەی ئەم ڕۆژنامە لە جنێف دەرچووە و لە چاپخانەی ئێنتقام چاپ کراوە.

## ڕۆژنامەی فارسی

وشەی ڕۆژنامە (روزنامە) لە دەقە کۆنەکانی فارسیدا بە کار چووە و مەبەست لەوە ڕاگەیاندنی ڕووداوە گرینگەکان سەبارەت بە پادشاکان و نواندنی ژیانی وەزیران و گەورەکان بووە، لە یەک نوسخەدا لە چاپ دراوە. یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ساڵی ١٨٢٨دا هاوکات لە گەڵ دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشا دەرکراوە، بەڵام یەکەم جارێک کە ڕۆژنامە بە زمانی فارسی نووسراوە بە نێوی مەرئاتولئەخبار لە ٢٠ی ئاوریلی ١٨٢٢تا ئوتی ١٨٢٣ڕۆژی جومعە لە کەلکەتەی هێند بە دەستی ڕاموهان ڕوی خەڵکی بەنگال چاپ کراوە و لە ساڵی١٨٢٣دا ڕێگری لە چاپ کردنی کراوە. یەکەم ڕۆژنامەی فارسی لە ئێراندا بە نێوی کاغەز ئەخبار بە دەستی میرزا ساڵحی شیرازی لە تاراندا دەرکەوتووە و یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی دووشەمە ٢٥ی موحەڕەمی ١٢٥٣بە فەرمانی محەمەد شا چاپ کراوە. ئەم بڵاوکراوەیە مانگانە چاپ دەکرا و هەواڵی ناوخۆ و دەرەوە و هەواڵەکانی شا و دەربار و بڕیار و ڕێنماییەکانی دەردەکرد؛ میرزا ساڵح بۆ خوێندن نێردراوەتە لەندەن و فێری هونەری چاپ بووە و وشەی کاغەز ئەخباری لە News paper وەرگرتوە. کاغەز ئەخبار ئەگەرچی بڵاوکراوەی ڕەسمی دەربار بووە بەڵام دوای چەند ساڵ داخراوە و ئێستا ژمارەی نووسراوی زۆر کەمی لە بەردەستدایە. دووەمین ڕۆژنامەی فارسی لە ئێراندا بە سەرپەرەشتی ئەمیر کەبیر لە ٧ی شوباتی ١٧٥١دا لە ڕۆژنامەی وەقایع وئیتفاقیە، حەوتانە دەردەکرا

## ڕۆژنامەی ئینگلیزی

یەکەم ڕۆژنامەی جیهان بە نێوی ڕیلەیشێن لە ساڵی ١٦٠٥ لە لایەن یۆهان کارۆلۆسەوە بە زمانی ئنگلیزی بلاو بووەوە. ئەم ڕۆژنامەیە بە شێوەی حەفتانە نزیکەی ٧٠ ساڵ بەردەوام بڵاو بووەتەوە. لە مێژووی ڕۆژنامەوانیدا باس لە گازێتا دەکەن کە وەکوو یەکەم ڕۆژنامە نێوی لێ دەبەن و پێشتر لەوەش لە سەردەمی دەسەڵاتی ژۆلیۆس سزار ڕۆژنامەیەک بە ناو ئاکتادیۆما لە شاری ڕۆمدا بڵاو بووەتەوە. لەم شێوە ڕۆژنامانە پێش لە بڵاوبوونەوەی ڕیلەیشێن، لە

هەواڵنامەی کتێب

ئێران و چینیشدا بڵاو بووەتەوە بەڵام لەبەر نەبوو بابەتی جۆراوجۆر و بەردەوامنەبوون لە بڵاوکردنەوەدا بە ڕۆژنامە نایێنە ئەژمار؛ چونکوو تەنیا بڕیارەکانی دەسەڵات و شەڕ و مەدحی پادشاکان بوو.

### ڕۆژنامەی عەرەبی

ناپلیۆن لە سەر لەشکەرکێشیەکەیدا بۆ سەر میسر(1801_1798)کۆمەڵێ زاناو پسپۆڕی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، دەزگایکی چاپیشی برد بو حەرفی لاتینی، یۆنانی و عەرەبی، کوڕی زانیاری میسیری دوو قوتابخانەی بۆ منداڵە فەرەنسیەکان دامەزراند. دوو ڕۆژنامەی بە فەڕەنسی و ڕۆژنامەی ئەلتەنبیهـ-ی بە عەرەبـی دەرکـرد کە یەکەم ڕۆژنـامەی عەرەبیە. محەمەد عەلی پاشا، لە 1821دا چاپخانە کۆنەکەی ناپلیۆنی نوێ کردەوە و ئەوراقی ڕەسمی حکومەتی چاپ ئەکرد و لە 1828دا کەوتە بڵاو کردنەوەی وەقایعولمسرییە کە ناوی نوێ ڕۆژنامەی ئەلتەنبیهە، دوای حەوت ساڵ گۆڕدراوە.

### ڕۆژنامەی تورکی

یەکەم ڕۆژنامە بە تورکی تەقویمی وەقایع بووە کە لە ساڵی 1831دا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی بابی عالی، شێوەیەک لە بەیانییەکانی پاشا بڵا بووەتەوە. دەرچوونی ڕۆژنامەی ڕەسمی حکوومەت دەرگای کردەوە بۆ دەرکردنی هەرچێ زۆرتری ڕۆژنامە بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی نەک هەر لە پێتەختدا بەڵکوو لە ناوەندی وڵایەتەکانیشدا.

### سەرچاوەکان:


پیربال، فەرهاد. *ڕۆژنامەگەری کوردی بە زمانی فەرەنسی*. هەولێر: بڵاوکراوەی سەنتەری برایەتی، 1988.

سەجادی، بەختیار و مەزهەر ئێبراهیمی. *زمان و وێژەی کوردی*. سەقز: گوتار، 1396.

مستەفا ئەمین، نەوشیروان. *چەند لاپەڕیک لە مێژوویی ڕۆژنامەوانی کوردیەوە 1918_1989*. بەرگی یەکەم. سلێمانی: 2001.

# داڵە جە ئەلوەند کۆهان کەرد پەرواز

(لێکۆڵینەوەیەک لەسەر زمانی شیعرەکانی باوەتاهیر)



لەتیف سوڵتانی

تا نها بابەتێکی زۆر لەسەر کەسایەتی و مێژووی ژیانی باوە(بابا) تاهیری عوریان دە پەرتووک و گۆڤاراندا نووسراون و هەر کەسە بە پشتبەستن بە بەڵگەی جۆربەجۆر ساڵی لەدایکبوون و مردنی وی بە جۆرێک تۆمار کردووە و بۆ خۆیشی قسەی کەسانی دیکەی بە ناڕاست زانیوەو ویستوویە ڕا و بۆچوونەکانی خۆی بسەلمێنێ. هێندێ کەس ژیانی باوە تاهیر دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی سەلجووقییەکان و تاقمێکیش بۆ سەردەمی ئالی بوویە و دەیلەمیان. هێندێک دەگەڵ کوڕیسینا و هێندێکیش دەگەڵ ساحیبی کوڕی عەباد بە هاوچەرخی دەزانن. هێندێکیش بە هاودەورەی شاخۆشین ڕێبەری ئایینی یارسانی دەزانن. کەسانێک مێژووی ژیانی باوە تاهیر بۆ ساڵانی ٩٣٥ – ١٠١٠ی زایینی و هێندێکیش بۆ ١١٠٠ی زایینی و تاقمێکیش بۆ سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی دەیگەڕێننەوە.

هەر لە بابەت دیاریکردنی سەردەمی لەدایکبوونی باوە تاهیرەوە، میرزا مەهدی خانی کەوکەب، پەنا دەباتە بەر یەکێ لە چوارینەکانی باوە، کە دەڵێ:

مۆ ئان بەحرۆم کە دەر زەرف ئامەدەستۆم
مۆ ئان نوقتە کە دەر حەرف ئامەدەستۆم
بە هەر ئەلفی ئەلف قەددی بەرایۆ
ئەلف قەددۆم کە دەر ئەلف ئامەدەستۆم

ئەم چوارینەیە لەسەر حیسابی ئەبجەد دەکاتە ڕستەی (الف قد الف= ا . ل . ق . د . ا . ل . ف) کە دەکاتە ٣٢٦ی کۆچی و بە ساڵی لەدایکبوونی باوە تاهیری دادەنێ.

جگە لەم حسێبی ئەبجەدەیە، ئەم دووبەیتییە نهێنی و موعەممایەکی زۆری تێدایە و قووڵایی فەلسەفەی باوە تاهیر دەخاتە ڕوو لەباری فەلسەفەی یەکییەتی بوون(وحدت وجود)ەوە، باوە دەڵێ: من ئەو زەریایەم کە لە قاپێکی بچووکدا خۆم دەنوێنم، واتە من لە هەموو "بوون" پێک هاتووم، بەڵام لە قاڵبی کەسێک دیار کەوتووم، وەک چۆن قاپێک ئاو یان دڵۆپەئاوێک نموونەی زەریایەکە.

هەر چۆنێک بێ بەپێی سەرچاوە بڵاوکراوەکان باوە تاهیر لە ماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی دەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەیەمی زایینی ژیاوە و لەدایکبوون و کۆچی‌دوایی بە ساڵانی ٩٣٧ – ١٠١٠ی زایینی دیاری کراوە.

لەم نێوەدا هەر کامەشیان لەسەر ڕا و بۆچوونی خۆیان سوورن و هەمووشیان هاودەنگن لەسەر "هەمەدانی‌بوونی" باوە تاهیر و بەگشتی ئەویان بە یەکێ لە شانازییەکانی ئەدەبی پارسی زانیوە. هەنووکە کە نێزیک بە یازدە سەدە لە کۆچی دوایی ئەو بلیمەتە مەزنە تێدەپەڕێ، سەرەڕای زۆربوونی بەڵگە و نیشانەکان لە سووچ و قوژبنی دنیای ئەدەبیاتدا، لێ مخابن هێشتا قسەیەک لە زمانی خاوەنڕایانی زمان و ئەدەبی پارسییەوە کە بەدوور لە هەر جۆرە دەمارگرژییەک بێ، لەمەڕ زمان و میللیەتی ئەو کەسایەتییەوە نەوتراوە و بەداخەوە هەوڵ نەدراوە ئەم بابەتە گرنگە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و پەردە لەسەر ڕاستییەکان لابدرێ و لەنێو تەمومژی ڕۆژگاراندا دەربهێندرێت.

دەستەیەک لە نووسینەکانی خۆیاندا باوە بە شاعیرێکی سەر بە ئەدەبی پارسیی لە قەڵەم دەدەن و دەستەیەکیش بە شاعیرێکی کوردزمانی دادەنێن، بەڵام دیسانەوە لە دیوانی شاعیران و ڕێکەوتە فەرمییەکاندا وەکوو شاعیرێکی پارس ناوی لێ براوە. بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کەسانێک ڕاستگۆیانە و بەدوور لە هەر جۆرە بێ‌ئینسافی و دەمارگرژییەک ڕاستییەکان بدرکێنن؛ یەک لەو کەسانە کە خۆی سەر بە تاقمی یەکەمە، دوکتۆر "زەبیحوڵڵا سەفا" خاوەنی کتێبی بەناوبانگی "مێژووی ئەدەبیات"ی سەفایە.

ئەم کەسایەتییە لە نووسینەکانی خۆیدا زۆر بەکورتی بەڵام بەدوور لە بێ‌ئینسافی و دەمارگرژی پەردە لەسەر ئەم تەمومژە لادەبا و ڕاستییەکان دەردەخات و دەڵێ: ...پاشان کۆمەڵە چوارینەکانی ئەوە، کە بە شێوەزاری لوڕییە. ئەم شێعرانە زۆر تەڕ و ناسک و تژین لە هەست و سۆز و پڕن لە واتای دڵبزوێن و پاراو؛ لێ بەهۆی ناودەرکردنێکی زۆر و باو، لەنێو زۆرینەی پارس‌زمانانداندا شێعرەکان دەستکاری کراون و شێوێندراون؛ بەجۆرێک کە بەگشتی لە ڕواڵەتی سەرەکی خۆیان لایان داوە و لە شێوەی "پارسی دەری" نزیک کراونەتەوە.

هەروەها بەڕێز "موجتەبا مینەوی" مامۆستای زانا، لە پەرتووکخانەکانی ستانبوولدا چەند چوارینەیەکی باوە تاهیری دۆزیوەتەوە کە بە شێوەزاری لوڕیی ڕەسەنن؛ جا سەیر ئەوەیە کاتێ ئەم چوارینانە دەگەڵ چوارینە نوێیەکانی باوە تاهیردا بەراورد دەکەین، جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا دێتە بەرچاو.( پێویستە بگوترێ کە دوکتۆر مارف خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبی کوردیی بەرگی یەکەمدا دەڵێ: ئەو شێعرانە نەک لە ستانبوول بەڵکوو لە نامەخانەی مۆزەی قۆنییە لە ئارامگەی جەلالەددینی ڕۆمی دۆزراونەتەوە و ئەو

دەستنووسەی شێعرەکانی تێدا تۆمار کراوە لە ساڵی ١٤٤٤ی زایینی ڕوونووس کراوە) دوکتۆر زەبیحوڵڵا سەفا چەند وێنەیەک لە چوارینە ئاماژەپێکراوەکان بە دەستخەتی موجتەبا مینەوی بڵاو دەکاتەوەو دەڵێ: "مانای زۆرێک لە شێعرەکان بۆم ڕوون و ئاشکرا نییە".

دوکتۆر سەفا هەر بەم لێبوردنەوە واز دێنێ و ئیدی لەسەر ناوەرۆک و پێکهاتە و زمانی شێعرەکان ناڕوات، لە کاتێکدا دەبوایە جەنابی سەفا لەسەر ڕاستکردنەوەی وتە کورتەکانی و پەردەلادان لەسەر هەقیقەتی زمانی شێعرەکانی باوە تاهیر شرۆڤەی زیاتری بکردایە و ئەو شێعرانەی بکردایەتە بەڵگەیەک بۆ بۆچوونەکانی خۆی، تاکوو بەم جۆرە حوکمێکی ڕاست و درووستی لەنێوان ئەم دوو ئیددعایەدا دەربکردایە. بەڵام مخابن لەسەر ئەم شێوە زانستییە نەڕۆیشتووەو تەنیا بە ئاماژەیەکی کورت و هێنانی نموونە شێعرەکان وازی لێ هێناوە.

پاشان مامۆستا "مێهردادی بەهار" کوڕی "ملک‌الشعرا" بەهار دیسانەوە هەر ئەو شێعرانەی بە هەمان دەستخەتەوە چاپ کردووەو دەستی داوەتە لێکدانەوەو ڕاڤەی شێعرەکان، بەڵام بە شێوەیەک کە قەت شیاوی تۆژینەر و ڕووناکبیرێکی ڕاستەقینە نین. "بەهار" زمانی شێعرەکان بە شێوەزاری "هەمەدانی" ناو دەبات! پاش هێنانی شێوەی ساخکراوی هەرکام لە بەشەکان ئاوانیگاری و مانایان دەکاتەوە و بەبێ ئەوەی تەنانەت ئاماژەیەک بە ڕاستەقینەی کارەکە واتە کوردیبوونی زمانی شێعرەکان بکات. دیسان سەرەڕای ئەوەی کە بەهار دەبوایە بیزانیبایە و بینووسیبایە کە بۆ نموونە (نیودێڕی یەکەم لە دێڕی سێیەمی بەشی دووەم)ی شێعرەکان لە ڕەسەنترین شێعرەکانن و بە زمانی کوردییشن، بەبێ ئەوەی تەنانەت یەک خاڵ بەدەر لەم زمانەیان تێدا بێ. بەهار سەرەڕای شاردنەوەی ئەم هەقیقەتە لە لێکدانەوەو ڕاڤەی واتا و ناوەرۆکی شێعرەکانیشدا تووشی هەڵە هاتووە.

لێرەدا پێویستە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە دەقی نووسینەکەی مامۆستا بەهار لەمەڕ ڕوخساری ساخکراوە و ئاوانیگاری و تەنانەت واتای شێعرەکەدا بخەینە ڕوو:

الف: نیودێڕەکە خۆی لە دەستخەتی مینەوی:( دال جالوند کوهان کرد پرواز)

ب: ڕوخساری ساخکراوەی نیودێڕەکە لەلایەن بەهارەوە( دالچ الوند کوهان کرد پرواز)

ج: ئاوانیگاری لەلایەن بەهارەوە ( dal – eç alvand kohan kard parvaz

د: مانای نیودێڕەکە لەلایەن بەهارەوە: دال الوند کوه پرواز کرد

هـ: لێکدانەوەی وشەکان لەلایەن بەهارەوە: ( ١٢: dal، داڵ، هەڵۆ) (١٣: eç، پێکهاتووە لە e نێوگر و ç کە کورتکراوەی çeیە، بەرامبەرە دەگەڵ نیشانەی داچەک لە دەستەی باشووریی، گرووپی ئێرانیی ڕۆژاوایی. لە ئازەریدا نموونەی زۆر لەم وشەیە هەیە کە لەجیاتیی نیشانەی داچەک کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام لەم دەقەدا تەنیا ئەم نموونەیەم بەرچاو کەوت. پالەویی نێوەڕاست çe.

وتم کە بەهار سەرەڕای ڕەچاونەکردنی ئەمانەتداریی لە خستنەڕووی ڕاستییەکاندا، لە نیشاندانی شێوازی ساخکراو و ئاوانیگاریی و مانای نیودێڕەکەشدا تووشی هەڵە هاتووە و ئەم هەڵەیەش دوو شت لەخۆ دەگرێ: یەکەم ئەوەی کە بەهار

لەبواری زمانناسی و تەنانەت خوێندنەوەی درووستی دەستخەتی مینەویدا شارەزا نەبووە(کە ئەمە زۆر دوورە لە ڕاستی) دووەم ئەوەی کە بەئەنقەست خۆی لێ گێل کردووە و خۆی لە نەزانین داوە و ڕاستییەکانی لەمەڕ ئاشکراکردنی زمان و میللییەتی باوە تاهیر شێواندووە و لێمانی شاردۆتەوە.

ئێستاش ئەو نیودێڕە بە شێوەیەکی ڕاست و بە لەبەرچاوگرتنی زانستییانەی ڕاستییەکان بەدوور لە هەرجۆرە ناوبانگ و مەیلی پێچەوانە لێک دەدەینەوە.

الف: شێوەی ساخکراوی نیودێڕەکە (داڵە جە ئەڵوەند کۆهان کەرد پەرواز) = ( داڵ جالوند کوهان کرد پرواز)

ب: ئاوانیگاریی: (dale – ja – alvanda – kohan- kard- parvaz)

ج: مانای ڕاستەقینەی نیودێڕەکە: (داڵێک لە ئەڵوەندکێوەوە هاتە فڕین)

دیتمان کە ڕاستەقینەی شێعرەکە دەگەڵ بۆچوونەکانی بەهاردا تا چ ڕادەیەک جیاوازە و هەڵبەت ئەو خاڵبەندی و ئێعرابەی کە لەلایەن مینەوییەوە بۆ شێعرەکە دانراوە دەبوایە هاریکارییەکی باش ببوایە بۆ بەهار لە خوێندنەوەی نیودێڕەکەدا. و ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەمەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە بەهار بەئەنقەست خۆی لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان لاداوە. چونکە تەنانەت سەرەڕای ڕوونکردنەوەی ڕادەیی دوکتۆر سەفا و ڕاستەقینەی شێعرەکان کە بە دیالێکتی لوڕیی و گۆران هۆنراونەتەوە، بەڵام جەنابیان (بەهار) تەنیا بابەتەکەی شێواندووە و زمانی شێعرەکەشی بە شێوەزاری هەمەدانی داناوە و بەم شێوەیە هەقیقەتێکی ڕووتی شاردۆتەوە.

ئەگەر بەهار بە نیازی دەرکەوتنی ڕاستییەکان شتەکانی بگوتایە، دەیتوانی بە ڕوانگەیەکی ڕاستبینانە و بەدەر لە چوارچێوەی سنووورداری خۆویستیی، لە قسەکانی دوکتۆر سەفا و مینەوی بیرِوانیبایە و هەروەها لە بەرهەم و نووسینەکانی کەسانێک وەکوو مینۆرسکی، ژۆکۆفسکی، کلمان هوارد، ئێدوارد براون، ڕەشید یاسەمی، دوکتۆر سەعیدخان کوردستانی و...لێکۆڵینەوەی بکردایە، تاکوو زمان و میللییەتی باوە تاهیری لا ڕوون و ئاشکرا دەبوو.

بەهار لەم کارەیدا تووشی چەند هەڵەیەکی زمانەوانی لە ماناکردنەوەی وشەکانیشدا هاتووە کە من لێرەدا ناچمە سەر ئەو هەڵانە و لێیان دەرباز دەبم و دەچمە سەر ئەو چەند دێڕە شێعرانەی کە لە مۆزەخانەی قوونییەدا دۆزراونەتەوە و لەلایەن مامۆستا مینەوییەوە دیسانەوە نووسراوەتەوە؛ هەروەها چەند نموونەیەکی دیکە لە شێعرەکانی باوە تاهیر بە ڕێنووسی کوردیی ئەو جۆرەی واتای ڕاستەقینەی خۆیان بدەنە دەست مانا دەکەینەوە، تاکوو لە ئەنجامدا سەرەڕای پەیام و ئامانجی شێعرەکان، زۆرێک لەو تەمومژانەی کە لەمەڕ زمان و میللیەتی باوە تاهیرەوە هەیە برەوێتەوە و بۆمان ئاشکرا بکرێت.

الف: ئەو شێعرانەی کە لە مێژووی ئەدەبی دوکتۆر سەفا و کتێبی "چەند لێکۆڵینەوەیەک لە فەرهەنگی ئێران"ی مامۆستا بەهاردا تۆمار کراون، بە دەستخەتی مامۆستا مینەوی:

( ١ )

گەر ئەژرەز ئەو نەهی ئەیوانە ئەژگل
بە پەرچینیش کەری وەنەوشە و ول
گەر ئەو بەشنش نەهی ئان دار شمشاد
گەر ئەو روونش کەری ئاواج بلبل
سەرەنجامان بشی بەیا بهەرزی
یایێ تە گۆروی ماوایێ تە گل

واتە:

ئەگەر تەلار و هەیوانێکی قورین لە دار و گەڵای مێو(ترێ) داپۆشی(بیخەملێنی)
و ئەگەر دەوراندەوری تەلارەکە بە گوڵ و وەنەوشە برازێنیتەوە
ئەگەر داری شمشادیشی لێ بچێنی و
پڕی کەی لە دەنگی چریکەی بولبولەکان
ئاکام دەڕۆیت و ئەوێ بەجێ دەهێڵی،
شوێن و ماوای تۆ ئاقیبەت گۆڕی تەنگە

( ٢ )

زاری جەم دی وە دایی مورج ئەد خوەرد
مووروجانی دوو دەستی وەخودا دەرد
ناگەهان بامەد ئان بازوداری
زارجەش کوشت و مووران زارج ئەد خوەرد
داڵە جە ئەڵوەند کۆهان کەرد پەرواز
بازش بە کوشت و خوونەش پاک واخوەرد
بامەد نەچیرەوان دەردین و دایین
بە وەکدەش تیرو داڵ ئەژکار بادەرد
بشە نەچیرەوان دەستت و چادەست
چ ئینەت بەدکەرە بادەرد
بە مانی نەشە ئینە وەدکە من کەرد
بە من هەر ئان کەران هەروەد کەمن کەرد

واتە:

کەوێکم دی کە خۆراکی مێروولەکانی دەخوارد
مێروولەکان دەستەکانی خۆیان بەرەو خودا بەرز کردەوە
لەپڕ بازێک لەسەر دارێک بە فریایان کەوت
کەوەکەی کوشت و مێروولەکان کەوەکەیان خوارد

هەواڵنامەی کتێب

داڵێک لە ئەڵوەند کێوەوە هاتە فڕین
بازەکەی کوشت و هەموو خوێنەکەی خواردەوە
پاشان ڕاوچییەک پەیدا بوو
تیرێکی ئاراستەی داڵەکە کرد و لەکاری خست
بڕۆ ئەی ڕاوچی دەستت نەیێشێ
کە ئەم بەدکارەت لەناوبرد
نابێتە هۆی ناوبانگ ئەم کارە خراپەی کە من کردم
هەر کارێکی خراپ کە من بیکەم ئاکام دەگەڵ خۆمیشدا وا دەکەن

( ٣ )

یاکێم دوڕدی هەنی دەریا نەبێ دیار
یاکێم خۆردی کەیهان پێدا نەبێ دیار
من ئەژئان ڕۆ بە دامان تە ژە دەست
دە گەردوونت پەڕوپایی نەبێ دیار

واتە:

ئەوکات کە من دوڕێکم دی هێشتا زەریا پەیدا نەبووبوو
من هەر لەو ڕۆژەوە دەستم گەییشتۆتە داوێنت
ئەوکات کە من خۆرم بەدی‌کرد هێشتا جیهان درووست نەبووبوو
کە لە گەردووونتدا شتێک لە "بوون" دیار نەبوو

( ٤ )

یاکە ئەژمێهر تەم دەم میزەد ئەی یار
خویش و بێگانگان سەنگم زەد ئەی یار
جورمم ئینە کە ئەز تە دوست دیرۆم
نە خوونم کەردوو نەم ڕاهی ژەد ئەی یار

واتە:

من کە بەر میهری تۆ دەکەوم ئەی یار
خزم و بێگانان بەردم تێ دەگرن ئەی یار
تاوانم ئەمەیە کە تۆم خۆش دەوێ
دەنا نە خوێنی کەسم ڕژاندووە نە ڕێم لە کەسیش گرتووە

( ٥ )

مۆ ئان پیرۆم کە خوانەندۆم قەلەندەر

هەواڵنامەی کتێب

نە خانم بی نە مانم بی نە لەنگەر
ڕوو هەمە ڕوو وەرایۆم گەرد گیتی
شەو دەرایۆ ئەو سەنگی نەهۆم سەر

واتە:

من ئەو پیرەم کە بە قەلەندەر ناسراوم
نە ماڵ و سامانێکم هەیە، نە پشتیوانێک
بە درێژایی ڕۆژ لە دەوری دنیادا دەسووڕێمەوە
کە شەویش دەکشێ سەرم لەسەر بەردێک دادەنێم و دەنووم

( ٦ )

یا ئەژین بەنددەر ئێزناوە کێتیم
خوونم ئەدخوەردوو دەر خووناوە کێتیم
یا دەرین شەو مەهێ گیتی یوم نەیایا
ئەژخۆ بێبارە دەروەر لاوە کێتیم

واتە:

هەموو جەستە و گیانم دیلی ئەم بەندە بووە
خوێن دەخۆم و دە خوێناوی خۆمدا گەوزاوم
تاکوو لەم شەوەدا مانگی ڕووناکیدەری گێتیم نەیێ
مەست و لە خۆ بێخۆ بوومە و خەریکی شیوەن و گریانم

( ٧ )

ئەز ئان ئەسپیدە بازۆم هەمەدانی
بە تەنهایی کەرۆم نەچیرەوانی
هەمە بە من ویدیرەن چەرغ و شاهین
بە نام من کەرەن نەچیرەوانی

واتە:

من ئەو بازە سپییەی هەمەدانیم
بەتەنیایی ڕاو و شکار دەکەم
هەموویان بەهۆی منەوە چەرگ و شەهێنیان هەیە
بە ناوی منەوە ڕاو و شکار دەکەن

باوە تاهیری عوریان لە عارفانی شاعیری ناودار و پایەبەرزی کوردە کە لە لوڕستاندا لەدایک و پەروەردە بووەو لە سەردەمی گەنجێتیدا ڕووی کردۆتە هەمەدان و بۆ هەمیشە تا کاتی مردنی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئەمە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا کە باوە تاهیر لە کەسایەتییە ناودار و ڕێبەرانی ئەم ئایینە بووە. جگە لەمانەش ئێمە دەزانین کە ناوی "بابە، باوە" تایبەت بە ڕێبەرانی ئایینی یارسانە و زۆرێک لە پێشەوایانی دیکەشیان سەرەتای ناوەکانیان بە وشەی " باوە، بابە"وە دەست پێدەکات. وەکوو: باوە ناوس، باوە یادگار، باوە بوزرورگ، باوە ئیسحاق، باوە سەرهەنگ، باوە ئەسکەندەر، باوە خودادادا، باوە جەلیل و... ئێمە لەنێو شاعیرانی ئەدەبی پارسیدا ناوی "باوە"مان بەرچاو ناکەوێ، لێ بەپێچەوانەوە لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا ناوی "باوە"مان بەرچاو دەکەوێ. باوە تاهیر خۆی پێی خۆش بووە کە شێعرەکانی تێکەڵاویک بێ لە هەموو زمان و شێوەزارەکان، بۆ وێنە لە شێعرەکانیدا زۆر لەم وشانەمان بەرچاو دەکەوێ:

توا: فارسی

تە: کورمانجیی (بۆتانی)

زونو(دەزانم): پشتکێوی

بووره (وەره ئێره): لوڕی و... و بەم شێوەیە ویستوویە پەیامی خۆی لەنێو پارسیزمانان و هەموو هۆز و تیرە کوردەکاندا پەرە پێ بدات. باوە تاهیر لە کوردەکانی لوڕستانە و هەموو شێعرەکانیشی بە شێوەزاری ڕەسەنی لوڕیی هۆنیوەتەوە. بەڵام مخابن لە چاپەکانی دواییدا شێعرەکانی دەست تێوەردراوە و لە درێژەی زەمەنیشدا هێناویانەتە سەر شێوە و ڕوخساری زمانی پارسی. بۆ وێنە ئەم وشانەی خوارەوە پاش ساڵانی ١٩٢٧ی زایینی لە لوڕییەوە کراوەتە فارسی:

ئامێتە: آمیختە

تاو: تاب

تە: تو

ڕیژە: ریزد

شەو: شب

کرن: کنند

مۆ: من

دەستۆم: دستم

دیری: داری

نومە: نامە

نوم: نام

مەکە: مکن

وتم: گویم

لە کۆتاییدا هیوادارم مامۆستایان و خاوەنڕایان بە ئامانجی دەرکەوتنی ڕاستییەکان لە داهاتوودا ئەو شێعرانەی باوە تاهیر کە بە فارسی کراون ڕاست بکەنەوە و لەسەر شێوەزمانە ڕەسەنەکەی خۆی بیاننوسنەوە، بۆ ئەوەی دیوانێکمان لە باوە تاهیر لەبەردەستدا بێ کە لەگەڵ زمان و واتا و فەلسەفە و پەیام و بیری باوە تاهیردا یەک بگرێتەوە.

هەواڵنامەی کێشێر

## ژێدەرەکان


١. *تاریخ ادبیات ایران*، ج ٢ ، دکتر ذبیح الله صفا.

٢. *جستاری چند در فرهنگ ایران*، چاپ سوم، مهرداد بهار.

٣. *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرگی یەکەم، دوکتۆر مارف خەزنەدار.

۴. *مێژووی ئەدەبی کوردی*، عەلائەددین سەجادی.

۵. نامەی سەرەنجام، *مێژووی مۆسیقای کوردی*، محەممەد حەمە باقی.

# ڕوانگە و بۆچوون

هەوالنامەی کتێب

ئەمن باشتر لە ئێوە لە ژیان تێدەگەم و دەیناسم، چونکوو زۆر جار نزیک بووە لە دەستی بدەم؛ بۆیە ئەمن زۆرتر لە ئێوە لێی بەهرەمەندم.

فرێدریش ویلهێلم نیچە، *حیکمەتی شادان*

# کۆنەڕووخێن، بنیاتی تازەدانەر!...

## (گۆران، شاعیرێکی بتشکێن)



دوکتۆر مەسعوود بینەندە

گۆران شاعیرێکی دۆزەخییە کە بەردەوام خەون بە بەهەشتەوە دەبینێت. شیعر لای گۆران تەنیا یادگارییەکە کە دەتوانێت بیرەوەریی بەهەشتی لەدەستچوو زیندوو بکاتەوە و لەم یادەدا وێنای سروشت و جوانی و هەروەها فرمێسک و زامەکانی مرۆڤ بنەخشێنێت. بەهەشت/سرووشت لە شیعری گۆراندا کۆمۆنێکی تێکنەدراو و بێخەوشە کە دیاردەی جوانی و ئەوین مومکین دەکات؛ واتە نەوەک هۆکار و سەرچەشنی جوانی و خۆشەویستی بەڵکوو لە شێوازی ئەو بەستێنەدا دەور دەبینێت کە تیشکی شکۆداری جوانیی مرۆڤ بەرجەستە دەکاتەوە و خۆی وەکوو میدیۆمێکی دیارنەماو ئاوا دەبێت.

کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کولمی؟ گۆی مەمکی؟ لێوی؟

ئاماژەی جوانی لای گۆران شۆخێکی نایاب و بێناوە کە هەرچەندە لە وەسفی فیگۆری "قژکاڵی لێوئاڵی، پرشنگی نیگاکاڵ"دا شێوازی کۆنکرێت بەخۆوە دەگرێت، بەڵام وەکوو ئارکیتایپێکی بەرزەجێ (Sublime) لە بیرەوەریی شاعیردا هەڵکۆڵراوە و عومرێکی درێژە برینەکانی سارێژ دەکات. جوانیی موتیفێکە کە وەکوو ئۆبژەی مەیل، مەلی برسیی هەستی شاعیر چڵاوچڵ هەڵدەفڕێنێ؛ بەڵام هیچکات توونیەتی و ئارەزووی دڵی نەشکاندووە! کەوایە لای گۆران جوانیی ڕواڵەت، تەنیا ئیماژێکی دەرهەست و سەربەخۆ نییە کە بتوانێت خۆی لە خۆیدا خۆزگەی دڵ بێنێتە دی؛ بەڵکوو ئەم جوانییە دەبێ لە دڵێکی ڕووناک و گەرموگوڕەوە سەرچاوە بگرێت و سەرتر لە جوانیی سروشتی جوانییەکی مرۆڤانە بەرهەم بێنێت. هەر بۆیە سناریۆ/فانتازیاکانی شیعری گۆران لەمەڕ جوانییەوە بەردەوام بە ترۆمای دژوازییەکانی ژیانی مرۆڤ و ئانتاگۆنیزمی کۆمەڵگا تووشی هەڵپەساردن

دەبێت و ناهێڵێت کە گوتاری شیعریی لە ڕۆمانتیسیزمێکی خاو و بێجموجووڵەدا ڕۆ بچێت. ململانێی بەردەوامی "ئاغا/جووتیار، ئیستعمار/وڵاتانی ئازادیخواز، مەدەنییەت/دواکەوتوویی، سەرمایەدار/هەژار و ..."، ڕووکەشی ڕۆمانتیستی و پارێزکارخوازانەی شیعری گۆران لا ئەدەن و ئیتۆسێکی بەرهەڵستخوازانە بەرهەم دەهێنن کە هێما کلاسیکەکانی سروشت، جوانی و ئەوین لە دەربڕینێکی جیاوازی شاعیرانەدا بە شێوەیەکی نوێ پێکەربەندی دەکەن.

مەدەنییەت، ئەلکتریک، قەمەر
ئەی زیابەخشی حاڵی نەوعی بەشەر!

ئەم دێڕە شیعرەی گۆران، ڕستەیەکی "لینین"مان وەبیر دێنێتەوە کە هەبوونی شوراکان هاوتەنیشت لەگەڵ ئێلێکتریسیتەدا بە بەدیهێنەری کۆمۆنیزم دەستنیشان دەکات. ئەزموونی ئەدەبیی گۆران لە سەردەمی جیهانی دووجەمسەریدا پێگەیشتووە و لە پانتایی وڵاتێکدا ژیاوە کە سنوورەکانی دەسکردی کۆلۆنیالیزم بووە؛ هەر بۆیە لە ژێر کاریگەریی گوتاری شۆڕشگێڕانەی سەردەمدا هەوڵ ئەدات کۆمەڵگای کوردی لە پاشماوەکانی سوننەت و دواکەوتوویی ڕزگار بکات و بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەهەشتێکی ڕاستەقینە و زەوینی بونیاد بنێت: "با ببینین بەهەشتی ڕاستی حەیات...".

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین! هەتا کەی بە سستی و بە پەستی بژین؟
بە لادا بکە چاکی مەردایەتی... دریغی مەکە گیان لە کوردایەتی...

بۆیە قیبلەنومای دڵی شاعیر ناوبەناوێ بەرەو مۆسکۆ وەردەگەڕێت و هەستی بە ئاوازەی ئۆرکێسترای مۆسکۆوە مەست دەبێت. گۆران شاعیری سەردەمی دابڕانە؛ واتە لە سەر کەلێنێکی مێژوویی ڕاوەستاوە کە بە پۆتانسیەلەکانی نوێخوازی بارگاوی کراوە، بەڵام بەئەنجامگەیشتنی واقیعی ئەم دۆخە پێویستی بە دەستێوەردانێکی سوبژێکتیڤ هەبوو کە "دابڕان" فورموولایزە بکاتەوە و فۆرمێکی نوێ لە "بڵاوکردنەوەی بابەتی هەستپێکراو" بەرهەم بهێنێت. گۆران کە دەستێکی بە ڕۆمانتیسیزمی کلاسیکەوە بەندە و دەستێکی دیکەی لە ڕیالیزمی سوسیالیستیدا بەشدارە، دەتوانێت بە ڕاکێشان و دەروونیکردنەوەی بابەتە دژوازەکانی سەردەم، فۆرمی ئەدەبیی باو تێکبشکێنێت و بە ئەزموونی فۆرمی جیاواز سەرەتایەک بۆ نوێگەری لە شیعری کوردی (بەشی باشوور)دا بهێنێتە ئاراوە.

گۆران هاوکات کە خاوەنی شیعری نیشتمانی و نەتەوەییە، ئاراستەی بیرێکی یوونیڤێرساڵ پەیڕەو دەکات؛ لە گیانی پیکاسۆ ئیلهام قەرز دەکات و بۆ هاوڕێیەکی نەناسی دووروڵات هەڵبەست تۆمار دەکات!

ئاشتی‌خوازین، پشتیوانمان گەلانە
کۆتری سپی ئاڵامان ناونیشانە؛
ڕێگامان ڕێی برایەتیی ئینسانە
ناکۆکی و شەڕ نەهێشتن ئامانجمانە!"

ڕۆمانتیسیزمی گۆرانی "پاییز، پاییز" و واتاخوازیی گۆرانی "هیوا مەگری" و دەنگ‌هەڵبڕینی گۆرانی "دەمی ڕاپەڕین"، پێکەوە گوتارێکی هاوبەش پێک‌دەهێنن کە گۆرانی "شاعیر"ی لێ دەکەوێتەوە؛ شاعیرێک کە لە سروشتەوە دەستی پێ‌کردووە و لە ئافرەتدا ئایدیاکانی جوانی دۆزیوەتەوە و بە بەرگری‌کردن لە نەتەوە و نیشتمان بە ئامانجی گشتیی ئینسان گەیشتووە.

"حەق بسێنە بە ڕەنجی شان      بۆ گشت هەژار، بۆ گشت ئینسان"

شیعرییەتی گۆران ئەو هێڵە بێ‌سنوور و بێ‌بڕانەوەیە کە هەموو ئەو هەرێمانە دەبەزێنێ و هیچکات تەواو نابێت. پرۆژەی نوێخوازیی گۆران پرۆژەیەکی ناتەواوە کە بە بەرهەم‌هێنانی کەلێن و بۆشاییەکی بنەڕەتی لە ئەدەبی کوردیدا، زەرووڕەتەکانی نوێخوازی بەرجەستە دەکاتەوە و ڕێگا بۆ بەرە جیاوازەکانی تر ئاوەڵا دەکات. هەرچەند پرۆژەی نوێخوازانەی گۆران بەهۆی پابەندبوونی بە کێشی پەنجەیی و فۆرمی کۆن‌باوی ئەدەبی زارەکییەوە برێ جار تووشی تەنگەبەری هاتووە، بەڵام ئەم کەم‌وکورتییانە بەگشتی نەیانتوانیوە تەوژمی بەرەوپێش‌چوونی نوێگەریی گۆران ڕاوەستێنن و لە ئاستی کاریگەرییەکانی کەم بکەنەوە.

گۆران بەرهەڵستکار و بت‌شکێنی نەریتەکانی سەردەمی خۆی بووە؛ هەر بۆیە ئاساییە کە دەڵێت: "تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حیسابم"، و هەروەها بە دەنگ‌هەڵبڕینەوە بەرۆکی خودان دەگرێت و بەرەورووی پرسیار دەکات:

ئەی ئەوەی قەومانی بەش‌بەش کرد بەپێی خاک و زمان
دای بە هەر قەومێ نگین و تاج و تەختی حورڕژیان،
کوا نگینی بەختی من؟
کوانێ تاج و تەختی من؟

گۆران هەرچەندە "کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو" لە "دەریای بێ‌سنوور" بە جوانتر دائەنێ و برێ جاریش بە بیستنی هێندەی خرۆشی ڕۆحی بێگانە لە مووسیقا میزاجی کوردانەی تێک‌ئەچێت، بەڵام قەد دەست‌بەردای ڕێبازی نوێخوازی لە ڕێگای وەرگێڕانی شیعری بیانی و وەرگرتنی ئەزموونەکانی ئەوان نابێت و هاوکات بە پەرژانەسەر پرسە جیهانی و گشتگیرەکان تێ‌دەکۆشێت ڕەوتی ڕۆشنبیریی یوونیڤێرساڵ لە کۆمەڵگای کوردیدا پەرە پێ‌بدات. هەر بۆیە

لە پێناوی بەرگری لە گەلانی ئازادیخوازی جیهاندا سروود و هەڵبەست دادەنێت (ئازادیخواز، گری... گری) و سەرکۆنەی دوکترینی پاشقەڕۆخوازانە و دژەڕووناکبیرانەی سیناتۆر مەککارتی لە ئەمریکای دەیەی ٥٠ی ز. دەکات (لە بیری نوێ بە کینەیە مەکارتی/ کتێب لای ئەو پەڵپینەیە مەکارتی). ڕەنگە هیچکات نەتوانین مانیفێستی شیعری گۆران دەستنیشان بکەین بەو بۆنەوە کە لە دەقی شیعریی گۆراندا تەواوی ئیماژە ڕۆمانتیستی و هەروەها مەبەستە ئۆمانیستییەکان؛ واتە دژوازیی ڕومانتیسیزم/ڕۆشنگەری لە یەکتردا بە نەلێکردن(نفی نفی)ێکی هێگێلیدا ڕۆ دەچن و بووتیقایەکی چەندڕەهەندی و هیرۆنیموسییانە، کە یەکێ لە ئەزموونەکانی سەرکەوتووی مودێرنیتەی ئەدەبی کوردییە بەرهەم دەهێنن.

هەوالنامەی کتێب

# خوێندنەوەیەکی یاساناسانە بۆ هەڵەبجە

وتاری بەڕێز دوکتور سەتار عەزیزی، یاساناسی گەورەی کورد و مامۆستای زانستگای بووعەلی لە هەمەدان، کە لە ساڵیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ڕەشەمێی ١٣٩٥ی هەتاوی لە زانستگای کوردستاندا پێشکەش کرا.



ئا: سارا ڕوستەمی

بە نێوی خوا و بە نێوی کورد کە کورد و خوا لە یەک دەچن، هەردوو بێ شەریک و بێکەسن. وتارەکانی من لە دوو بواردایە. لە ڕاستیدا باس لەوەیە کە گرنگی هەڵەبجە بۆ ئێمە چییە؟ وتارەکەی من لە ڕوانگەی مافی نێونەتەوییەوەیە. ئەم بەشە لە ڕاستی ڕێزگرتن لە هەڵەبجەیە و دەورێک کە بە گشتی لە مافی نێونەتەوەیی بوویەتی و بە شێوەی تایبەت بۆ کورد، یەکێک لە دەورە گرنگەکانە کە هەڵەبجە بوویەتی لە باسەکانی مافی نێونەتەوەیی و بە شێوەی تایبەت ئەمەیە کە کیمیا بارانی هەڵەبجە ئەو جیاوازییە لە نێوان شەڕی نێونەتەوەیی و شەڕی ناوخۆ لا ئەبات لەسەر قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی کە لە ڕێکەوتنامەی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٢٥ و ڕێکەوتنامەی ژنێڤ لە ساڵی ١٧٧٢.

چەکی کیمیایی تەنیا لە شەڕی نێونەتەوەیی قەدەغە کرا و لە شەری ناوخۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغە نەبوو بۆ ئەوەی کە کاتێک سەدام لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی لە هەڵەبجەدا چەکی کیمیایی بە کار هێنا بەداخەوە بڕێ لەوڵاتانی عەرەب وادەڵێن ڕێکەوتنامەی ژنێڤ هەڵنوەشابووەوە. ڕێکەوتنامەی ژنێڤ لە ساڵی ١٩٢٥ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شەڕی ناوخۆ قەدەغە نەکردووە، بەڵام ڕۆڵی گرنگی میدیا و بە تایبەت میدیای ئێران زۆر  بە باشی توانی ئەم کارەساتە بە وێنە بکات و لە دونیادا بەڵاوی بکاتەوە و بوو بەهۆکاری ئەوەی کە هەزری مرۆڤەکان لەتەواوی دنیادا بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات و بێژن چۆن چەکی کیمیایی لە شەڕی نێونەتەوەیی ئەبێ قەدەغە بێت بەڵام لە شەڕی

ناوخۆدا نە. ئەو چەکە کە بەکارهێنانی دژ بە دوژمنت لە شەڕی نێونەتەوەییدا قەدەغە کراوە چۆن ئەتوانی لەشەری ناوخۆدا بۆ دانیشتووەکانی خۆت بەکاری بهێنی و ئەمە ئەبێت بەهۆکاری ئەوە کە لە کۆنڤانسیۆنی ١٩٩٣ی زایینی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغە بکرێت چ لە شەری ناوخۆ و چ لە شەری نێو نەتەوەیی،کە لە ١٨٨ دەوڵەتدا ئەم ڕێکەوتنامەیانە واژۆ کراوە.٢. نەقشی گرنگی دیکەی هەڵەبجە و بەتایبەت بۆ کوردان ئەمەیە کە ڕەنج و کارەسات و ئەنفالی کوردان بە جیهان ئەناسێنێت و ئەزانین کە ئەنفال لە چەن قۆناخدابووە و لە ٨ پرۆسەدا لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٨٨.

بەڵام کاتێک کە چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بە کار دێت، جیهان دەزانێت چی بەسەری میللەتی کورددا هاتووە. ئێوە گوێ بگرن لە دەنگی وەن ئان ڕایت ئەمە چاک وڵامی دەداتەوە. وەن ئان ڕایت (بازەرگانێکی هۆڵەندی بوو کە مەواد و چەکی پێویستی بۆ چەکی کیمیایی بە دەوڵەتی سەدام دەدا کە بۆ ئەم کارە لە لایەن دەوڵەتی هۆڵەندەوە چەن ساڵ زیندانی دەکرێت) یەکێک لە تاوانەکانی، پشتگیری لە تاوانی جینۆسایدە و ئەم پشتگریە ئەوەیە کە وەن ئان ڕایت زانیویە کە چەکی کیمیایی بۆ نەتەوەی کورد بە کار هێناوە. دادگاه سەرەتا دەیێت ئەم بابەتە شی دەکات کە جنایەتی جینوساید دژ بە کوردان ڕووی داوە یا نە و لە ئەو دادگایە ئەم بابەتە ئەسەلمێنێت. بەڵام ئەم بەشە کە ئایا وەن ئان ڕایت لە جنایەتی جینۆساید دەستی بووە یا نە، دەڵێ کاتێک ئەم کەرەستەیە بەسەدام دراوە لە ساڵی ١٩٨٥ زانیویەتی کە سەدام دژ بە کوردان بە کاری دەبات، بەڵام کاری خۆی دەکات و ئەوانە بە سەدام دەدات و لە دوای ئەم باسانە کارەساتی هەڵەبجە ڕوو دەدات لە لایەن سەدامەوە. بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت باس لەمە بکەین، بۆ داهاتوو چی بکەین؟ دەست کەوتی ئێمە بۆ داهاتوو چیە؟ دامەزراوەیەک هەیە لە مافی نێو نەتەوییدا بەرپرسایەتی بۆ پاراستن، بەرپرسایەتی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی کە ئەگەر نەتەوەیەک حکومەتەکەی گرنگی پێ نادا، پارێزگاری لێ ناکات و مافیان پێ شێل دەکات کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەرکی هەیە بەتایبەت لە ئەو بوارە کە جنایەتی نێونەتەوەیی ڕوو دەدات، لە ئەم بەشە بەرپرسایەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زۆر بەرچاوو گرنگە و تاوانی جینۆساید گرنگترین تاوانی نێونەتەوەییە.

بەڵام لە ئەدەبیاتی مافی نێودەوڵەتی ئەو کارەساتە کە لە هەڵەبجە ڕووی داوە زۆر گرنگترە لە هیرۆشیما، ئەگەرچی ژمارەی ئەوکەسانەی کە لە هیرۆشیما دەکوژرێن زۆرترە لە هەڵەبجە. لە هیرۆشیما نزیک بە٨٠٠٠٠ کەس کوژراون بەڵام لە هەڵەبجە ٥٠٠٠ کەس دەکوژرێن. ئەو تاوانەی کە لە هەڵەبجە ڕووی داوە جنایەتی جینۆسایدە. خولقێنەر دەیهەوێت نەتەوەیەک، میللەتێک لە ناو ببات و بۆ کۆمەڵگای جیهانی ئەم خاڵە زۆر گرنگە

ئەگەر بسەلمێنرێت خولقێنەری ئەم جنایەتە ئەیهەوێت یەک نەتەوە لە ناو ببات، ئەمە ئەبێت بە جنایەتی جینوساید. بەڵام ئەو تاوانەی کە لە لایەن ئامریکا لە هیرۆشیما ڕووی داوە ئەبێت تاوانی شەڕ؛ واتە دوڵەت دێت بە ئەنقەست خەڵکی ئاسای لە ناو دەبات ئەگەر ژمارەی ئەوکەسانەی کە دەکوژرێن زۆر بن، ١٠٠٠٠٠ کەسیش بن، کاتێک بسەلمێنێت بۆ لەناوبردنی ئەو نەتەوە نەبووە، نابێت بە جینوساید. ئامریکا ئەم چەکە کیمیاییەی بۆ ملشۆڕبوونی ژاپۆن بە کار هێنا، ئامانجی لە ناو بردنی نەتەوەی ژاپۆن نەبووە بەڵام ئێمە چەندین بەڵگەمان هەیە کە ئەیسەلمێنێت دەوڵەتی سەدام ئامانجی تیابردنی میللەتی کورد بووە. بۆیە تاوانی جینۆساید لە هەموو تاوانە نێونەتەوەییەکان و هەروەها تاوانەکانی شەڕ گرنگترە. کاتێک ئەم تاوانە ڕوو بدات کۆمەڵگای نێودوڵەتی ئەو بەر پرسایەتەیەی هەیە کە ئەو بارودۆخەی کە بەدی هاتووە لە ئاکامی تاوانی جینۆساید بە فەرمی نەیناسێت و یارمەتی بدەن بارودۆخەکان بگەڕێتەوە بۆ جاری یەکەم. ئەوانەی کە زیانیان پێ گەیشتووە بنەماڵەی ئەوانەی کە کوژراون یارمەتی بدرێن، بۆ وێنە دەوڵەتی ئاڵمان سەندووقێکی هەیە کە لە ساڵی٢٠٠٠دا دایناوە بە نێوی بەرپرسایەتی و وەبیرهاوردن و داهاتوو بۆ ئەو جنایەتەی کە ڕەژیمی ئاڵمانی نازی دژ بە جوولەکەکان کردوویە، غەرامەیان پێ دەداتەوە.

لە جنایەتی سەدام تەنیا دەوڵەتی عێراق هاوبەش نەبووە، تەنیا خولقێنەر سەدام نەبووە. لە دادگای وەن ئان رایت دەرکەوت کە چەن دەوڵەتی دیکەی ڕۆژئاوایی مادەی کیمیایی بەڕژیمی عێراق داوە کە نزیک بە ١٥٠٠٠ تۆن بووە و لە وڵاتانێک وەکوو ئاڵمان، مێسر، هێند و... هەموویان بەرپرسایەتیان هەیە لە بەرامبەری گەلی کورددا و ئەمرۆکە دەبینین تەنیا چوار دەوڵەت دیاریان کردووە کە جنایەتی جینۆساید لە هەڵەبجە ڕووی داوە و بە داخەوە ئەو دەوڵەتانە یارمەتی عێراقیان داوە بەوبەرپرسایەتیە عەمەڵ ناکەن ئێستە لە عێراق لە بەرامبەری داعش کورد شەر دەکات کە بە هەزار منەتەوە جەکێکیان پی دەدەن ئەویچ بۆ ئە تەهدیدانەی کە دژ بە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی هەیە. ئەوبەرپرسایەتیە کە بەرامبەر بە هەڵەبجە بوو چی؟ بەبروای من ئەبێ لە ئەم ئاقارە کۆڕی ئاکادمی،کۆڕی دەوڵەتی ،حکومەتی حەرێم بەرپرسایەتی زۆرێکیان هەیەکۆڕهایەک وەکوو ئەم کۆڕە باس و پێداگری لەوەبکەین کە ئەم بەر پرسایەتیەی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیە بناسێنین و بیریان بێنین کە ئێوە ئەم بەرپرسایەتیتانە هەیە لە بەرامبەری کوردان و بەڕێوە نەتان بردە.ودەبێت کۆرهایەکی زۆرتربێت کە ئەم باسە لە بوارەکانی جۆراوجۆری دەروونناسی ،مافی و کۆمەڵناسیەوە زۆرتر شی بکرێتەوە.

# پێویستیی دابین‌کردنی ناوەندێک بۆ ڕێنووس



نەجمەدین براخاسی
(هەوار)

که سەیری ئەم حەوتەنامەیە دەکەی دەبینی شێوازێکی ڕێنووسیی ڕەچاو کردووە. که دەچی دانەیەکی تر چاو لێ‌ئەکەی شێوازێکی تر و هەروەتر. که چاو لە کتێبێک دەکەی دەبینی «ر»ی سەرەتای وشە بە »ر«ی ناسک نووسراوە و که سەیری کتێبێکی تر دەکەی بە »ڕ«ی قەڵەو. که لە هەرکام لە نووسەرەکانیشی دەپرسی هەریەکەو بۆ خۆی هەندێ بەڵگەی پتەوت بۆ دەهێنێتەوە که سەرت سووڕ دەمێنێ که چۆنە دوو شێوازی جیاوازی نووسین هەیە و هەرکامەشیان دروستن؟ وەک پەندە بەناوبانگە پێشینییەکە هەرکەس بەتەنیا چوو بۆ لای قازی، دەگەڕێتەوە ڕازی. که بە یەکیشەوە دەکەونە وت‌وویژ و وت‌وویرە، هیچیان ڕازی نابن واز لە ڕەوتەکەی خۆیان بهێنن. هەرکامیان بۆ خۆی «عەللامەی دەهر»ە؛ بەڵام ڕاستییەکەیت بووێ کاکە «عەللامەی دەهری»ن کە بە هیچ کلۆجێک واز لە بیری ڕاست یان درۆی خۆیان ناهێنن. حەقیانە، نەریتی کۆمەڵگا وایە، نابێ پاشگەز ببیتەوە، دەنا بە دۆڕاو چاوت لێ‌دەکەن.

یەکێ «دروس» ئەنووسێ و یەکێکی تر «دروست» و یەکێکی تر «درووس» و ئەوی تر «درووست»!

یەکێک «دا»ی پاشگری تایبەت بە هەندێ کۆ-وشەی کوردی دەلکێنێ بە وشەکەوە (لە کتێبەکەمدا) و ئەوی تر نزیک دەینووسێ (لە کتێبەکەم‌دا) ... لەمەیاندا باشە کە هیچ‌کەس جیا نایینووسێ!!

یەکێ ناوی کەسەکان هەر بە شێوەی عەرەبی خۆی دەنووسێت و بەڵگەی ئەمەیە کە ناوی کەسەکان نابێ بگۆڕدرێن، بۆیە هەر لە سەر بەرگی کتێبەکە، لە کۆتایی فیلمەکەدا، لە تیتراژی گۆرانییەکەدا و لە...دا بۆ وێنە دەنووسێ: عبدالخالق، احمد، محمد و ... . یەکێکی تریش دەڵێ نا کاکە ئەم ناوانە دروستە کە لە زبانە سەرەکییەکەدا وا دەنووسرێن بەڵام کە دێنە ناو کوردییەوە «دەکوردێندرێن» جا بۆیە دەبێ بۆ وێنە هەر ئەو ناوانە ئاوا بنووسرێن: عەبدولخالق، ئەحمەد، محەمەد و ... . یەکێ لە بەڵگەکانیشیان ئەمەیە کە تۆ کاتێ سەیری هەموو زمانەکانی دنیا دەکەیت

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کەسەکان و شوێنەکان بە زبانی خۆیان دەردەبڕن؛ بۆ وێنە »محمد« لە تورکیدا دەبێتە «مەهمەت»، لە فارسی و ئینگلیسیدا دەبێتە «مۆهەممەد»، با لە کوردیشدا ببێتە »محەمەد« و ...

یەکێک هەرچی «لەسەر» و «لەبەر» و «لەنێو» و «لە...» دەیلکێنێ؛ بەبێ ئەوە ڕۆڵ و ئەرکی ئەو «لە»یە لە بەر چاو بگرێ.

یەکێک «ەکان»ی نیشانەی کۆ هەروا دەلکێنێ؛ بەبێ ئەوە لە بەر چاو بگرێ کە وشەی پێشەوە بە چی کۆتایی هاتووە. بۆ وێنە »کات« دەنووسێ «کاتەکان»؛ بۆ «کاتی»یش دەنووسێ «کاتیەکان»؛ بەڵام یەکێکی تر دێت ولەم حاڵەتانەدا دەنووسێ «کاتییەکان».

یەکێ لە حاڵەتێکدا کە وشەیەک بە دوو «ی» کۆتایی هاتبێت و پاشگرێکی خرابێتە سەر، هەر بە دوو «ی» دەینووسێ: «ئاواییەکان»؛ یەکێکی تر دێت بە سێ «ی» دەینووسێ: «ئاوایییەکان» یان «ئاوایی‌یەکان». هەرکامیشیان بەڵگەی خۆیان دەکوتن بە سەر و چاوی ئاوی ترا کە ئێمە دروست دەینووسین!

ئەم تاقمە سەیر ئەوەیە لە حاڵەتێکدا کە وشەیەک بە دوو «و» کۆتایی هاتبێ وەک «بوو» لە کاتی پاشگر خستنە سەریدا بە سێ «و» ناینووسن؛ دەڵێن سێ دانە »و« لە دوای یەک ناشیرینە و نانووسن «بوووە».

یەکێک دەنووسێ «ویستوویە» و یەکێکی تر دەنووسێ «ویستوویەتی».

ئەمەیان هەرچی ویستم لەم قۆناغەدا بێهەڵوێست بم نەمتوانی: لە کتێبێکی زۆر پڕبایەخ بۆ کتێبخانەی کوردی _کە نامەوێ لێرەدا ناوی بهێنم_ هەرچی «و»ی پێوەندییە بە وشەی پێش خۆیەوە لکێنراوە؛ بەبێ ڕەچاوکردنی ئەرکی ڕێزمانیی «و»کە: بۆقو کۆترو کیسەڵ. کلیلەو دیمنە...

ئەمانە هەرکام لە حاڵەتێکدان کە وشەی نووسینی تەنیا یەک وشە بێ. سەیر و قوڕ لەوەدایە کاتێ وشەیەکی داڕێژراو یان لێکدراو (لێکدراو) بنووسرێ جا وەرە تماشای ئەم حەمەرەمزییە کە و بڕوانە:

یەکێک دەنووسێ «لەدایکبوون»، یەکێکی تر: «لە دایکبوون»، یەکێکی تر «لەدایک بوون»، یەکێکی تریش «لە دایک بوون»!!

یەکێک دەنووسێ: «دەستلەملکردن»، چەند کەسی تر دەنووسن: «دەست لەملکردن»، «دەست لەمل کردن»، «دەست لە مل کردن»!!!

«پشتگوێخستن»، «پشت گوێخستن»، «پشتگوێ خستن»، «پشت گوێ خستن»!!!

پێشگرەکان ئەوەی باشە هەندێکیان توانایی لکانیان نییە، ئەگینا قوڕێکمان بۆ ئەگێرایەوە نەک هەر ئێمەی تازەکاری نەزان، کە زانا نووسەر و خوێندەوارەکانیشمان لێی چەقیبایەن نەهاتنایە دەرەوە. ئەوەتا لە ناو پێشگرەکانی «دا، وەر، بەر، هەڵ، تێ، پێ، لێ، ڕۆ و...» ئەوانەی توانایی لکانیان نییە نووسینیان دیار و ئاشکرایە، بەڵام ئەوانەی ئەتوانن بلکێن سەرێکیان لێ شێواندووین هەر مەپرسە؛ بەتایبەت کاتێک جێناوێکی لکاو دەکەوێتە بەینەوە: «هەڵمگرن، هەڵم‌گرن، هەڵم گرن»،

هەواڵنامەی کتێب

«پێیانگەیشتن، پێیانگەیشتن، پێیان گەیشتن»، «تێهەڵدان، تێهەڵدان، تێ هەڵدان»... ئەگەر دانەکەش ئەو حسێبەی بۆ بکەین زۆرتر ڕۆدەچین» و...

«لە» و «بە» بە برە و بە ئیشتیا دەنووسرێ: هەیە »لە»ی پێشگر و «لە»ی وشۆک (پریپوزیشن، وردەوشە) و «لە»ی زاراوەی «لە...دا»یە دەلکێنێ بە وشەی دوای خۆیەوە، وەک لەسەر باوە تاهیر؛ لەسەر کتێبەکە داینێ، لەبەر تۆ ئاوام لێ هات؛ کۆتەکەت لەبەر کە؛ لەبەر چاوما بوو؛ بەهیوا بووم؛ بەدرێژایی مێژوو؛ بەبەر دەمتا تێپەڕیم و ...

لێرەدا باسی خاڵبەندی ناکەم کە تەنانەت زۆربەی ئەو کەسانەی سەبارەت بەوە نووسیویانە خۆیان لە وتارەکەی خۆشیاندا نەیانتوانیوە ڕەچاوی بکەن؛ چونکوو باسی سەرەکی ئەوان وەک مامۆستاکە وتی بۆ خەڵکە نەک بۆ خۆیان! ئەوان شت دەنووسن خەڵک ڕەچاوی بکەن.

ئەم باس و بابەتە جێگای لێوردبوونەوە و پێداچوونەوە و نمونەکهێنانەوەی زۆریان هەیە کە درێژەپێدانیان لێرەدا خوێنەر ماندوو دەکا بۆ چوونە ناو مەبەستی سەرەکی وتەکانم. ناوەندێکی هەمەلایەنە و گشتگیر و جێپەسەند و جێمتمانەی هەموو ناوچەکان لە کەسانی دڵسۆز و شارەزا و خوێندەوار و چالاکی ئەم بوارە دابمەزرێ دوور بێ لە هەرچەشنە دەستێوەردانێکی سیاسی و ئابووری و تەنانەت تاکەکەسی (بۆ وێنە کەسێک دەستی بڕوا لە شوورایان زانکۆ یان پارەدار بێ، بڵێ چون من وا دەڵێم دەبێ وا بێ!) هەر چەند ماوەیەک بە ڕاوێژی کەسانی دڵسۆز هەندێ بابەتی ئەم بوارە یەک لا بکاتەوە و بە دەمودەزگا چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوی بکاتەوە با ئیتر لەم سەرگەردانییە کە ئەمیش وەک مێژوومانی لێهاتووە ڕزگاری بێت. بۆ وێنە لە فارسیدا سەردەمێک «می» پێشگری نیشانەی بەردەوامی یان «ها»ی نیشانەی کۆ، دەلکان بە وشەوە: «مینویسیم»، «کتابها». فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی هات وتی جیا بکرێتەوە و لە قوتابخانەکاندا بە بەرەی ئێستا فێریان دەکەن بنووسن «مینویسیم» و «کتاب‌ها».

لەوانەیە بڵێن ئێمە »کۆڕی زانیاری کوردستان»مان هەیە کە تا ئێستا چەندین بڕیاری وای دەرکردووە و ئیتر پێویست بە ناوەندێکی تر ناکات. بەڵام بە دوو هۆکاری چکۆلە من دەڵێم پێویستە: ١- ماوەیەکی زۆرە کۆڕیش وەکوو تەواوی چالاکییەکانی کوردستانی باشوور تووشی کێشەی حیزبایەتی (نەک سیاسی) بووە و ناچالاک یان کەمچالاکە. ٢- ئەوەتا نامیلکەیەکی بچووکی ١٥ لاپەڕەیی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بە ناوی «ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی» بە ئامادەکردنی بەڕێزان ئەحمەد حەبیب و بە پێداچوونەوە و پەسندکردنی ئەنجوومەنی کۆڕ لە ساڵی ٢٠٠٤ هاتە دەرەوە کە خۆی پڕیەتی لە هەڵەگەلێ کە بڕیارەکانی خۆشی بەڕێوە نەبردووە. من لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم:

لاپەڕەی (لەمەودوا بەکورتی دەنووسم لا) ٥ نووسراوە: «گفتۆگۆ»، لا ٦ نووسراوە: «گفتوگۆ»

نووسراوە ئەنجوومەن؛ دروستەکەی ئەنجومەنە.

لا ٥: برێتییە؛ دروستەکەی بریتییە.

«لە» و «بە»کانی وشۆک زۆربەیان لکاون: بەدەنگەکان، بەپلەی، بەئەلفوبێی، لەگەڵاڵەکردنی، بەبڵاوکراوەکاندا و...

لا ٥ «ئاماژەپێدانیان» لکاوە؛ بەڵام لا ٦ «سەر لێ شێوان» جیایە؛ بێجگە لەوە «بە»ی پێوە لکاوە: «بەسەر لێ شێوان».

لا ٦: یەکگرتووبین. لا ٧: بەدوادادێت. لا ٩ (نووسراوە ٩٠!!):دۆڵ: Dol، کوشت: Kufit.

«ڕ»ی سەرەتای وشە هەم بە ناسک و هەم بە قەڵەو هاتووە: لا ١١: ڕێنووس، ڕێپێوان و ...

لا ١٥: ڕایان دەگرین، ڕام کێشە و ...

لا ١٣ ژمارە ١ نووسراوە: ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک: چیا: چیایەک و ... ئەی کوا پیتی بزوێنی (ۆ)؟ دەی خۆ «پەڕۆ» دەبێتە «پەڕۆیەک».

لا ١٥ دێڕی ٦: ڕاشیان پەڕێنن. دێڕی کۆتایی: نەشمانگرتن.

هەندێ هەڵەی ڕێنووسی تریش کە وەبەر چاو دەکەون.

جا ئەمە حاڵیناميلکەیەکی ١١ لاپەڕەیی بێت (چوار لاپەڕەی ناونیشانە) ئیتر حاڵی کتێبەکەیان چۆن بێ و وەرە ئەمانە ڕێپیشاندەرمان بن!! خوایە لە گوناحم خۆش بی، ئیرادم لە گەورەکان گرت!

هەوالنامەی کتێب

# فەرهەنگی ڕامیاری



عەدنان حسەینی

«فەرهەنگی ڕامیاریی پێشکەوتوو بەر بە کارەسات دەگرێت.»

ئەگەر نەڵێین گەشەی فەرهەنگی ڕامیاری سەرەکی‌ترین و گرینگ‌ترین مەرجی گەشەی هەمەلایەنەی هەر کۆمەڵگایەکە، دەتوانین بڵێین کە یەکێکە لە سەرەکی‌ترین و گرینگ‌ترینەکان. ئەمە ڕوون و ئاشکرایە کە پێکهاتەی ڕامیاری، بەهێزترین، گشتگیرترین و دەوڵەمەندترین دامەزراوەی هەر کۆمەڵگایەکە کە ڕەوایی بەکارهێنانی دەسەڵات و هێز و دارایی لە بەرزترین ئاستدا هەیە. کەوایە دەتوانێت کاریگەرترین دامەزراوەی هەرکۆمەڵگایەکیش بێت لە زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکاندا. دەتوانین وڵاتگەلێک وەک کۆریای باشوور، سەنگاپوور، مالیزیا، بەرازیل و ... وەک چەند نموونە بێنینەوە کە ئەمە چاکسازی و گەشەسەندنی دەسەڵاتی دیموکراتیک بوو کە لە گەشەکردندا قەڵەمبازێکی گەورەی دا بەم وڵاتانە. واتە چاکسازیی لە خوارەوە خۆی لە خۆیدا نابێتە هۆی گەشەسەندن و پێشکەوتن؛ بەڵکوو بەستێن خۆش دەکات بۆ ساتەوەختێکی مێژوویی کە دەکەوێتە بەردەم کۆمەڵگایەک بۆ گەشەکردن. دەتوانین بڵێین کە هەنگاونان بۆ ناو بازنەی گەشەکردن، تەنیا ساتەوەختێکە کە دەکەوێتە بەردەم هەر کۆمەڵگایەک، ئەگەر ئەم هەلە نەگوێزرایەوە، ئەوا گەشەکردن خوا ئەزانێت بۆ چ کاتێکی تر دوا دەکەوێت. ئێران نموونەیەکی زەقی ئەم حاڵەتەیە. زیاتر لە حەفتا ساڵە بە پوتانسێلێکی زەبەلاحی مادییەوە خەریکی بەرنامەدانانی چەقبەستووە بۆ گەشەکردن، ئاکامەکەیشی دیارە.

هەرجۆرە بڕیار و یاسایەکی پێکهاتەی ڕامیاری، لە سەر تاک‌بەتاکی هەر جڤاکێک کاریگەرە. هیچ مرۆڤێک بۆی نییە لە دەرەوەی دەفری دەسەڵاتی سیاسیدا بژیەت. سەیر ئەوەیە لە ئاوەها هەل‌ومەرجێکدا زۆربەی خەڵک لە بەرزکردنەوەی خوێندەواری و بەهێزکردنی

هەواڵنامەی کتێب

فەرهەنگی سیاسی خۆیان و بنەماڵەکەیان، خۆ دەدزنەوە و بە بڤەی دەزانن.

یەکێک لە دیارترین پێناسەکانی سیاسەت بریتییە لە ئەوەی کە "ڕامیاری ئاکامی پێوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگایە (بشیریە: ١٣٧٩، ٣٢٨). ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگا خاوەنی فەرهەنگێکی پێشکەوتووی ڕامیاری نەبن، بوار بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی ڕامیاری لە شێوازی نەریتیدا هەموار دەبێت. داسەپاویی نەریتی حاڵەتێکە کە دەسەڵاتی سیاسی و کارەکانی ئەمریکی پێشوەخت دیاری کراوە و دەسەڵاتدار دەتوانێت حکوومەت بکات بە بوارێکی تاکەکەسی. لە داسەپاویی نەریتیدا، بنەما وا لە سەرووی ناوەند و دامەزراوە نەریتییەکان و حاکمیش بۆ پاراستنی خۆی، ئەو دامەزراوانە بەهێزتر دەکات و پشتیوانیان لێ دەکات و بە پێچەوانە. لەم بارودۆخەدا دیارە کۆمەڵگا دەکەوێتە چ بازنەیەکەوە. لێرەوە حاڵەتێکی نەریتی باڵ دەکێشێت بە سەر زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵگادا و دەبێتە لەمپەرێک بۆ هەر بیرێکی مودێڕن. بۆ نموونە هەم کۆمەڵگا و هەم پێکهاتەی ڕامیاری بەرەو عەشیرەگەری و پێوەندییەکی خوێنی و بنەماڵەیی دەڕوات. هەر ئێستا نموونەی ئەم حاڵەتە لە زۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکاندا دەبینرێت.

یان شێوەی بەڕێوەبردنی کارەکان بنەمایەکی کۆن و نەریتی دەگرن و دەبنە ڕێگر لە پێشکەوتنی بورۆکراسی ئاوەزیانە(ئەقلانی) کە ماکس وێبێر بە یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکان و هۆکاری پێشکەوتنی جڤاک و ژیاری ڕۆژئاوای دەزانێت (پێشوو: ٦١-٦٠)

دیارە کە بەهێزبوونی ئەو حاڵەتانەی سەرەوە تا چ ڕادەیەک بنەمایەکی پتەو بۆ دروستبوونی حکوومەتێکی دیکتاتۆر، توتالیتێر و ستەمکار (دیسپۆتیست) دەڕەخسێنێت. ئەگەر ئاوەها فەرهەنگێکی سیاسی ڕەگ داکوتێت، دیارە کە ئەو کۆمەڵگایە چ ئامادەبوونێکی بۆ گەشە و مودێڕنبوون هەیە. ڕەنگە ئەگەر ئەو فەرهەنگە زۆر لە خۆی بکات کە هەنگاوێک بەرەو گۆڕان هەڵبگرێت، هەتا ئەو شوێنە بڕ بکات کە بوار بۆ دەسەڵاتێکی کاریزماتیک بڕەخسێنێت. دەسەڵاتی کاریزماتیکیش بنەمایەکی نائاوەزیانەی(غیرعقلانی) هەیە کە پێشبینیهەڵگر نییە. ئەو دەسەڵاتە ئاکامی هەلومەرجێکی نایاسایی و گوشارگەلێکی زۆری ئابووری، کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەیە کە خەڵک بە شوێن دەروویەک و وڵامێکی خێرادا دەگەڕێن کە لە دەموچاوی کەسایەتییەکی کاریزماتیکدا دەیبیننەوە. یان ڕەنگە وڵامێک بێت بۆ پرسیار لە واتاداربوون یان ئاوێنەیەک بێت بۆ بینینەوەی شوناس و کیەتی خۆ. لەم حاڵەتەشدا پێوەندی خەڵک و دەسەڵات، دەبێتە پێوەندییەکی مورید و شێخ کە دیارە کۆتاییەکەی بەرەو کوێ دەڕوات.

کتێبی کلاسیک و گرینگی *شیکاریی دیمۆکراسی لە ئامریکا* نووسینی ئالێکسی دۆتۆکڤێل، وانەی گەورەی تێدایە سەبارەت بە گرینگی و دەوری فەرهەنگی سیاسی لە گەشەکردندا. دۆتۆکڤێل لە زۆربەی هەرەزۆری شوێنەکاندا دەور و بەشداریی خەڵک لە کۆڕ و ئەنجومەنەکان بەتایبەت ئەنجومەنە ڕامیارییەکاندا، بە فاکتەرێکی گرینگ و کاریگەر دەزانێت. "لە ئامریکادا ئەمە خەڵک و گەلە کە یاسادانەرەکان هەڵدەبژێرن. جەماوەر بۆ پێڕاگەییشتن بە کاری نایاسایی دادگا

دروست دەکات ... بەتەواوەتی دیارە کە هەڵسووڕانی کارەکانی کۆمەڵگا، زایەڵەیەکە لە هزر و بۆچوونەکان و بەرژەوەندییەکان و تەنانەت داخوازیگەلێک کە ئاکامی شاگەشکە(هیجان)کانی ئەوە ... زۆرجار زۆرینەی گەل لە تاکگەلێکی ئارام و هێمن پێکدێت کە چ لە باری سەلیقە و چ لە باری دابینکردنی بەرژەوەندییەکانەوە خوازیاری خێر و چاکەی کۆمەڵگایە" (دۆتۆکڤیل: ١٣٨٣، ٢٢٥).

دامەزرێنەرانی ئامریکا، ئەو کەسە نارازییە سیاسی، ئابووری، مەزهەبی و فەرهەنگییانە بوون کە بوار و دەرفەتێکی باشیان لەبەردەم خۆیاندا بینی کە کۆمەڵگایەکی نوێ دامەزرێنن کە گرینگترین سەرمایەکەی، سەرمایەیەکی مرۆیی بوو. ئەم کەسانە هەوڵیاندا کە نەهێڵن ناشیرینییەکانی ئورووپای دیکتاتۆرئاژن، لە ئامریکایشدا ڕەگ داکوتێت. بۆ نموونە دۆتۆکڤێل لە سەر ئەمە جەخت دەکات کە خەڵکی ئامریکا هەر لە منداڵییەوە لە دەسەڵاتی ڕامیاری دڕدۆنگ و خانەگومانن و حەز ناکەن بسەپێت بە سەریاندا. هەوڵ دەدەن تا ئەو شوێنە کە دەکرێت، ڕووی دەمیان لە دەسەڵاتی ڕامیاری نەبێت و بۆ خۆیان پێکەوە کارەکانیان بەڕێوە ببەن. هەر ئەمە وای کردووە کە تاک خۆی بە ئازاد بزانێت و هەوڵدەدات ئەو ئازادییە تاکییەی بپارێزێت. بۆیە زۆرتر هەوڵدەدەن کە خۆیان ئەنجومەن و کۆڕگەلێک بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان دروست بکەن. بەم بۆنەوە ئازادیی دروستکردنی ئەنجومەن و NGO لە ئامریکادا زۆر بەرفراوانە و دەسەڵاتیشیان زۆر زۆرە. ئەم فەرهەنگە دەبێتە لەمپەرێک بۆ ئەوەی لە هەموو بوارەکاندا، دەوڵەت نەبێتە دەمڕاست و خاڵی ڕەهای بڕیاردەر (پێشوو: ٢٥١-٢٥٤).

فەرهەنگی پێشکەوتووی ڕامیاری، تاکەکانی کۆمەڵگا بە ماف و بەرپرسیارێتییەکانیان ئاشنا دەکات. ناهێڵێت کە دەوڵەت تاکی خاوەن شوناس و ناسنامە و مافدار بکات بە ئاپۆرەیەکی بێناسنامەی ئاڵۆزی بێسەروبەرە کە دوایی خۆی چۆنی پێ خۆش بێت دایانبڕێژێت و شکڵیان پێ بدات. ئەمە بەشداریی ڕامیاری ڕاستەقینەی خەڵک لە سەر بنەڕەتێکی تۆکمە و پێشکەوتووی فەرهەنگی سیاسییە کە گەشەی سیاسی و دواتر هەمەلایەنە بە شوێن خۆیدا دەهێنێت. ئەگەری بەشداری لە چوارچێوە نادیمۆکراتیکەکاندا لە باشترین حاڵەتدا تەنیا مەزەندەیەکە و لە خراپترین حاڵەتدا، فریودانە. لەڕاستیدا چەمکی بەشداریی لە دەرەوەی چوارچێوە دیمۆکراتیکەکاندا شتانێک وەک ڕێژە چەکدارییە ڕێکخراوەکان لە لایەن ڕژێمە سیاسییەکانەوە، خۆپیشاندان و هەڵبژاردنە ساختە بێڕکابەرەکان لە سیستمە کۆمۆنیستی و نازییەکان بە بیر دێننەوە. بەشداریی ڕاستەقینە بە واتای هەبوونی ڕەوتی کاریگەرە بەرەو سەرەوە کە نەخشەڕێگای دەوڵەتی پێکدەهێنێت و ڕێبازەکان دیاری دەکات" (فریدمەن: ١٣٨٠، ١٧).

پێشکەوتوونەبوونی فەرهەنگی ڕامیاری لە کۆمەڵگادا وا دەکات کە ڕێگە خۆش ببێت بۆ بیرۆکەگەلێکی نیمچەزانستی(شبەعلمی) ڕامیاری و بیرۆکەی ڕامیاری-کۆمەڵایەتی کە بە شێوەیەکی ڕووکەش بەرنامەی مەترسیدار بنوێنن(تجویز کنند) بۆ تاک و کۆمەڵگا. بیرۆکەگەلێکی ڕووکەش کە تەنیا ئاکامی مۆدێکی هزرین. ئەم حاڵەتە لە بواری هزری و فەرهەنگی سیاسیدا مەترسیدارترە؛

چونکا لەوانەیە کە ئەم مۆدە ڕووکەشە هزر و کردەوە ڕامیارییانە دەسەڵات بدەنە دەست سیاسەتمەدارانێکەوە کە هەڵەی گەورە و ڕووخێنەر بکەن. هەڵەی سیاسەتمەداری دەسەڵاتبەدەست دەتوانێت ژیانی هەزاران و بگرە ملوێنان کەس بخاتە ژێر مەترسییەوە. مێژووی جیهان بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا تەژییە لەم هەڵە گەورانە و لە زۆر شوێنیشدا بەردەوامە. نموونەی یەک لە هەرە گەورەترینەکان، هەڵەکانی ئادۆلف هیتلەرە کە ئاکامی بەلاڕێداچوون و گەشەنەکردوویی فەرهەنگی سیاسی ئاڵمانییەکان بوو. یان بەردەوامیی پشتیوانیی خەڵکی ڕووسیا لە شۆڕشە کۆمۆنیستییەکەی لێنین و هاوڕێیانی.

لەم ساڵانەشدا لە ناو زانکۆکانی ئێراندا مۆدێکی هزری ڕامیاری-کۆمەڵایەتی چەپ و سۆسیالیزم لە ئارادایە کە هزرێکی ئاوێتەیی (التقاطی) و ڕووکەش لە بڵاوبوونەوەدایە کە خەریکە وزەیەکی زۆر لەو خوێندکارە کەمە لایەنگرانەی باس و فەرهەنگی سیاسی دەگرێت و خەریکە ئەو نەختە خوێندکارە چالاکە ڕامیاریەش تووشی خەسار دەکات. بۆیە دەڵێین ئاوێتەیی، کاتێک گوێ لە باس و بابەت و بنەما فکرییەکانیان دەگرین، بۆ نموونە دەیانەوێت هەم کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی پێکبهێنن و هەم تەواوی تایبەتمەندییەکانی ئازادیی تاکیش بپارێزن. واتە توخمگەلێک لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، لێنینیزم، چەپی نوێ و لیبراڵیزم پێکەوە ئاوێتە کراوە. ئاشکرایە کە کۆکردنەوەی ئەمانە لە پێکهاتەیەکی دروستی هزری یان ڕامیاریدا، هەرگیز ناگونجێت. میلتۆن فریدمەن گوتەنی "کۆکردنەوەی ئازادیی تاک و سیستمێکی سۆسیالیستی، لە وەهم و گومان زیاتر شتێکی دیکە نییە. کۆمەڵگایەکی سۆسیالیست ناتوانێت لە هەمان کاتدا لە باری مسۆگەرکردنی ئازادیی تاکەوە دیمۆکراتیش بێت." (موفە: ١٣٩١، ٩٩)

یەکێکی تر لە مەترسییەکانی کەوتنە داوی مۆدی هزری و سیاسی، ئەوەیە کە مۆد لە هەر حاڵەتێکدا زوو دێت و دەیەوێت زووش خۆی بسەپێنێت. لەم کاتەدا مەجالی ئەوە نادات کە بەباشی شیکاری لە سەر بکرێت و خاس شەن و کەو بکرێت. واتە لایەنگرەکانی تووشی هەستیاری و شاگەشکە دەکات و لە کەشوهەوای ئاوەزیانە دووریان دەخاتەوە. ئەو هەڵە دەڕەخسێنێت کە سیاسەتوانیش سواری ئەو شەپۆلە بێت و ئەویش بڕیاری کاڵوکرچ بدات. لەم کاتانەدا فەرهەنگی ڕامیاری کۆمەڵگا بەلاڕێدا دەچێت کە لەوانەیە یەک دوو وەچە لەو کۆمەڵگا تووشی زیان بکات و تێچووی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە زۆر زۆر بێت و ئەزموونی شکستێکی دیکە بخەنە سەر شکستەکانی ئەو کۆمەڵگا گەشەنەکردووە لە باری فەرهەنگی سیاسییەوە. بۆ نموونە هزر و سیستمی چەپ لە کوردستان و جیهاندا زۆربەی هەرەزۆری ئەزموونەکانیان شکست بووە، ئێستا نەوەی نوێ بۆچی گەرەکیەتی ئەزموونی شکستێکی دیکە دووپات بکاتەوە؟ یەکەم وڵام، نەبوونی فەرهەنگێکی گەشەکردووی ڕامیارییە. کەشوهەوای مێژووی ئێران وای کردووە کە تاک و بنەماڵەکان بەتەواوەتی لە سیاسەت و هەر شتێکی پەیوەندیدار بە سیاسەتەوە سڵ بکەن و لووتەلا بن و تەنانەت ئەلفوبێی فەرهەنگی سیاسی و سیاسەت فێری منداڵەکانیان نەکەن یان ڕەنگە خۆیشیان هەر نەیزانن. دوورەپەرێزی لە سیاسەت

یەکێکە لە دیارترین ئاکامەکانی گەشەنەکردوویی فەرهەنگی ڕامیاری و وا دەکات بازنگەیەکی بێبڕانەوە دروست ببێت و بەتایبەت وا دەکات کە دەستەبژێر و نوخبەی کارامە و پڕۆفیشناڵی سیاسی دروست نەبێت و بوار بۆ هەلپەرستی ئامادە بێت.

## ئاکام

لە دەمەقاڵەی نێوان هەڤیازیی(ئەولەویەت) گەشەی ڕامیاری یان گەشەی ئابووریدا، لایەنی هەرکامیان بگرین، گومانی تێدا نییە کە گەشەی فەرهەنگی ڕامیاری پێش‌مەرجێکی گرینگی گەشەی هەمەلایەنەیە. هەرچەند لە نەوەدەکاندا باسی بەجیهانیبوون و کاڵبوونەوەی سنووری دەوڵەت-نەتەوەکان هەتا ڕادەیەک زاڵ ببوو و دەوترا کە دەبێت بۆ گەشەی بیری ڕامیاریی جیهانی کار بکرێت و وا باشترە کە لە دەستەواژەی cosmopolitan واتە جیهان‌وڵاتی کەڵک‌وەرگرین. بەڵام ئەو شەپۆلی سەربەخۆییخوازیی بەگوڕبوونەوەی بیری ناسیۆنالیستی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست‌ویەک، بیرۆکەی بەجیهانیبوون و کاڵبوونەوەی دەوری دەوڵەت-نەتەوە و سنوورە نەتەوەییەکانی خستووەتە ژێر گومانی جیدییەوە. بیرمەندگەلێکی دیکە پێشنیار دەکەن کە دەستەواژەی cosmopolitical واتە جیهان‌ڕامیاری بەکار بەرین. لە هەر حاڵدا ئەمە فەرهەنگی سیاسی پێشکەوتووی تاکە کە کۆمەڵگا یان جیهان بەرەو ئاقارێکی باشی سیاسی دەبات.

سەردەمی خوێندکاربوون دەرفەتێکی باشە بۆ نزیک‌بوونەوە لە سیاسەت و پرۆڤەی فەرهەنگێکی دیمۆکراتیک و گەشەخوازیی سیاسی؛ چونکا کەش‌وهەوای زانکۆ ئاوەڵاترە و شوێنێکی زانستی و ئاکادێمیکە و کێشەی بەرژەوەندیی تاکیی یان گرووپی، هێندە لە ئارادا نییە و دەکرێت خوێندکارەکان بە دیدێکی مرۆیی و ئاکارییەوە لە سیاسەت نزیک ببنەوە و ئەو دوورەپەرێزیی و لووتەلاییەی نوخبەکان لە سیاسەت کاڵ ببێتەوە و ئەم حاڵەتە شۆڕ ببێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا و تەنیا لە حەسارەکانی زانکۆدا قەتیس نەمێنێتەوە.

## سەرچاوەکان:

بشیریه، حسین. *جامعه‌شناسی سیاسی: نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی*. تهران: نشر نی، ١٣٧٩.
دوتوکویل،آلکسی. *تحلیل دموکراسی در آمریکا*، ترجمه رحمت‌الله مقدم مراغه‌ای. تهران: انتشارات علمی فرهنگی.
فریدمن، میلتون. *سرمایه‌داری و آزادی*، ترجمه غلامرضا رشیدی، تهران: نشر نی.
موفه،شانتال. *درباره امر سیاسی*، ترجمه منصور انصاری. تهران: نشر رخداد نو، ١٣٩١.
هانتینگتون، ساموئل واینر، مایرون. *درک توسعه سیاسی*. ترجمه و نشر پژوهشکده مطالعات راهبردی، تهران.

هەوارگەی کتێب

# فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی

هەواڵنامەی کتێب

# دوایین هەناسەکانی فۆلکلۆری کوردی



مەزهەر ئیبراهیمی

نەتەوەی کورد خاوەن فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندە. ڕۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەرانی بیانی و ناوخۆ زۆرجار لە دەوڵەمەندیی و بەربڵاویی ئەدەبی زارەکیی کوردی دواون. کۆنترینیان نووسراوەکانی هیرۆدۆت و گەزەنفۆنن کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا ئاماژەیان بە ئەفسانەی کوردی کردووە. هێندێک ئاماژەیان بە بڵاوبوونەوەی ئەم کەلەپوورە دەوڵەمەندە لە نێو گەلانی دراوسێشدا کردووە. بۆ نموونە مینۆرسکی دەڵێت: «لای ئاسوورییەکانی چیا، وتنەوەی گۆرانی کوردی و گێڕانەوەی چیرۆکی کوردی بووەتە عادەتێکی گشتی». هەروەها ماروو، ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو، لە ساڵی ١٩١١دا نووسیویەتی: «فۆلکلۆری کوردی لە ناو گەلانی تری ڕۆژهەڵات وەک عەرەب، فارس، تورک، ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووریشدا باوە». خ. ئابوڤیان، ڕووناکبیر و ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ئەرمەنی، لە ساڵی ١٨٤٨دا نووسیویەتی: «شیعری فۆلکلۆری کوردی هەنگاوی گەورەی هاویشتووە و گەیشتووەتە ڕادەی پوختی و نایابی. لە هەر کوردێکدا هەست و بەهرەی شاعیری بەدی دەکرێت و زۆرجار بە ساز و ئاوازەوە گۆرانی بە سەر دۆڵ و چیا و تاڤگە و ڕووبار و گوڵ و چەک و ئەسپ و قارەمانێتی و جوانیدا دەڵێن ...». ڤاسیلی نیکیتین لە کتێبی *کوردان* کە لە ساڵی ١٩٦٤دا لە مۆسکۆ بڵاو بۆتەوە، دەنووسێ: «ئەدەبی کوردی لە پلەی یەکەمدا فۆلکلۆرە. لەو فۆلکلۆرەدا تەنیا پاشماوە و میراتی بەرەکانی پێشوو نابیندرێت، بەڵکوو ئەمڕۆکەش ئەم فۆلکلۆرە، بەڵگەیە بۆ توانایی لە ژیاندا و بۆ ڕەنگینیی هێزی بەرهەم-هێنان». حاجی قادری کۆیی سەبارەت بە گرنگێتی ئەفسانە و بەیتی کوردی وتوویەتی:

بەیتی «دمدم» کە قەدری نازانن　　پاکی سیحری حەڵاڵی کوردانن
وەکوو *شانامە* گەر بنووسرایە　　لێت موعەییەن دەبوو چ وەستایە
«ئەسپی ڕەش» بەیتی تا بڵێی چاکە　　نەزمی یەکجار سوار و چالاکە ...

ئاشکرایە هیچ بەرهەمێک بەبێ کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی بەرەکانی پێشوو لە دایک نابێت. جا ئەگەر ئەم ئەزموونە دەرئەنجامی کاری هەرەوەزیی گەلێک بێت و بە درێژایی مێژوو لە هەڵە و لاوازی بژار کرابێت، ئاشکرایە پڕبایەختر و ڕێکوپێکتریشە. بە بڕوای ئەلێکساندر کراب «فۆلکلۆر زانستێکی مێژووییە، بۆیە دەبێ ئەم زانستە بپارێزرێت و ببێ بە بەردی بناغەی ئەدەبی پێشکەوتوو». خاوەنڕایان نەک هەر ئەدەبی زارەکییان بە ڕێخۆشکەری ئەدەبی پێشکەوتوو زانیوە، بەڵکوو بە دایکی زانستیش ناوی دەبەن و قۆناغەکانی مێژوو لە ئوستوورە و ئەفسانەوە دەگەیێننە زانست. هەروەها پێیان وایە ئەگەر ڕۆژانێک فەلسەفە بە دایکی زانستەکان دەزانرا، ئەوا ئەمرۆ ئەفسانە و ئوستوورە بە دایکی فەلسەفەش دەناسرێت.

ماکسیم گورکی ئەدەبی زارەکی بە بناغەی ئەدەب ناودێر دەکا. ئەگەر سەرنج بدەینە شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان، ڕاستیی ئەم وتەیەمان بۆ دەردەکەوێ و دەبینین کە چۆن ئەو شاعیر و نووسەرە داهێنەرانەش کەڵکیان لە ئەدەبی زارەکی وەرگرتووە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم کارتێکەرییە لە ئەدەبی فارسیدا، *شانامە*ی فیردەوسی‌یە کە لە فۆلکلۆری نەتەوەکانی ئێران پێکهاتووە. لە ئەدەبی کوردیشدا دەتوانین ئاماژە بە *مەم و زین*ی ئەحمەدی خانی بکەین. هەرووەها سەرجەم ئەدەبی گۆرانی لە سەر بنچینەی کێشی بڕگەیی دامەزراوە کە کێشێکی خۆماڵییە. لە شاعیرانی هاوچەرخیشدا عەبدوڵا گۆران، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو و ... لەم کێشە بڕگەییە کەڵکیان وەرگرتووە و کردوویانەتە بەردی بناغەی کۆشکی شیعریان. لە شێعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا «گێڕانەوە»، کە لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی چیرۆک و بەتایبەت ئەفسانە و حەکایەتە، بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕەنگی داوەتەوە و شاعیر بۆخۆی هۆکارەکەی بۆ کاریگەریی ئەو حەکایەتانە دەگەڕێنێتەوە کە لە سەردەمی منداڵیدا لە دایکی بیستووە.

ڕۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەرانی بیانی لە سەدەی هەژدەیەمەوە، تاکوتەرا، هەوڵی کۆکردنەوەی ئەدەبی زارەکیی کوردییان داوە. کۆنترینیان دەستنووسێکە بۆ ساڵی ١٧١١ زایینی دەگەڕێتەوە و بریتییە لە ١٥ پەند و قسەی نەستەق و لە ئەرشیفی *ماتێنا داران* لە ئەرمەنستان پارێزراوە. لە سەدەی نۆزدە و بەتایبەت بیستدا هەوڵەکان چڕتر بوونەوە و کەسانێک وەک ئەلێکساندر ژابا، ئەلبێرت سۆتسین، ئیگین پرایم، سەرکیس ئایکۆنی، ئەلبێرت ڤۆن لۆکۆک، ئۆسکار مان، ڤاسیلی نیکیتین، هۆگۆ مەکس، پیتەر لێرخ، ڕۆژێ لیسکۆ، ئاندرێ برۆنێل، مارگاریتا ڕودێنکۆ و سووکر مان گەلێک بەرهەم و توێژینەوەی بەبایەخیان پێشکەش کرد.

لە نێو کورداندا گەورەشاعیری نیشتمانپەروەر، ئەحمەدی خانی، بە هۆنینەوەی چیرۆکی فۆلکلۆریی «مەم و زین» یەکەم هەنگاوی لەم بوارەدا هەڵهێناوە. هەروەها لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا مەلا مەحموود بایەزیدی بە هاوکاریی ئەلێکساندر ژابا گەلێک بەرهەمی لە فەوتان ڕزگار کردووە. پاشان لە سەدەی بیستەمدا خەمخۆرانێک وەکوو پیرەمێرد، حاجی جوندی، ئەمینی ئەڤداڵ، قەناتی کوردۆ، عەلائەدین سەجادی، ئۆردیخان

هەواڵەی کتێب

جەلیل و جەلیلی جەلیل و کەسانی تر، هەوڵی بەرچاویان لەم بوارەدا داوە و هەتا ئێستاش هەوڵی تاکەکەسی هەر بەردەوامە. بەڵام ئەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێ کە ئەم هەوڵانەی لێکۆڵەرانی بیانی و ناوخۆ لە ئاست بەرفراوانیی فۆلکلۆری کوردیدا گۆمێکە لە بەرانبەر گۆلێک بەرهەم و ئاسەواری تۆمارنەکراودا. نەتەوەکانی تر بەتایبەت ڕۆژاواییەکان، زۆر دەمێکە ئەم ئەرکەیان بە ئاکام گەیاندووە و ناویانەتە تاقەوە؛ ئەڵبەت نەک بە تێکۆشانی تاکەکەسی، بەڵکوو بە دامەزراندنی ڕێکخراوەی تایبەت و تەرخانکردنی پارە و کەرەستەی پێویست.

ئێمە لە بواری بەدامەزراوەییکردنی هەوڵەکان بۆ تۆمارکردنی فۆلکلۆر بەگشتی و کۆکردنەوەی ئە-دەبی زارەکیدا، هێشتا لە سەرەتای ڕێگادایین و ئێستاکەش هەوڵە تاکەکەسییەکان لە پلەی یەکەمدان. لە باشوور بە دامەزرانی «ئەنستیتۆی کەلەپووری کورد» لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهوکدا تا ڕادەیێک ئەم کەلێنەیان پڕ کردۆتەوە. لە ڕۆژهەڵات «توێژینگەی کوردستانناسی»ی زانستگای کوردستان چەند ساڵێکە هەوڵەکانی دەستپێکردووە و لە باکووریش «وەقفا مێزۆپۆتامیا» پێی ناوەتە ئەم مەیدانەوە.

جێی باسە کە تێکۆشان بۆ بەرهەڤکردن و تۆمارکردنی فۆلکلۆری کوردی بە هەموو بەشەکانیەوە، چ بە شێوەی تاکەکەسی و چ وەکوو کاری دامەزراوەیی، لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر جیاوازە و هەندێ ناوچە هەن کە کاریان بۆ نەکراوە و ئەگەریش کرابێت، هێندە کز و لاوازن هەر وەبەر چاو ناکەون.

مخابن دەرفەتەکان خێرا دەڕەڤن، زەمەن وەکوو ئەسپێکی شێت لەغاردایە و بۆ کەسیش ڕاگیر نابێ. بە تێپەڕینی کاتەکان خەریکە ئەو دە-گمەنکەسانەشمان لە دەست دەچن کە بۆ دەیان ساڵە، میراتی سەدان ساڵەیان لە سینگیاندا پاراستووە و چاوەڕوانی ڕۆچنەیەک ڕووناکین. ئەم هەوڵانەی ئێستا وەکوو پیاسەیە لە گۆڕەپانی پێشبڕکێی ڕاکردندا و دیارە بەم جۆرە ئامانج دە-ستەبەر نابێ و چ ئەنجامێ وە دەست ناخرێ. بۆیە پێویستە توێژینگە و ئەنستیتۆ و ناوەندە پێوەندیدارەکان بە شێوەیێکی شێلگیرانە ئەرکە-کانیان تێپەڕێنن و بە هەوڵی هەرەوەزی و میتۆدی زانستی، فریای دوایین هەناسەکانی فۆلکلۆری کوردی بەگشتی و ئەدەبی زارەکی بەتایبەت بکەون.

# مەتەڵە کوردییەکان



ئیبراهیم ئەحمەدی

هەواڵنامەی کتێب

## کاغەز

١. ئەرزی چەرمگ بە جۆ دەکەم، بە دەو دەیچێنم، بە دەست دەیدوورم.

٢. بە خۆی مردییە، هەموو دونیای لەبەر دەستییە.

٣. بێ دەس و پایە و هێزی بە سەرە/ بۆ کردەی زۆردار ئەو ڕسواکەرە. (ئەردەڵانی)

٤. بێ‌گیان و بێ‌دەم، بێ زوان و لچە/ فرە قسە ئەکات وەلێ بە پچە. (ئەردەڵانی)

٥. پەرێزی سپی، گوڵی سیاوە/ ئاودێری قامیش، وەزیری پیاوە.

٦. تا سەری نەبڕی نایەتە گوفتار/ تا خوێنی نەڕژی، نایەتە وتار/ لەگەڵ ئەوەشدا بێ هۆش و گیانە/ بە دەستی زانا قسەی ڕەوانە.

٧. تا سەری نەبڕی قسە ناکا.

٨. ئەر نووکی تەڕ نەوێ/ مەردم کوێر و کەڕ ئەوێ. (ئەردەڵانی)

٩. دایم هەر لای زانا ئەچێ/ سێ مەرکەبی هەس خۆی وە پا ئەچێ. (ئەردەڵانی)

١٠. دنیا لە ژێر دەستیایە. ( سەقز و مەریوان)

١١. دنیا وە ژێریا ئەڕوێ. (سەقز)

١٢. دەمی نییە زۆر بڵێیە.

١٣. دەنووسێت و ناخوێنێتەوە.

١٤. زەوی سپییە، ئاوی سیاوە، ئاودێری دارە، گوخڵی پیاوە.

١٥. سەری بتاشە زمانی ببڕە/ ئەم جار دێتە کار دنیای پێ بکرە.
١٦. سەری کونایە و ڕەنگییە/ لاپەڕەی مێژوو خوێنی چاویە. (ئەردەڵانی)
١٧. گیایەکە دەیخوا، خوێنی ڕەش دەخوا، ڕێی سپی دەڕوا. (سەقز)
١٨. ماسی بەحرە، ئاو نییە/ شەرح ئەکا، مەلا نییە/ حوکم ئەکا، قازی نییە.

١٩. هەموو زمانێک دەزانێ.
٢٠. هەموو شتێکی بە بندا دەڕوا.

**پێنووس**

١. قسە ئەکا زوانی نییە/ مووچیاری ئەکا بەیانی نییە. (ئەردەڵانی)
٢. کاتێ دەم ئەکاتەوە/ قسە لە بیر ئەباتەوە/ خۆی ئەکەوێتە قسە کردن/ بێ ئەوەی لێو بواتەوە. (ئەردەڵانی)
٣. چەس وا دایم بێ دەم ئەدوێ/ هەر قسە ئەکا، قسە ناژنەوی؟ (ئەردەڵانی)
٤. چەس وا بێ زوان قسە ئەکا، سەد حەکایەت بەیان ئەکا؟ (ئەردەڵانی)
٥. مەلایە، مەلا نییە؛ عاقڵە، عاقڵ نییە؛ بێ ڕۆحە، بێ ڕۆح نییە.
٦. قسەکەری بێدەنگ (مەریوان)

هەوارنامەی کتێب

# ناساندن

هەواڵنامەی کتێب

# هاوینەگەشتێک بۆ بارەگای خانی



توورەج خەسرەوی



**وێنەی ١: ناوچەی ئیسحاق پاشا**

لە سنووری بازرگانەوە کە ئاودیو دەبی، یەکەم شارێک کە دێتە سەر ڕێگەت، بایزیدە (دووبایزید). لە سەر ئەم ڕێگایەدا چیای ئاگری بە کڵاوەبەفری سەر لووتکەکەیەوە لە چەقەی گەرمای ئەم هاوینە گەرمەدا دڵت فێنک دەکاتەوە و تا چاو لە باڵای بەرزی ئەو کێوە دەکەی، هەر شکۆیە و گەورەیی. بایزید نزیکەی ٦٧٠٠٠ کەس جەماوەری هەیە و دانیشتووانەکەی کوردن. لەوێش لەبەر ئەوەی

سیاسەتی ناوەند و پەراوێزبوون ڕەچاو کراوە، لە سەروڕووی شارەکە و ڕێگا و بانەکەیدا ئەم پەروایزکەوتوویيە ڕەنگی داوەتەوە. لە ناو شارەکەدا دۆخێکی سەربازیی توندوتۆڵ لە بەرچاو گیراوە و لە شەقامەکاندا هێزەکانی پۆلیسی ناوشار بەردەوام لە گەشت و هاتوچوودان و تەنانەت لە ناو ڕێگادا تا دێیتە ناو شارەوە، پۆلیس لە چەند خاڵی پشکنیندا داتدەبەزێنن و هەموو شتێ کونترۆڵ دەکەن. بە چەوساندنەوە و سەرکوتکاریی فەرهەنگی و زمانی کە لە لایەن دەوڵەتانی پێشووی تورکیاوە بە سەر خەڵکدا داسەپاوە و بە قەدەغەکاریی جۆراوجۆری زمانی و ڕەگەزیی و گوشاری زۆر لە هەموو بوارێکەوە، هەوڵیان داوە شوناسی گەلێک بسڕنەوە و بۆ ئەم تواندنەوەوەیە (ئاسیمیلاسیۆن‌کردنە) لە هیچ ئاکار و کردارێک دەستیان نەپاراستووە. بۆیە سەرەتا لە زمانەوە دەستیان پێ‌کردووە و ئامانجیان سڕینەوەی ناسنامە و شوناس بووە. ئەم دیاردەیە یەکێ لەو ئەزموونە تاڵانەی ئەم گەشتەیە کە شۆکێکت پێ‌دەدا و سێبەری نەگریسی دەسەڵاتێکت بۆ وێنا دەکات کە لە وەها شارێکدا وا خانیی مەزن ژیاوە و نزیکەی٤٠٠ ساڵ لەمەوپێش، بە زمانی کوردی شیعری هۆنیوەتەوە و باسی زمانی دایکیی کردووە، بۆ ئێستا وای لێ‌هاتووە و زمانی خەڵکێک ئاوەها گۆڕدراوە.



**وێنەی ٢: چیای ئاگری**

لەم ناوچەیەدا کە بە ئیسحاق پاشا ناسراوە، جگە لە بارەگای خانی، دوو بینای دیکە هەیە کە مێژوویەکی کۆنیان هەیە؛ بەڵام بینای گڵکۆکەی خانی وەکوو عەمارەتەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە کۆن نییە و لەم دواییانەدا ساز کراوە. ئەم بارەگایە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشێکی وەکوو مزگەوت میحرابێکی هەیە و خەڵک لەوێ نوێژ و دوعا دەکەن و دەرگاکەی لەو بەشەکەی دیکە کە گڵکۆکەی خانیی لێیە جیایە. بیناکە لە بەردێکی جوان ساز کراوە و هەروا کە لە وێنەکەدا دیارە بە دوو ڕەنگی سپی و قاوەیییە و بەگشتی سێ قۆپکەی هەیە. چەندین تابلۆ و ئایەت و ناوی پیرۆز لە تەنیشت گڵکۆکەدا بە دیواری ناوەوەی بیناکەوە هەڵواسراوە و دەرگا و میحراب و گڵکۆکان بە چێوێکی قاوەییڕەنگ و بە شێوەیەکی هونەرمەندانە و ئێجگار جوان ڕازێنراونەتەوە و ڕەنگ و هێمانە کۆنەکان و پێکهاتە و بیچمی گومەزیی بیناکە، کەشوهەوایەکی ئایینی و پیرۆزی بەم شوێنە بەخشیوە. لە سەر دەرگای بارەگاکە نووسراوە ئێرە گڵکۆی زانای هێژا و خواناسی مەزن و خاوەن ئەوینی ڕاستەقینە، شێخ ئەحمەدی خانییە . گڵکۆکەی خانی کە گڵکۆی سێ شەهیدی دیکەش لە تەنیشتیەوەیە، بە کێلێکی دارین دیاری کراوە و ناوەکەشی لە سەری نووسراوە. لە تەنیشت گڵکۆکەی خانیدا تابلۆیەک بە دوو زمانی تورکی و ئینگلیزی کە پێناسەیەکە لە سەر ژیاننامە و بەرهەمەکانی خانی، لە دەرەوەی بیناکە هەڵواسراوە. کە لە دەرگای بیناکەوە دێیتە دەرەوە، قەبری سەید عەبدولعەزیزی کوڕی حاجی ئیبراهیمی ئەرواسی و سەید عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی ئەرواسی لە تەنیشت دیواری بیناکەدایە.



**وێنەی ٣: بینای بارەگای ئەحمەدی خانی**



**وێنەی ٤: چەند دیمەنێکی ناو بیناکەی بارەگای خانی**



**وێنەی ٥: قەبرستانی تەنیشت بارەگاکەی خانی**

هەوالنامەی کتێب

ئەم ناوچەیە کە بە ئیسحاق پاشا ناسراوە ڕێگایەکی سەربەرەوژووری هەیە و زۆر لە شارەکەوە دوور نییە و لە بەرزاییەکدا هەڵکەوتووە کە بە سەر شاردا دەڕوانێت. چەند دانە بینا و عەمارەتی گەورە لەوێدایە کە هەر کامەیان شکۆ و گەورەیی تایبەتیان پێوە دیارە و مێژوویەکی کۆنیان هەیە؛ وەکوو عەمارەتی ئیسحاق پاشا و عەمارەتی بوهلوول. ئەم بینایانە بە شێوەیەکی باش پارێزراون و کاولبوون و دارماوییان پێوە دیار نییە و سەرەڕای کۆنبوونیان ڕواڵەتێکی جوان و ڕێکوپێک و پڕ لە هونەر و وردەکارییان پێوە دیارە و شوێنێکی گەشتیاری و سەرنجڕاکێشن. ئەو قەڵایەی کە بە قەڵای ئوورارتوویییەکان ناسراوە، شاخ و داخەکەی بە شێوەی سروشتی وەکوو دیوارێکی بەرز بە دەوری ئەو شوێنەدا هەڵکەوتووە و بە دەوری شاخەکەدا لەو شوێنانەی کە ڕێگای دزەکردنی تێدایە دیوارێکی دەستکرد وەکوو پشتوێنێک کێشراوە و دیارە مێژوویەکی پڕ هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە دیوە و لە هەندێ جێگەدا دیوارەکەی ڕووخاوە. سازکردنی ئەم بینایانە لەم شوێنەدا و هەبوونی ئەم قەڵایە دەربڕی تایبەتمەندییەکانی ئەم شوێنە و ستراتژیکبوونی ئەم ناوچەیەیە کە لە کۆنەوە لە قۆناخە جیاجیاکاندا کەڵکیان لێ وەرگیراوە و وەکوو ناوەندێکی حکوومەتی بەکار هاتوون.



**وێنەی ٦: بینای ئیسحاق پاشا و ڕێگای ئەو دەڤەرە**



**وێنەی ٧: بینای بوهلوول لەگەڵ دیواری قەڵای ئووراتوو**

بەگشتی ئەم ناوچەیە ژینگەیەکی جیاوازی هەیە؛ کاتێ پێ دەخەیتە ئەم شوێنە هەست بەو جیاوازی و ڕەنگ‌گۆڕانە دەکەیت و دەچیتە ناو کەش‌وهەوایەکی دیکەوە و مێژوویەکت بە بیردا دێنێتەوە کە پڕاوپڕ بووە لە هونەر و ئەدەب و شەڕ و دەسەڵات و ژیان و مردن و... . ئەحمەدی خانیی هەمیشە زیندوو کە پێشەنگ‌بوون و داهێنەربوون بە بەرهەمەکانییەوە دیارە و بۆ یەکەم‌جار دەستی داوەتە هەندێ کارەوە و گرنگیی بە بابەتگەلێک داوە کە جێگای هەیە شرۆڤە بکرێن و لە سەریان بنووسرێت.

### دانانی شیعر بە زمانی دایکی:

لەو قۆناخە زەمەنییەدا کە زمانی ئەدەب و دەسەڵات، زمانێکی دیکە بووە و هەموو کەس لە سەر ئەو دۆخە ڕاهاتوون کە بە زمانی عەرەبی یان تورکی شیعر بڵێن و ئەسبی خۆیان لەو

گۆڕەپانەدا تاو بدەن کە خەڵکی لەگەڵیدا ئاشنان، خانی سەرەڕای لێهاتوویی لەو بوارەدا و زاڵبوون بەسەر زمانی سەردەمدا، خۆی لێپاراستووە و بە ئاورێکی مەعریفەناسانە لە سەر شوناس و زمان، بە گۆشەنیگایەکی شەقڵنەشکاوی نوێوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ئەو ڕێگایەی زمانەکانی دیکە لە درێژەی زەمەندا پێواویانە و گەیشتوونەتە ئەو ئاستە، زمانەکەی ئەویش، شان بدا لە شانی ئەو زمان و ئەدەبە. دیارە باش لەوە تێگەیشتووە کە هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە سەرتر نییە و بەپێی ئەو پێوەرانەی لە زمانناسیی ئەمڕۆدا پێناسە دەکرێت، زمانەکان نە لە یەکدی باشترن، نە خراپترن، نە سەرترن، نە کەمترن، هەمان بیروبۆچوونی ڕەچاو کردووە و لە پێشەنگبوون و دەستپێشخەربوون سڵی نەکردووەتەوە کە ئەم تایبەتمەندییە لە باری دەروونناسییەوە یەکێ لە مۆرکە سەرەکییەکانی کەسانی تەندروستە. مەبەستی دیکە لە نووسینی *مەم و زین* جگە لە زمانەکەی، هێنانی بابەتی ئەوینە لە ناو وێژەی کوردیدا. چونکوو لەو سەردەمەدا گەلانی دیکە کوردیان بە کەسانی شەڕکەر و خوێنڕێژ پێناسە دەکرد و پێیان وابوو کە کورد لەو لایەنە سۆزدارانە و مرۆڤانە بێبەرییە و هەر خەریکی شەڕکردنن، بۆیە بە نوسینەوەی *مەم و زین*، لە هەوڵی سەلماندن و نواندنەوەی خۆشەویستی و ناسکی و ئەو بابەتانە لە ڕێگەی ئەدەبەوە بوو.

**نووسینی فەرهەنگی کوردی:**

فەرهەنگی *نوبەهارا بچووکان* کە هەوڵدانێک بووە بۆ گەشەی زمان و نووسین و لە پێناو ئاشنایەتی لەگەڵ هاوواتا و چەمک و دەستەواژەی نوێدا بەدی هاتووە، یەکەم بەرهەمێکە کە لە زمانی کوردیدا بە هەموو زاراوەکانییەوە، لە مێژوودا تۆمار کراوە و دیسان ئەم دەستپێشخەریی و پێشەنگبوونە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و هەوڵی داوە لە چەند ڕەهەندەوە ئامانجەکەی بەرەو پێش ببات و بە تەنیا شۆڕشێکی دەست پێکردووە کە پێوەندی بە داهاتوو و دۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ناوچە و نەتەوەکەیەوە بووە. لە پێناسەی نووسینی فەرهەنگەکان لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا دەڵێن کە فەرهەنگەکان هەموویان بە مەبەستی خزمەت بە زمان و گەشەی زمانەکان نووسراون و فەرهەنگنووسان هەستیان بەو ئەرکە کردووە کە بەم شێوەیە پەرە بە زمانەکەیان بدەن و دەوڵەمەندتری بکەنەوە. خانیش سەرەڕای ئەم زانیارییانە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە هەم لەم پێناوەدا هەنگاو هەڵێنێت و هەم ڕچەشکێنی بکات بۆ دانانی فەرهەنگ و نووسینی بەپێزتر و بەدیهێنانی بەرهەمی زۆرتر و بەرفراوانتر، تاکوو بە بووژانەوەی زمان و ئەدەب بتوانێت گۆڕەپانی بەرهەمهێنان و پێکهێنانی شیعر و ئەدەبی گەلەکەی لە ڕەوتی ڕوولەگەشەی ڕۆژگار و زمانەکانی دراوسێ بەجێ نەمێنێت.



**وێنەی ٨: گڵکۆی ئەحمەدی خانی لەگەڵ گڵکۆی سێ شەهیدی دیکە**

ئەو کەسانەی سەردانی ئەو شوێنەیان دەکرد، زۆرتر وەکوو کەسایەتییەکی ئایینی ئەحمەدی خانییان دەناسی و بەو شێوەیەی کە ژوورەکەی ڕازێنرابووەوە، کەشوهەوایەکی ئایینی و پیرۆزی بەو شوێنە بەخشیبوو و بە وێنەی کەسایەتییەکی ئایینی تەوافیان دەکرد و بە دەور و تەنیشتی گڵکۆکەیدا دوعا و نزایان دەکرد و قورئانیان دەخوێند. بەڵام لای ئێمە زۆرتر بە شاعیرێکی وڵاتپارێز و پێشەنگ و بلیمەت ناسراوە و لە وێژەی کوردیدا یەکێ لەو کەسایەتییە بەرچاوانەیە کە بەشێکی سەرەکی لە مێژووی ئەدەبی کوردی پێکدەهێنێت.

هەولێر-کتێب

# ڕێبواری بێنیشتمان

(ژیان و بەرهەمەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی)



عەبدوڕەحمان ئەشکووە

لە فەیزی ناوی مەولانا «ضیاالدین»ەوە ئێستە
هەموو ڕۆژە شەوم، قەترەی وجوودم بەحری ئەنوارە
هەتا ئەو ناوە پاکەم کردە زیکر و فیکری ڕۆژ و شەو
هەناسەم بۆنی میسکی گرتووە، لێوم شەکەربارە
مەحوی

مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٦-١٨٢٧) گەورەترین مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی و نوێکەرەوەی سەدەی سێزدەی کۆچی، لە قەرەداغ لەدایک بووە، زانستە نەقڵی و عەقڵیەکانی لە خوێندنگاکانی ئەو سەردەمەی کوردستاندا خوێندووە و لە هەر زانستێکدا پرسیاری لێ بکرایە بەڕوونی وەڵامی ئەدایەوە؛ بۆیە لە تەمەنی کەمتر لە سی ساڵیدا بە مەولانا ناوبانگی دەرکرد. لە کۆتایی خوێندنیدا لە سنە لای شێخ محەمەدقەسیمی مەردۆخی ئیجازەی وەرگرت و بە فەرمانی عەبدوڕەحمان پاشای بابان لە سلێمانی بووە وانەبێژ و خوێندکاران لە هەموو لایەکەوە لە دەوری کۆ بوونەوە. سەفەرەکانی مەولانا بەشێکی سەرەکی ژیانی ئەو کەسایەتیە مەزنەیە بۆیە ئەتوانین ماوەی ژیانی مەولانا بەسەر دوو قۆناغی سەرەکی بەر لە هیند و دوای هیند دابەش بکەین؛ بەر لە گەشتەکەی هیند سەفەری گرنگی حەجی ئەنجام داوە کە خاڵێکی تایبەتە لە ژیانی مەولانادا. قۆناغی دوای هیند لە دوو پاژی کوردستان و شام و عێراق پێک دێت. مەولاناخالید لە ساڵی ١٢٢٠ی کۆچی لە سلێمانییەوە بەرەو مەککە و مەدینە دەکەوێتە ڕێ و لە ڕێگادا چەند قەسیدەیەکی بەسۆز دەهۆنێتەوە کە ئەمە سەرەتای قەسیدەیەکیانە:

عجایب نشئه‌ای زین دامن کهسار مي‌آید
تو گویي با نسیم صبح بوی یار مي‌آید

له مەدینەدا بە دوای خواناسێکدا دەگەڕێ بەڵکوو بەهۆی ئەووەوە بگا بە مەبەستی خۆی؛ لەم گەڕانەدا پیاوێکی بەتەمەن دەبینێ کە پێی دەڵێ ئەگەر لە دەوری کەعبە کردەوەیەکی ناشیرینت لە کەسێک بینی، پەلە مەکە لە ئینکار کردنی دا. پاشان کە مەولانا دەچێتە مەککە، لە حەرەمدا ڕوو دەکاتە کەعبە و دەست دەکا بە خوێندنی «دلائل‌الخیرات» لەو کاتەدا پیاوێک دەبینێ کە پشتی لە کەعبە کردووە و ڕووی کردووەتە ئەو؛ بیرئەکاتەوە ئەو پیاوە چەندە بێ‌ئەدەبە. کابرا بانگی لێ‌دەکا و دەڵێ ئەی تۆ نازانی ڕێزی مرۆڤ لای خوا لە ڕێزی کەعبە زۆرترە، مەگەر لە مەدینە ئامۆژگاریان نەکردی؟ ئیتر مەولانا داوای لێبووردن دەکا و داوای لێ‌دەکا ڕێگای پیشان بدا. ئەویش ئاماژە دەکا کە سەرکەوتنی مەعنەوی ئەو لە حیجازدا نیە و ئاماژە بە هیندستان دەکات. دواتر کە مەولانا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، هەر چاوەڕوانی ئەو ئاماژە ڕۆحییە دەبێ هەتا کەسێک بە ناوی عەبدوڕڕەحیم عەزیم‌ئابادی دێتە مزگەوتی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان و مەولانا حوجرەیەکی پێ‌دەدات و خۆی خزمەتێکی باشی دەکات و دەبێتە ئاشنای. ئەم کەسە موریدی شا عەبدوڵڵای دیهلەوی بووە و مەولانا هان دەدات کە بڕوات بۆ هیندستان بۆ خزمەتی شا عەبدوڵڵای دیهلەوی. کە مەولانا بڕیاری سەفەر دەدات، دۆستان و یارانی زۆر هەوڵ ئەدەن پەشیمانی بکەنەوە، بەڵام سوودی نابێت.

خالدا! گر نیستي دیوانه و صحرانورد
تو کجا و کابل و غزنین و خاک قندهار؟

سلێمانی بەجێ دەهێڵێ و لە ڕێگای موکریانەوە دەچێتە تاران و لەگەڵ موجتەهیدێکی شیعەدا چەند مونازەرەیەک ئەنجام دەدات و پاشان لە ڕێگەی بەستام و خەرقان و سمنانەوە دەچێتە شاری تووس. لەوێ هەوڵی تیرۆرکردنی ئەدرێ، بەڵام ڕزگاری دەبێت و لە ڕێگەی توربەت‌جام و هەرات و قەندەهار و کابلەوە دەچێتە پیشاوەر و لاهوور و لە کۆتاییدا دەگاتە خانەقای شا عەبدوڵڵای دیهلەوی لە دیهلی.

بسي توبیخ کردند اهل توران و خراسانم
به دارالکفر رفتن چون پسندی گر مسلماني؟
نشد با طول صحبت ز اولیاي یثرب و بطحا

میسر، آنچە از وي شد مرا نادیده ارزاني
بە خود آشنا چون کردی ام از خویش بیگانە
عطای احمدی فرما چو ما کردیم مسلمانی
بسی چون قطب بسطامی و منصور است در کویش
(اناالحق) بر زبان هرگز نمي‌رانند و (سبحانی)

مەولانا لە ماوەیەکی کەمدا دوا پلەکانی عیرفان تێپەڕ دەکا و ئیجازەی هەر پێنج تەریقەتی نەقشبەندی، قادری، سوهرەوەردی، کوبرەوی و چەشتی وەردەگرێ و شا عەبدوڵڵا لە نامەی ئیجازەکەیدا بە »سرآمد علمای دین و حضرت مولانا خالد« ناوی دەبات و کوردستان بە نیشتمانی مەولانا دەناسێ.

فیدات بم نیشتمان بۆ شارەزوورت
ڕووناکە شام و ئەستەمبووڵ بە نوورت
کە سەردەستەی هەمو مەستانە خالید
نەمامی باخی کوردستانە خالید
«هەژار»

مەولانا لەم گەشتەدا ساڵ و نیوێک لە ڕێگادا بووە و ساڵێکیش لە هیندوستان ماوەتەوە و بۆ ئەم سەفەرە هەموو دارایی خۆی خەرج کردووە. دوای گەڕانەوە بۆ کوردستان ماوەیەک لە سنە لا ئەدات و یەکەم کەس شێخ محەمەدقەسیمی مەردۆخی بە ٨٠ ساڵ تەمەنەوە دەبێتە موریدی هەروەها مەشهوورە لەگەڵ مەستوورە خانمی ئەردەڵان گفتوگۆیەکی هەبووە. کاتێک دەچێتەوە سلێمانی سەرەڕای ململانێ و دژایەتییەکی زۆر، توانی عیرفانی نەقشبەندی وەک بەهێزترین ناوەندی عیرفان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەقامگیر بکات. پێش مەولانا کەسێکی تر نەیتوانیبوو هەڵێکی وا بڕەخسێنێ کە زۆرێک لە زانایان و شاعیران لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. مەولانا کاریزمایەکی بەتەواو مانا بووە و ٩-٨ ساڵ دوای گەڕانەوەی نزیکەی سەدهەزار موریدی هەبووە.

دوای مەولانا چەندین بزووتنەوەی سیاسی و ئەدەبی لە کوردستان سەریان هەڵدا کە زۆربەیان لە مەولاناوە سەرچاوەیان ئەگرت. ڕێبەرە سیاسییەکانی گەلی کورد وەکوو شێخ سەعیدی پیران، شێخ عەبدوسسەلامی بارزانی، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شاعیرانێکی وەکوو کوردی، مەولەوی، مەحوی، نالی، سالم و... شوێنکەوتووی ڕێبازی مەولاناخالید بوون.

هەواڵنامەی کتێب

سالم دەڵێ:

لەلایەک نالی و مەحوی، لەلایەک سالم و کوردی
لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆ بوون لە مەولانا

واتە: نالی و مەحوی و سالم و کوردی تکایان لە مەولانا دەکرد شیعریان هەڵبسەنگێنێ.

مەولانا لە یەکەمین کەسانێکە بە زاراوەی سۆرانی شیعری هۆنیوەتەوە:

دیسان دیاری دڵبەری وەک مەشعەلستان دا دیار
نوور بوون لە سەر کێوی ئوحود تۆماربەتۆمار ئاشکار

دیوانی مەولاناخالید یەکەمین کتێبی چاپکراوی کوردییە کە ساڵی ١٨٤٤ لە ئەستەمووڵ بە فەرمانی سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی چاپ کرا.

بابامەردۆخ لەسەر دەسەڵاتی ئەدەبیی مەولانا دەنووسێ: "مولانا داراي طبعي روان و قريحه و ذوقی خداداد بود و به سه زبان كردی و فارسی و عربی در نهايت انسجام و سلاست و استادی شعر مي‌گفته. براي مولانا كه كمتر با فارسيزبانان تماس داشته و در منطقه‌اي مي‌زيسته كه گفتگو و نگارش به كردی ياعربی انجام مي‌گرفته، سرودن اشعار فارسی آن هم با آن همه فصاحت و روانی خالی از هرگونه تعقيدی امر ساده‌ای نيست و شايد به كرامت بيشتر شبيه باشد.

مەولانا جارجار لە دەستەواژەی زانستی کەڵک وەرئەگرێ:

وام بگرفتم به صد جان گرد نعلين تو را
هست جانی و آن هم از تو چون دهم دين تو را؟
بي توام چندان مطول شد شب تاريک هجر
مختصر خوانم تطاول‌هاي زلفين تو را
ماه نو بر مهر ثابت، عقرب و پروين روان
وه چه زيبد هيبت اشكال بي‌شين تو را!
نفي جزء و حصر فرد شمس و استلزام او

بس منافی شد دهان و زلف و خدین تو را
چشم بیمارت دهد در هر اشارت صد شفا
بوعلي مشكل كه داند حكمت‌العين تو را

مەولانا کۆمەڵێک نامەی هەیە بە دوو زمانی فارسی و عەرەبی کە بە ناوی مکتوبات مولانا چاپ بووە و نامەکانی بە شیعرەکانی حافز و سەعدی و شاهی نەقشبەند ڕازاندووەتەوە.

هەروەها مەولانا یەکەم کەسێکە پەخشانی بە کوردی سۆرانی نووسیوە، بە ناوی عەقیدەی ئیمان کە بە زمانێکی ساکار و بێ‌گرێ واتای خۆی گەیاندووە. ئەم کتێبە بە زمانێکی هەمەڕەنگ نووسراوە کە ئەوە پیشان دەدا خەڵکانێکی زۆر لە ناوچە و زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردەواری لە سلێمانی نیشتەجێ بوون .

جەماوەری کوردستان کە لە شەڕی ئێران و عوسمانی بە تەنگ هاتبوون بەتایبەت چینی خوێندەوار بە گەرمیەوە پێشوازییان لە بانگەوازی مەولانا کرد؛ بە کۆبوونەوەی خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستان بە هەموو زاراوە و شێوەزارەکانییەوە خانەقای مەولانا لە سلێمانی بووە نموونەی کەشکۆڵێکی هەمەڕەنگ و بەم شێوە بەستێن و زەمینە بۆ سەرهەڵدانی دیالێکتی ناوەڕاست ڕەخسا کە جێگای خۆیەتی توێژینەوەی مێژوویی و زمانەوانیی لەسەر بکرێت.

ک. ج. ڕیچ گەشتیاری ئینگلیسی کە سەردانی سلێمانی کردووە دەگێڕێتەوە: موسوڵمانێکی خواپەرستی گەورە لە سلێمانیدا هەیە بە ناوی شێخ خالید کە کوردان پێیان نەنگە لە حەزرەتی مەولانا کەمتری پێ‌بڵێن.

مەولانا لە سەردەمێکدا سەری هەڵدا کە هیچ لایەنێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندیی ئەودا نەبوو، دوو جار هەوڵی کوشتنی درا و تۆمەتی دژایەتیی ئایینیان لێ‌دا و زێدی خۆی بەجێ هێشت و دوور لە نیشتمانەکەی سەری نایەوە. بەڵام هەنگاوەکانی مەولانا سنووری میرنشینی ئەردەڵان و بابانی تێپەڕاند و بەرەو ئەستەمبووڵ و قودس و حیجاز و ئێران پەلی هاوێشت و دەلاقەیەکی نوێی کردەوە بە ڕووی عیرفان و فەرهەنگ و وێژەی کوردیەوە.

**سەرچاوەکان:**

ڕۆحانی، بابامەردۆخ. *مێژووی ناودارانی کورد*. هەولێر: ئاکادیمیای کوردی، ٢٠١١.
معتمدي، مهيندخت. *نقشی از مولاناخالد و پیروان طریقت او*، تهران: پاژنگ، ١٣٦٨.
مودەڕڕیس، عەبدولکەریم. *یادی مەردان*. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٩.

# پێناسەیەکی بەرهەمەکانی مەریوان هەڵەبجەیی

ئەم دەقە، کورتەیەک لە دیمانەی بەڕێز ئێحسان میرەکی لەگەڵ مامۆستا مەریوان هەڵەبجەییە کە لە ڕێکەوتی بەهاری ١٣٩٦ی هەتاویدا، بە فارسی، ئامادە کراوە.



پرشنگ مستەفازادە

مەریوان هەڵەبجەیی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٠ی زایینی شاری هەڵەبجەیە. دەرچووی بەشی زانستی پەیوەندی لقی ڕۆژنامەوانی زانکۆی سلێمانییە. لە تەمەنی ٨ ساڵیدا دوای کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بە دەستی سەدام حسەین، لەگەڵ بنەماڵەکەی و ئەو هاوولاتیانەی کە لە دەست سەدام حسەین ڕزگاریان ببوو، بەرەو ئێران کۆچیان کرد. بۆ ماوەیەک لە شاری تاران مایەوە و دەرمان کرا. پاشان کە نەخۆشییەکەی چارەسەر بوو، بۆ ماوەیەک لە شاری کرماشان ژیا و دوایی لە ساڵی١٣٧٤دا بۆ شاری تاران گەڕایەوە و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەوێ نیشتەجێ بوو. ئەو بە هۆی ژیان و نیشتەجێبوون لە ئێران بە سەر زمانی فارسیدا زاڵ بوو و لەمێژ ساڵە بۆ وەرگێڕانی دەق و بابەت کەڵکی لێوەردەگرێ و بەرهەمی زۆری لە کوردییەوە بۆ فارسی و بە پێچەوانە هەیە.

مەریوان بەرهەمی پڕبایەخی زۆری لە نووسەران و شاعیرە گەورە و بەناوبانگەکانی کورد وەکوو بەختیار عەلی، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت،

شێرزاد حەسەن، ڕەفیق سابیر، فەرهاد پیربال و ... بە فارس زمانەکان و بە پێچەوانەوە بەرهەمی لە فارسەکانەوە بە کوردەکان ناساندووە و زۆرێک لە چاپەمەنییەکان ئەو بە پڕکارترین وەرگێڕی فارسی بۆ زمانەکانی دیکە دەزانن. مەریوان هەڵەبجەیی لە ماوەی دوو دەهەی ئاخردا هاوکاریی بەردەوام و نزیکی لەگەڵ چاپەمەنییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان و چاپەمەنییە فارسییەکان لە ئێران هەبووە. هەروەها زیاتر لە سەد دانیشتن و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسە ناسراوەکانی ئەدەب و ویژەی فارسی و کوردی لەو چاپەمەنیانە بە چاپ گەیشتووە. لە زۆربەی شارەکانی ئێران و کوردستانی عێراق زۆر دانیشتن سەبارەت بە ناساندن و ڕەخنەی بەرهەمەکانی هاوکات لەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب

بەشداریکردنی خۆی بەڕێوە چوون. مەریوان هەڵەبجەیی لە بابەتی زۆرێک لە دانیشتنەکانیدا سەبارەت بە ئەدەبیات و هونەری کوردی قسەی کردووە و وتاری پێشکەش کردووە.

**بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کوردییەوە بۆ فارسی بریتین لە:**

١. *حصار و سگ‌های پدرم* (رمان، شیرزاد حسن، نشر چشمه ١٣٨٢ـ چاپ پنجم نشر نیماژ)
٢. *لامارتین* (مجموعه داستان، فرهاد پیربال، نشر ویستار ١٣٨٣)
٣. *مار و پله* (مجموعه داستان، فرهاد پیربال، نشر نی ١٣٨٥)
٤. *آخرین انار دنیا* (رمان، بختیار علی، نشر ثالث ١٣٩٣)
٥. *غروب پروانه* (رمان، بختیار علی، نشر نیماژ ١٣٩٤)
٦. *عمویم جمشید خان که باد همیشه او را با خود می‌برد* (رمان، بختیار علی، نشر نیماژ)
٧. *شهر موسیقیدان‌های سفید* (رمان، بختیار علی، نشر ثالث)
٨. *سانتیاگو دی کامپوستلا* (رمان، فرهاد پیربال، نشر نیماژ)
٩. *بوسەی شور* (مجموعه داستان، شیرزاد حسن، نشر نیماژ)
١٠.-*پناهنده* (مجموعه داستان، فرهاد پیربال، نشر نیماژ)
١١. *مرثیه حلبچه* (شعر، رفیق صابرـ نشر آهنگ دیگر)
١٢. *عاشقانه‌های جنگ و صلح* (گزیده شعر فرهاد پیربال، نشر نیماژ)
١٣. *عاشقانه‌های شیرکو بی‌کس* (مقالات، گفتگوها و گزیده اشعار شیرکو بی‌کس، نشر نیماژ)
١٤. عاشقانه‌های لطیف هلمت (نشر نیماژ)
١٥. عاشقانه‌های رفیق صابر (گزیده اشعار رفیق صابر، نشر نیماژ)

**بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە فارسییەوە بۆ کوردی:**

**شانۆنامەکان:**

١. *چهار صندوق* (بهرام بیضایی، نمایشنامه)
٢. *چوب‌بەدستان ورزیل* (غلامحسین ساعدی، نمایشنامه)
٣. *به کدام گناه ما را کشتید؟* (عبدالحی شماسی، نمایشنامه)
٤. *خشکسالی و دروغ* (محمد یعقوبی، نمایشنامه)
٥. *یک دقیقه سکوت* (محمد یعقوبی، نمایشنامه)
٦. *زمستان ۶۶* (محمد یعقوبی، نمایشنامه)
٧. *ماه در آب* (محمد یعقوبی، نمایشنامه)
٨. *گل‌های شمعدانی* (محمد یعقوبی، نمایشنامه)
٩. *رقص کاغذپاره‌ها* (محمد یعقوبی، نمایشنامه)
١٠. *برلین* (محمد یعقوبی، نمایشنامه)
١١. *نوشتن در تاریکی* (محمد یعقوبی، نمایشنامه)
١٢. *مصاحبه* (محمد رحمانیان)
١٣. *خرده‌جنایت‌های زناشویی* (اریک امانوئل اشمیت)
١٤. داستان *خرس‌های پاندا* به روایت ساکسیفونیستی که معشوقه‌ای در فرانکفورت داشت (ماتئی ویسنی‌یک)
١٥. پیکر زن همچون میدان نبرد در جنگ بوسنی (ماتئی ویسنی‌یک)
١٦. *برای خرید که نباید پول پرداخت* (داریو فو)

۱۷. *رابطه‌ی باز زن و شوهری* (داریو فو، فرانکا رامه)
۱۸. *همه‌ی دزدها که دزد نیستند* (داریو فو)
۱۹. *روز از نو، روزی از نو* (داریو فو)
۲۰. *زندگی یک هنرمند* (ژان آنوی)
۲۱. *مرگ در می‌زند* (وودی الن)
۲۲. *مجردها* (دیوید فوئنکینو)

**شیعره‌کان:**

۲۳. *مرگ من روزی* (گزیده اشعار فروغ فرخزاد به همراه گفتگو و مقالاتی درباره‌ی اشعار و زندگی شاعر)
۲۴. *چشم‌ها را باید شست، جور دیگر باید دید* (گزیده شعر سهراب سپهری به همراه مقالاتی درباره‌ی اشعار و زندگی شاعر)
۲۵. *من فقط سفیدی اسب را گریستم* (گزیده شعر احمدرضا احمدی)
۲۶. *پنجاه و سه ترانه‌ی عاشقانه* (شمس لنگرودی)
۲۷. *باغبان جهنم* (شمس لنگرودی)
۲۸. *ملاح خیابان‌ها* (شمس لنگرودی)
۲۹. *زن، تاریکی، کلمات* (حافظ موسوی)
۳۰. *سطرهای پنهانی* (حافظ موسوی)
۳۱. *خرده‌ریز خاطرات و شعرهای خاورمیانه* (حافظ موسوی)
۳۲. *اگر عاشق نباشم می‌میرم* (گزیده اشعار سید علی صالحی)
۳۳. *یک بسته سیگار در تبعید* (غلامرضا بروسان)
۳۴. *مرثیه برای درختی که پهلو افتاده است* (غلامرضا بروسان)
۳۵. *رنگ‌های رفته‌ی دنیا* (گروس عبدالملکیان)
۳۶. *سطرها در تاریکی جا عوض می‌کنند* (گروس عبدالملکیان)
۳۷. *حفره‌ها* (گروس عبدالملکیان)
۳۸. *روز بخیر محبوب من* (رسول یونان)
۳۹. *کنسرت در جهنم* (رسول یونان)
۴۰. *من یک پسر بد بودم* (رسول یونان)
۴۱. *پابرهنه تا صبح* (گراناز موسوی)
۴۲. *زیبایی‌ام را پشت در می‌گذارم* (آیدا عمیدی)
۴۳. *سوت زدن در تاریکی* (شهاب مقربین)
۴۴. *خاطرات ماه، چاه، باغچه* (افشین شاهرودی)
۴۵. *دهانم بوی گل مریم می‌دهد* (کیوان مهرگان)

**چیرۆک و ڕۆمان:**

۴۶. *گاوخونی* (جعفر مدرس صادقی، رمان)
۴۷. *جیرجیرک* (احمد غلامی، رمان)
۴۸. *ها کردن* (پیمان هوشمندزاده، مجموعه داستان)
۴۹. *آدم‌ها* (احمد غلامی، رمان)
۵۰. *حتی وقتی می‌خندی* (فریبا وفی، مجموعه داستان)

هەواڵنامەی کتێب

# وریا فاروق مەزهەر



کەژاڵ فەداکار

وریا فاروق مەزهەر لە شاری سنە لەدایک بووە و لە سەردەمی هەرزەکاریدا لە تاران ژیاوە شاعیرێکی بەرەگەز کوردی نیشتەجێی فنلەندا بوو کە بە فارسی شیعر و چیرۆکی دەنووسی. بە چەند زمانێک شارەزابوو وەکو (فارسی -کوردی- فنلەندی – ئینگلیزی) و هەرلەوێش ژیانی هاوسەری پێک هێناوەو کچێکی هەبوو بەناوی کلارا ...دواتریش لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە لە ساڵی ٢٠١١ ی زاینی لەتەمەنی ٣٥ ساڵیدا لە بارودۆخێکی نائاسایی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. پێنج دیوانی شیعری هەیە و کۆمە ڵێ چیرۆکی بڵاو کردۆتەوە.

وێنەی شیعری بە گشتی لە لای مەزهەر چەند شێوازی هەیە، من لێرەدا قورسایی باسەکە ئەخەمە سەر چەند جۆر لە وێنەکان کە بۆ خوێنەر سەرنج ڕاکێشە، ئەم جۆرانەش ئەمانەن:

وێنەی (دەنگەکان، مرۆڤ، شوێن، وێنە فەلسەفی، وێنەی تاکەکەسی، وێنە کۆمەڵ) دکتور سەروەر عبدالله پێشەکی دیوانی (هیچ ) بۆی نوسیوە .

وێنەی شیعر: دەنگ و بێ دەنگی و ڕەنگدانەوەکان لە ڕوانگەیەوە زیاتر لەڕێی وشەکانەوە وێنەکە دروست دەبێ بەڵام لە وێنەکە ڕەنگ و هێلی ئەو ڕۆلە دەبینی و بیرو بیرۆکەی مەبەستە کەدەخرێتە ڕوو

هەواڵنامەی کتێب

واقع : بوونی وێنە شیعریەکان دەوڵەمەندی دەکات.

بیرۆکە : ئەو بیرۆکەیە کە شاعیر لەلای دروست دەبی دەیەوێ لە ڕێی چەند وشەیەکەوە بیگەیەنەتە خوێنەر .

سۆز: سەرچاوەی ژیان و بوونی وێنەکەیە کە وشک و بێ گیان دەردەچێت.

خەیاڵ: هەستی شاعیرە کە لەناو شیعرەکاندا دەکەوێتە ڕوو ئامانج و هیوای شاعیرە لەناو شیعرا خۆی ئەخولقێنێ.

**وێنە لەناو شیعری ووریادا:**

**وێنەی ڕۆمانتیک:** بەئاکام نەگەیشتن لەبەڕێوەبردنی کارێک یان نەگەیشتن بە شتێک ئەم خەمانەش جۆراو جۆرن:

لە ناوەڕۆکی ڕقەکانی مێژوودا

دەبی بە دەزگیرانی زگ پرم و

چەند چرکەیەک

چۆک لەسەر ئەرز

دائەدەیت و

دەچیتە ژووری بێچرکەی تاریکی و ئێش و زریکە،

لەو کاتدا وەک فەیلەسووفێکی _زمانی خۆی پەیا کردوو_

لە هەمان کاتیشدا

بە مەقەسی دڵدانەوە!

ناوکم دەبڕێت و هەر وەک شاعیرێکی_ زمان لە دەست چوو _

وام پێ دەڵێ.

بەڵام ئیتر ئەی کورپەی ساوای هاوسەرم!

چی لێ دەکەی، ئەمە ژیانە...!

**وێنە فەلسەفی:** خەمی بەهەن یان نەبوونە خەمی مەرگ و لەناوچوونە ئەم خەمە لە تێڕوانینی ڕەشبینانەو پووچگرانەی دنباوە دێتە ئاراوە و فکرێکی سەرەکیە کە لە شیعرە کانی فروغی فەرخ زاد و نوسینەکانی صادق هیدایەت بی مانایی دونیاو سەرگەردانی مرۆڤ لە دونیادا.خەمی ووریاش خەمێکە فەلسەفی یە کەلەبەرهەمی کەسانی تریش کەم نین وەکو ( نوستالوژیا- خەمی غەریبیە کە لە شیعرەکانی دا ئەبینین.

پێتان دەڵێم:

هەر وا کە من لە دەستی من نەکووژراوە

لێرەش قەتڵێ ڕووی نەداوە!

_ئێمە ڕۆژان و ساڵانێ زۆر ژیاوین و هیچ نەمردوین

یەک ڕۆژ دوو مانگ سێ ساڵ

لە مانگ و ساڵ ترازاین کەوتینە خوارەوە

_هەر وا کە مەرگ

فریا نەکەوت

بمانێژێت،

ژیانیش

فریا نەکەوت... ئێمە نەمراند.

_تۆ ڕاوەستایت و من ژمارەی پێلآوەکانتم نەزانی

تۆ مردیت و من دەستم پێ کرد

ئێستا من

لەسەر ئەرزی دیاریەکی نادیارەوە

لەپی دەستم دەکەم بە بەینی پێلآوێک و

جێ پێی هەنگاو نەڕۆشووەکانت دەپێوم!

_بە یارمەتی لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانی خۆا

لە گۆڕەپانی ئاسماندا

قەبرێکی بچووکیان دۆزیەوە

هەڵیان کەند خۆڵەکەیان دیسان لادا:

هەندی ئازار و وشە و بروسکە

بە کفنە سپیەکەیانەوە

دایان لە شەقەی باڵ و فرین.

هەواڵنامەی کتێب

**وێنەی تاکە کەسی :** ئەم خەمە بەتەنیایی و ئەشق و جوانی و دووری و سەفەر تێکشکانی تاکە کەسی سەرهەڵئەدات. شاعیر خەمی کۆمەڵی نیە ئەو سەرگەردانی وشە و تازیە باری دڵە شێتەکەی خۆیەتی وەکو هەندێ لە شاعیرانی ( فریدونی توللی و خانلری ......هتد) ئەم خەمە لە شیعرەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە، وێنەکان فەزاو شوێن وکاتی شیعری ئەم گروپە بریتیە لە مینیاتۆریکی خەیالاوی. شاعیر ئەم خەمەی بەمەبەستی هاوخەمی دادەمرکێنێ . وێنەکان و زمانی شیعری ئەوەندە ناسک وژنانەن کە دەتوانیت نازناوی وێنەی مێینەی لێ بنیرێ.

من درۆزن نیم

باخەوانی درۆش ناکەم

من تەنیا باس لەو ڕاستیە دەکەم

کە جگە لە درۆ نەبێت

بە هیچ ڕەوتێکی تر نارۆیت.

پێکەوەنوسانی وێنە

لەیەک شیعردا وێنەکان بەشێوەیەکی بەدوای یەکدا دێن و کەوەک دانەی زنجیر وایە بێئەوەی لێک بترازێن یەکتر دەپاریزن ، وەهەستی شاعر تاکۆتایی شیعرەکە دەبێت.

**وێنەی پارادۆکسی:** نوێ و نامۆیە بە پێچەوانەی نەریتەوە عەقلیەتی ئێمە لەبەر ئەوەی پابەندە بە فەرمانە ئاسایی لۆژیکە سروشتیەکانەوە و، لە بێ ئاگایی نەریتە نووقم بووە ئێمە لە نێوان سیستەمە گشتی و ئاسایەکاندا ژیانی ئاسایی و سروشتی خۆمان بەسەر دەبەین وە هەموو دیاریەکانی جیهان بە گوێرەی لۆژیک و نەریتی خۆمان و یاسا سروشتیە جێگیرەکان لە یەک دەدەینەوە. ئەقلیەتێک کە لەگەڵ وەها نەریتێک دا ڕاهاتووە لە ساتێکدا ڕووبەرووی لەیەکدانەوەیەک دەبێتەوە وە بە پێچەوانەی نەریتەوە دەشڵەژێ و لە بێ ئاگایی ئاگادار دەبێتەوە پارادۆکس لە ڕێی نەلریت شکاندن دژایەتی کردنی لۆژیک، ئەقڵ تووشی سەرسوورمان دەکات وەک بروسکە بەر چاو دەکەوێت دورە لایەنی دژ یەک لە وێنەی پارادۆکسێکدا وەک دەمی مەقەست وان کە ئەقلیەتێک خوو گرتوو بەنەریتەوە دەگرن.

بێ دەنگی

جیهانێکی دەنگاو دەنگ بوو لە ژوورێکی تەسک و بچووک

بێدەنگی کاسەی سەری زرنگاو بوو

فریا نەکەوت تەنانەت دەنگێکی بەستەزمان پێ بدات

هاور

هەواڵنامەی کتێب

زریکەیەکی خنکاو بوو

بە درێژایی بێدەنگیەوە دەڕۆشت

وەکوو خەتی سپی ڕاوەستانی دڵ کەوتە

فریانەکەوت تەنانەت

دەنگێکمان بڕفێنێ.

**وێنەی شوێن:**داخراو، کراوەیە

لەم دادگایە بە شەرافەتی ئاوەس بوونمان سوێند دەخۆم.

لە نەخۆشخانەی ئاسمانەوە

خۆمان بە پەلە گرتەوە و بە ئارامی

کەوتینە سەر پشتی پشیلەی ئەرز و

چی دەبێ

گەر ڕۆژێ لەسەر شەقامێکی((پاریس)) بدۆزینەوە و

**وێنەی دەنگ:**

دوو سێ ڕۆژە بە شوێن قەتاری وشە وون بووەکانم دا

دەنگێکم ڕەوانە کردووە و

ئێستاش لەبەرامبەر ئێوەی بەرێز

لاڵ وەستاوم بە دەنگێکی ئەمانەتەوە

شیعری کەسێکیترتان بۆ دەخوێنمەوە

_ چەند شەوێک لەم شارە کڕ و کپ و بێ ڕووداوەدا

هەواڵنامەی کتێب

لە شارێکی کڕوکپ و بێ دەنگی بێ ڕووداو

ئێستا منم: ساوای کووژراو ((وریا مەزهەر))

کە دەنگێکی خۆی دۆزیەوە

بە دەنگێکی خۆم وا باشترە

_بێدەنگی

جیهانێکی دەنگاو دەنگ بوو لە ژوورێکی تەسک و بچووک

بێ دەنگی کاسەی سەری زرنگاو بوو.

وێنەی مرۆڤ :

چی دەبێت کەلەسەر می

هەواڵنامەی کتێب

# چیرۆک

ئەم باڵنــــدە کـــوێر و سەرلێشـــێواوانە، ئەم ڕەســـمە کـــۆن و هەڵپڕووکـــاوانە، ئەم یـــادە کـــاڵ و بێرەنگـــانە، ئەم ڕۆژە دوور و فەرامۆشـــکراوانە، ئەم ســـاتانەی دەم بـــا و گەردەلـــوول، چـــۆن کـــۆ دەبـــنەوە؟ ئەم ڕووداوە قەومـــاو و نەقەومـــاوانە چـــۆن یەک دەگـــرنەوە؟ ئەم جەســـتە پارچەپـــارچەبووانە چـــۆن دەبـــنەوە بە یەک جەســـتە؟ ئەم زەمەنە پـــرژ و بـــڵاوانە چـــۆن دێـــنەوە ســـەر هێڵێکـــی ڕاســـت؟ ئەم هەمـــوو چیـــرۆکە فەرامـــۆشبـــووانە چۆن وەبیر دێنەوە و چۆن لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا دەنووسرێنەوە؟

عەتا نەهایی، *باڵندەکانی دەم با*، ١٣٨١

هەواڵنامەی کتێب

# مەرگاوی ژیان



سروە مەجیدی

باخەوانەکە تۆم گوڵەکانی کۆکردەوە و کردیە گیرفان کراسەکەی. هەر هات هەنگاو هەڵگۆڕێ بۆ ئەودیوی باخچەکە، پای لە بەردێ هەڵکەفت و لەترێکی دا و چەن دانە تۆم گوڵ لە گیرفانەکەی کەوتنە خوارەوە. زەماوەنەکە تەواو بووە، بەڵام ٧ ڕۆژێکە چاو چەپم نیشگەسە زیرە. لە کاتژمێری ١٢ی نیوەڕووەوە خەریکی ڕازاندنەوەی خوەم بووم. حەزم ئەکرد دیق بنمە بان دڵ هێرشەو. سێ ڕۆژە بە دوای قارکردنمان یەک پەیامیشی نەنارگە بۆم. لە دڵەو هاکا بتەقم بەڵام تا هێرش خوەی ئەیژێ ئەشێ سەورم بێ. لە قینا کراسە زەردەکەم ئەکەمە بەرم، هێرش خوەشی لەم کراسمە نایت، ئەیژێ ناسکە و ئەنامت لە ژێریەو دیارە. دەی خاستری، من ئەیکەمە بەرم. ماتیکەکەم پڕڕەنگتر ئام با دەمم خونچەتر نیشان بات. لە پرێکا براکەم لە حەوشەو بە دەنگ بەرز ئەیژێ: دەی خۆ شێت بووم ئاسمان لێف! زووکە، خۆ زەماوەن باوام نیە. مەس و کەلەلا بوو، ئیتر زانیم ئەشێ بڕۆمە خوارەو هیچ نەیژم با ئەونەیترە کفری نەوێ.

دوێشەو دووارە دایکم شەماڵەی کرد و من لە قرچەقرچی قژەکانی بە ئاگا هاتمەوە. هەمیشە هەستم ئەکرد دەستی دایکم داخترین دەستی دنیایە. قژەکانی لە شەماڵەی ئاگرەکە بەرەو ئاسمانی حەوشەکە وەک فوارە هەڵدەپەڕین و ئەکوژانەوە. ئەم وێنە هەمیشەییەف شەو و ڕۆژەکانی منی ئەتاساند و من بە تەواوی زمانم وشک ئەبوو و نەمئەتوانی هاوار بکەم. ئازای ئەنامم سەردوسڕ ئەبوو و عارەقەی سارد لە قژەکانمەوە ئەچۆڕیا ناوشان و پێخەفەکەم ئەخووسیا.

هەواڵنامەی کتێب

چەنێ حەز ئەکەم ئیمشەو هێرش بموینێ و داخی پێ بەم! لە پلیکانەکان هاتمە خوارەوە، براکەم بە تووڕەییەوە وتی: بەهـ بەها! بەهـ بەها! بیکوتن وەوی هات، دەی ئیتر چتێ ماگە بیساویتە خوەتا کەڵکیت؟ منیش وتم: خۆ تۆ لە زاواکە فرەترت هەڵقۆڕانگە گۆشت‌کوت!

باوەژنم هات و وەک هەمیشە پەشۆکا و وتی: دا بەسیە ئیتر ئاقیبەت شەڕگەل! دایمەکەی خوا خەریک دەمەقرێن، زووکەن با بچین. هەر گەیشتینە ناو زەماوەنەکە (SMS)یێک هات، بازم نەکرد. گووشیەکەم (Silent) کرد و نیامە ناو کیفەکەم. نیم‌سەعاتێ بە پیرۆزبایی لە بنەماڵەی وەوی و زاوا سەرقاڵ بووین. هەر دانیشتم ناو پیاگەکانم تواشا کرد هێرشم نەدی، گووشیەکەم دەرهاورد و تواشام کرد ٢١ دانە (SMS) هاتوو. ئاخرین دانەی ئەمە بوو:

کچێ کاتی تۆریان نیە، لە پشت دیواری هۆڵەکەوە چاوەڕوانتم. هەر بووک و زاوا هاتن وەرە دەرەوە. کاکەت لەگەڵ بڕێ لە ڕەفیقەکانیدا خەریکی خواردنەوەن، چاوەڕوانتم جوانێ جیان.

هاکا لە خوەشیا شێت بم! ئاخری منەتمی برد هێرش‌خان. جا مڵقێکم نیا بە خوەمەو چووم لای دەس زڕدایک و خاڵۆژنمەو دانیشتم.

زوو زوو دڵم خاو ئەبووەوە و نەمئەزانی چ بکەم. هەر وەوی و زاوا هاتن و ئەو ناوە شلۆق بوو، وتم بە خاڵۆژنم: ئەوە من ئەچم ئاڕایشەکەم خاس ئەکەم. نازانم ژنەفتی یا نە، تەنیا سەری تەکان ئەدا.

دوای مردنی دایکم نە ڕۆژم ڕۆژ بوو، نە شەوم شەو. هەمیشە دایکم بە جەستەی شەماڵە کردگیەو شەو و ڕۆژمی بە یەکەو دائەفلێقان. گەرمایەکی کوشەندە و عارەقەی سەرد و ...

چاو چاوی نابینی، تاریک بوو. دیوار تالارەکەم دەور داوا، ئەملای تالارەکە یەکسەر کوچک و خاک بوو، ئەترسیام خوار کراسەکەم تەپ‌وتۆز بیگرێت و بزانن پێم. ئاخر ئێرە کەی جێگەی زەماوەنە! گۆڕستانەکە ڕاس ٢٠ مەتر ها لە خوارترەو. گۆڕەکان لە زرمەی ئورگەکە ئەلەرینەو، کاش نەهاتایم! ئەترسم براکەم بزانێ. هاتم هەڵگەڕمەو. لە ئاخری دیوارەکەو لە پڕێکا هێرش لە پشتەو باوەشی پێماکرد. زریکاندم، ئازای ئەنامم تەز دایگرت. بۆنی ئەلکول و سیگاری ئەدا. وتم: هێرش خان چاوم ڕۆشن! خۆ تۆ لە ئابرام زیاترت خوارگە کوڕخاس! وتی: نانا کچێ! دوو، سێ پەیک بە خۆشی تۆ و ئەم ئاشت‌بوونەوە.

هێرش وەک مار ئەیفیشکاند و خوەی زیاتر لکاند پێمەو. گووشیەکەم لە ناو سینەبەنەکەما لە پەسا ویبرەی ئەکرد. باران دایکرد. باران بەخوڕ ئەباری. هەرکات دەرفەتێ ئاوا ئەڕەخسیا، پێستم و هەناسەی هێرش ئەیانکردە بەزمی خوەیان. من خاو ئەبوومەو. حەزم ئەکرد بۆ ئاسمان بڕوانم.

چێژی ماچ‌کردن هەتا چاو بڕ ئەکا منی بەرەو ئاسمان ئەبرد.

وتم: هێرش گیان! ئەشێ بچم، ویڵم کە. ئێسە ئابرام ئەگەڕێ بە شۆنما.

وتی: نانا، لێگەڕێ. ئێستا باسی ڕۆیشتن مەکە، هیچ خەمت ...

قسەکەی تواو نەبوو. لە پڕێکا شتێک سارد و تیژ منی دووراند بە هێرشەو. شتێک سەرد وەک خەوەکانم. نەمتوانی نق بکەم. دەردێک ژاناوی و خەوش بوو. وەک ترس لە هەورەتریشقە و ڕۆشنبوونی ئاسمانی و تاریکییەکەی، بەرز و بێدەنگ. تاریکی وەک پەردەیەکی ڕەش بە سەر گۆڕستانا دادرابوو. تاریکی نیگای براکەمی دەماسک دابوو، ئەتوتا ناینا‌سم! چاوانی سوور و تەماوی بوون. براکەم ئەو شتە ساردەی لە بەن دڵم کێشا دەرەو. من داکەفتم، باران ئەباری و کراسەکەم، خوەم، ئاڕایشەکەم تەڕ بوو و نەمئەزانی بەم ئێشەو چۆن بچمەو ناو زەماوەنەکە. هەوایەکی فرە سەرد لە بەن دڵمەو چووە ناو سکم و ئێسقانەکانمی هەڵدڕی. هێرشی کێشاوکێش بە ناو ئەو هەڕگ و ئاوا بردە ئەودیو دیوارەکە. هەناسەم دەرنەهات. هاتم بگیرم نەمتوانی، هاتەو منی دا بە کۆڵیا و لێرە دامینیا و وتی: تێمەو، تێمەو بۆ لات ... بە هەڕاکردن شڵپەشڵپ دوور بووەو. گۆڕستان لە بێدەنگی زەماوەنەکەدا تۆزێ خوەی ناسییەوە، دەنگی ئێسک و پرووسکی مردووەکان دێت. تاریکی بە دوای مناڵەکەیدا ئەگەڕێ، بۆیە گۆڕستان ئەجمێ، مردنیش بە دوای گۆڕێک خاڵیدا ئەگەڕێ؛ بۆیە با ئاوا هەڵیکردووە.

حەفت شەو و حەفت ڕۆژە تەمارم. لێرە کەس هاتوچوو ناکات. تەنیا ڕۆژ ئەوەڵ نەوێ باخەوانەکەم دی، ئیتر کەس لێرەو عبوور ناکا. شەو ئەوەڵ خەوم بینی ماڵەکەمان زۆر بچووکە. دایکم ئاو گوڵدانەکان ئات و خانووەکەمان باڵا دەکا و گەورە ئەوێ. هێرشیش بە دواما نەهات. نازانم خەریک چەس. بەڕاسی ئەم بەهارە بۆ ئەوەندە ساردە؟! ئەنگوستەکانم لە گۆ نین، هاکا ڕەق‌بمەوە! ئەم سەرما بەش تواو زستانەکانی ئەم شارە ئەکا.

ئێسە حەوتمین شەوە، خەو ئەبینم باوەژنم چۆلەکەکان بەر پەنجەرەکە ئەگرێت و قووتیان ئات. چۆلەکەکان ئاوسن و ددانەکانیان پڕە لە کرم. کرم لە پێستمەو وەک پەیژەکەی مزگت باڵا ئەکا. دایکم لە سەر پەیژەکەو شەماڵە ئەکا و دائەکەفم.

هەر ماتڵم و کەسێ بێت. حەز ئەکەم هاوار بکەم، ئەرێ کەسێ لەم کاولەوبووگە نیە؟ زمانم لە گۆ نیە، دەینمە مل دنیا بۆ شانسم. کەسێ، ئاغەیەک، خانمێک نیە بێژم پێ دابزانن کام تۆم گوڵ لە چاو چەپما سەوز بووگە. فوویەکی پێیا بکەن. ئێش خەریکە ئەمکوژێ.

# شوێنی خوێن



شلێر ڕەحمانی

شوێنی ئەم خوێنە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی منداڵی.
شیروان کوڕی گەورەی ماڵ بوو، دوای ئەو کوڕێک و کچێکی تریش لە دایک بوون. ئەو کاتەی کە شیروان دوو یان سێ ساڵی تەمەن بوو، براکەی یەک ساڵی بوو. هەمیشە بیری دەکردەوە ئەمیان وەکوو ئەوانی دیکە خۆش ناوێ، بە هەموو شتی براکەی ئێرەیی دەبرد، تەنانەت بە شیرخواردنەکەشی. هەر کاتێک کە براکەی لە سینگی دایکی شیری دەخوارد بە گریان و هاوار و دا، دایکی مەجبوور دەکرد شێرکۆی برای باتە دواوە و ئەم بنێتە بەر سینگیەوە و سەرەتا شیر بدا بە ئەم، ئینجا ئەگەر شیری بوایە بیدا بە ئەوی تر.

هەر کات کە دایەگەورەی دەهاتە ماڵیان بە دایکی دەیگوت: ئەوە تۆ هێشتا ئەم کوڕەتە لە شیر نەبڕیوە؟
بووگە بەقەو ورچێ ئیتر زۆر عەیبە. بەڵام دایکی نەیدەتوانی. جارێکیان کە شیروان وەکوو هەمیشە براکەی لە بەر سینگی دایکی خستە ئەولاوە و خۆی دەمی نیایە سەر مەمکی دایکی، دایکی تووڕە بوو و زیللەیەکی لێدا، ئەمیش بە تەواو هێزیەوە دیانی بە مەمکی دایکی نیا تاکوو خوێنی لێ بەربوو. هەر بەو جۆرە مەمکی دایکی دەمژی و دایکی ئەیزریکاند. تامی شیر و خوێن تێکەڵ بوو، شیر تۆزێک تامی شیرینی دەدا، بەڵام خوێن لە تورشی نزیک بوو، زۆر ئەو تامە تازەیە بە دەمیەوە خۆش هات وەکوو ئەوەی کە شیر و ئاوی هەنار پێکەوە تێکەڵ بوویێ.

ئەوە یەکەمین بیرەوەری لە چەشتنی تامی خوێن بوو. لەوە دوا ئیتر شیرخواردنی نیا کنارەوە و جاروبار بە دزییەوە دەڕۆیشتە سەر چەرخی خەیاتییەکەی دایکی و دەرزییەکی دەڕفاند و لە شوێنێکی چۆڵ سەری ئەنگوستی بە ئەنقەست پێ کون دەکرد تاکوو خوێنی لێ بێت و ئەنگوستی بنێتە دەمیەوە و بیمژێ، هەر وەکوو مەمکی دایکی. ئەوە وەکوو نهێنییەک بوو کە لای هیچکەس نەیدرکاندبوو. کە گەورەتر بوو بارودۆخی کۆمەڵگا

هەواڵنامەی کتێب

زۆر ئاڵۆز بوو، چون دوژمنەکان هێرشیان بردە شاری ئەمان و دەیانەویست داگیری بکەن. ئەم و باوکی و شێرکۆی برای وەکوو هەموو پیاوەکانی شار چەکیان کردە شانیانەوە و چوون کە خەڵک و شارەکەیان لە دەستی ئەو بیانییانە بپارێزن.

لەوێ تا چاو دەسووڕا زام و برین و خوێن بوو. شیروان کە زۆر حەزی لە ڕەنگ و بۆنی خوێن بوو ئەو بارودۆخەی ئەوەندەش بۆ ئەستەم نەبوو. زۆر خۆی ڕاگرت تا بتوانێت کاتێک کە خوێنی دەدی نەچێتە پێشەوە و چەشتی نەکات. بۆنی خوێن لە هەموو بۆنەکانی دنیا خۆشتر بوو بۆی. کاتێک کە براکەی بریندار بوو، شەو تا بەیانی سەری لە سەر برینەکەی بوو و تێر بۆنی خوێنی کرد. براکەی وەیدەزانی لە بەر ئەو چاوی نەناوەتە سەر یەک و ساتێک نەخەوتووە. دوای هەمووی ئەم ڕووداوانە ئیتر لە خوێن و بۆنی خوێندا پسپۆڕ بووبوو. ئەو ئیتر دەیزانی کە خوێنی هەر کەسێک بۆن و تامێکی تایبەت بە خۆی هەیە، وەکوو بۆنی لەشی مرۆڤەکان کە جیاوازە. تەنانەت بۆنی خوێنی ئاژەڵەکانیشی لە یەک جیا دەکردەوە و دەیزانی خوێنێک کە ڕژاوە خوێنی چ ئاژەڵێکە.

ئەمانە بە لایەک؛ بە جۆرێکی ناحەز خووی بە خوێن گرتبوو، لە بەر ئەمەیش چوو و لە کوشتارگا دامەزرا. لەوێ ئیتر خۆشخۆشانی بوو وەکوو ئەوەی کە هەنگێک بخەنە ناو کەنووی هەنگوین. ڕۆژێک کاتێک کە گەرەکی بوو بە چەقۆکەی پێستی لاشەکان جیا کاتەوە هەرچی گەڕا چەقۆکەی نەدۆزییەوە، چوو خوێنی گۆشتەکان بشۆرێت تێگەییشت کە بۆنی نیوەی ئەو خوێنانە کە ڕژاوە بۆنی خوێنی ئاژەڵ نەبوو بەڵکوو بۆنی خوێنی مرۆڤ بوو. ئەم ڕووداوە بە لایەوە زۆر سەیر بوو، قەت باوەڕی نەدەکرد کە هەڵەی کردبێت، بەڵام ئەمانە چی بوون، نەیدەزانی.

شەوی داهاتوو کە هەموو کاریگەرەکان ڕۆییشتنەوە، لە پەنایێک خۆی شاردەوە تاکوو کەسێک نەیبینێ، دوای نیو سەعات دەنگی پێی بیست، بێدەنگ بوو، بێ ئەوەی کە جووڵەی پێ لە جێگای خۆی مایەوە. هەروا کە گوێی گرتبوو دوو کەسی بینی کە لەگەڵ یەک قسەیان دەکرد. بیستی کە لەبارەی کوژراوەیەک قسەیان دەکرد کە دوێشەو کوژراوە. ئەیانگوت تەنیا سەرەداومان چەقۆیەکی دەسکسوورە کە پێیان وایە هی بکوژەکەیە کە لە تەنیشتی تەرمەکە بەجێ ماوە.

# جیهانێک پڕ لە تەنیایی



سومەیە کەریمی

باران بە لێزمە دەهاتە خوارێ و هەورەکان ڕقیان هەستابوو و یەک بە خۆیان دەیانقیژاند. ئاسمان ڕەنگڕەش و توورە ببوو، دارەکانیش ترسابوون و دەیانویست هەڵبێن؛ بۆیە هەر خۆیان بەملا و ئەولادا دەدا تاکوو بتوانن دەرچن، بەڵام بێسوود بوو.

هەبین-یش لەگەڵ پێڵاوەکانی کە دوو زەردەخەنە لە سەر لێویان (لێوی پێڵاوەکان) بوو بەرەو قوتابخانە دەڕۆیشتن. کە گەیشتە کلاس تەواوی گیانی خووسابوو. بە پەشۆکاوی چاوی لە مامۆستاکەی کرد و چوو دانیشت. دوای تەواوبوونی کلاس هەبین ڕای کرد بەرەوماڵ. لە ڕێگادا چاوی بە ئاسمان کەوت، دیتی کە ناوچاوانی ئاسمان کراوەتەوە و بە تەواوی هێزی خۆی، تیشکی تاوەکەی بڵاو دەکاتەوە. هەبین لە ناخیدا دڵخۆش بوو، چونکە ئەو بڕوای وا بوو هەر کات ئاسمان ڕووگەش بێت شتی جوان و خۆشی ڕوو دەدات بۆی؛ کەواتە زۆر توندتر ڕایکرد بەرەوماڵ. کە گەیشت درگای کردەوە و هاواری کرد دایە، داااایە چاکی؟ بەڵام وڵامێکی نەبیست. ئەو ڕۆژە ئاسمان درۆی لەگەڵ هەبین کرد. زەردەخەنەکەی، ڕووگەشییەکەی وەکوو جاران نەتەنها خۆشیی بۆ نەهێنا، بەڵکوو خۆشیی تەواوی جیهانی لێ گرت و چرای ژینی دایکی کوژاندەوە. ئەوجار تەنها هەبین مابوو لەگەڵ جیهانێکی پڕ لە تاریکی و تەنیایی. هەبین دیتی کە ناتوانێت لەو شوێنە بمێنێتەوە؛ کەواتە یادگارییەکانی دایکی وەک پێکەنینەکانی، قسەکانی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت بەرەو شوێنێک کە بۆ خۆشی نەیدەزانی کوێیە.

بەردەوام کە دەڕۆیشت هاواری دەکرد و دەیگوت: خودایە ناخم ئاوری گرت، نەختەنەختە خەریکە دەتوێمەوە. چاوەکانی ماندوو ببوون و خەو دەیبردەوە، لە گۆشەیێک ڕاکشا و خەوی لێ کەوت. لە ناو خەونەکانیدا لە پڕ دایکی بە ڕوخسارێکی پڕ

لە تین و شەوق کوتی گوڵم وا کۆتایی منە و سەرەتای ژیانی تۆ؛ ئیتر بە خەمباری نەتبینم، هەستە هەبینم ڕێکەوە، جیهان چاوەڕێی تۆیە. هەبین چاوەکانی کردەوە، تاو ترووسکەترووسکی بوو، باش بەهێواشی هاتوچۆی دەکرد و گەڵای دارەکانی بە سەما دەردەهێنا. لەپڕ ژنێک کە پرچی بە سەر ڕوخسارە بێوێنەکەی بڵاو ببووەوە، بەو چاوە گەشانەی پێدەکەنی و باوەشێکیش پڕ لە نەرمی، ئارامی و ئاسوودەییشی کردبووەوە بۆی. هەبین سەرەتا دڵخۆش بوو، بەڵام لە ناکاودا خەمێک وەک هەورێکی ڕەش دڵی داپۆشی. ترسا کە دیسان ئاسمان درۆی لەگەڵ بکات...

*******

یەوێن کچێکی تاق و تەنیا بوو لە ڕووی زەویدا، واتە هەر بۆ خۆی وەکوو ماسییەکی تەنیا لە ناو زەریاییەکی بەرین و بەربڵاودا بوو. قەد و قەوارەییەکی بێوێنەی هەبوو. چاوەکانی وەکوو دوو گڵۆپی ڕووناک وایە، ئەوندە پاک و بێدرۆیە کە چاو لە هەر جێگاییێک دەکا، ڕووناکی بەو شوێنە دەبەخشێت. ژیان تا ئەو دەمە هەر خەم و ڕووگرژی پیشان دابوو. کاتێک بۆ یەکەم جار چاوەکانی کردەوە کەس لە دەوری نەبوو، کەس بە بۆنەی هاتنی ئەو دڵشاد نەبوو، کەس بۆ هاتنی ئەو، شایی و خۆشیی نەکرد. زۆری سەرما بوو، جیهان سارد و سڕی خۆی بەسەریدا دابوو. ڕۆژەکانی یەک بە دوای یەکدا بە لێوبەباری و زگبرسییەتی تێپەڕ دەکرد، ڕۆژی وا بوو بە ساڵێک تێدەپەڕی، ئەوندە درەنگ تێدەپەڕی جاری وابوو دەیویست بچێت بە دەستە چکۆلەکانی خۆی کاتژمێرە گەورەکەی شار پاڵ پێوەبنێت و بڵێت تکایە تێپەڕە، تکاااایە بڕۆ!

ئیتر ئەو ڕۆژە کە زۆر وەڕەز بوو ویستی کە بچێت پاڵ بە کاتژمێرەکەوە بنێت، بەڵام کاتژمێرەکە کە پێکەنینێکی زۆر ناحەز لە سەر لێوە درێژەکانی دانیشتبوو، کوتی: یەوێنخان لێم بەوە من بە ئیشتیا و کەیفی دڵی خۆم دەڕۆم. یەوێن خەریکی چرکەکە بوو کە لەپڕ هاوار بانگی کرد و کوتی یەوێن یەوێن... لەو سەرە چی دەکەی؟ وەرە خوارێ کارم پێتە. یەوێن بە دیتنی هاوار پێکەنینێکی جوان میوانی لێوە ئاڵەکانی بوو، دڵی خەریکی شایی و هەڵپەڕین بوو. ئەوندە دڵشاد بوو بە دیتنی هاوار کە لە کەمتر لە دوو چرکەدا هاتە خوارێ، پێکەنی و چاوێکی لە کاتژمێرەکە کرد و کوتی کاتژمێری بەڕێز ئەوجار بە کەیفی دڵی خۆت، سووکسووک بڕۆ. دەستێکی بە پرچیدا هێنا، پرچی ڕێکوپێک کرد و دەستە بچووکەکانی هاواری گرت و کوتی بڕۆین، من ئامادەم.

******

هەبین بۆ ماوەییێک چاوەکانی لێکنا و بە دڵی خۆی کوت هەمووی دەسپێرم بە دەستی خۆت و هەڵات بەرەو ئەو باوەشە کە دەرگاکەی بۆ ئەو کرابووەوە. فرمێسکەکانی یەک بە دوای یەکدا دەهاتنە خوارێ و ڕوخسارە بێوێنەکەی تەڕتەڕ ببوو، بەردەوام دەگریا. بۆ خۆشی نەیدەزانی هۆی گریانەکەی خۆشییە یان ناخۆشی؛ بەڵام ئەو بڕیاری بە خۆی دابوو کە ئیدی تاڵی و ناخۆشی ژیان قەبووڵ نەکات، کەواتە دەستەکانی ئەو ژنەی گرت و ڕۆیشت. ئەوندە ڕۆیشت و دوور کەوتەوە کە ئیدی تاڵی و ناخۆشی نقوم بوو و ڕەنگی نەما. ژیان

هەواڵنامەی کتێب

وەها خۆی نیشان دەدا وەک شتێک بڵێی وەرە وەرە، نزیک بەوە، دەرگای خۆشییەکانم بۆت کردووەتەوە.

بەیانی کە چاوەکانی کردەوە دیتی تاو بە پێکەنینێکی جوان بەیانیباشی پێ دەڵێت. ئەویش ئامێزی کردەوە و زۆر بەتوندی تاوی لە باوەش گرت، کوتی: گەرمی و ڕووگەشیتم دیسان پێ بنوێنە. تاو بە ڕووزەردی پێکەنی و کوتی بە چاوان هەبین‌خان؛ هەبین هەستا چوو دەموچاوی بشوات. دوای شۆردنی چووە سەر سفرە نانەکەی بخوات. هەموو شتەکان نامۆ بوو بۆ ئەو، شتی وای لێ‌بوو نە قەتی خواردبوو و نە قەتی دیتبوو. بەئارامی دەستی کرد بە خواردنیان. دوای تەواوبوونی، دەستخۆشیی کرد و ڕووی گەشی بەهارخانی ماچ کرد، کوتی: بەهار خان دەزانی بە هاتنت بۆ ژیانی من بەهار و خۆشیت هێنا و وات لێ‌کردم کە لەگەڵ وەرزی خەزان ماڵئاوایی بکەم. بەهار خان بە چاوە ڕووناکەکانییەوە هەر چاوی لێ‌دەکرد و بە کاوەخۆ دەستی بە پرچیدا دەهێنا و دەیکوت: تۆ بۆ من وەک هەبینم (بوونم) وای گوڵم!

ژیانی هەبین زۆر گۆڕدرا. هەر ڕۆژ زیاتر دەچووە ناو خۆشی. خۆشی بۆ هەبین وەک زەریاییەکی بێ‌بەرینی لێ‌هاتبوو کە تەواوبوونی نەبوو.

یەوێن دەستەکانی هاواری دەگوشی و پێدەکەنی. دەیکوت یارم ژیان بەهە کە خۆشە لەگەڵ تۆ! دوو بە دوو دەڕۆیشتن، پێیان لە سەر گەڵاکان دادەنا، گەڵاکانیش دەنگ و ئاوازێکی خۆشیان بڵاو دەکردەوە. هەروا کە دەڕۆیشتن لەپڕ ژنێکی زەلامی دەمدرێژ هاتە بەردەمیان، چاوەکانی زەق کردەوە و دەمی کردەوە و کوتی: لێرە چی دەکەی؟ هاواریش کوتی: دایکە ئەوە یاری منە، خۆشەویستی دڵی منە. کە هاوار ئەوانەی دەکوت یەوێن دەستەکانی هاواری بەردا و کشاوە، کوتی: پەروانە خانم، هاوار کارێکی هەڵەی نەکردووە، هەمووی خەتای منە. هاوار کوتی چی دەڵێی خۆشەویستم؟ خۆ ئێمە هەڵەمان نەکردووە. پەروانە خانم چاوە زەق و ناحەزەکانی بەست و بەتووڕەیی‌یەوە دەمی کردەوە و کوتی: هەر ئێستا دەبێ قسە بکەین. هاوار ماق مابوو، نەیدەزانی چ باسە؟ یەوێنیش بە چاوی پڕ ئەسرین ڕایکرد و دوور کەوتەوە. فرمێسکی دەڕژاند. دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکەکانی نۆبەبڕییان لە یەک دەکرد و بەپەلە دەهاتنە خوارێ. هێند ڕایکردبوو ئەژنۆکانی ماندوو ببوون، شکانەوە. یەوێن دەستی لە عەرزی دانا و ڕووی لە ئاسمان کرد و کوتی خودایە گیان تاوانی من چییە؟ بۆ خۆت تاوانم چاک دەزانی! تاوانی من بەس نەدارییە، بەڵام جیهان و دارایی من تەنها هاوارە، ئەگەر ئەویشم لێ بگری ئیتر هیچم نامێنێت و ژیانم بەرەو کۆتایی دەچێت. هەربەردەوام قسەی لەگەڵ خودا دەکرد. لە ناکاو دەنگێکی پڕهەست و تین بە گەرمایێکی خۆشەوە کوتی: یەوێن من قەت‌قەت بەجێت ناهێڵم! کە ئاوڕی داوە هاوار بوو، بەبێ هیچ درەنگێک خۆی خستە ئامێزییەوە و توندتوند لە باوەشی گرت بە جۆرێک وەک بڵێی ئیدی ئەوە ئاخرین و دواهەمین دیداریانە. دوای لە باوەش‌کردنێکی پڕهەست و تین چاوەفرمێسکاوییەکانی سڕی و هەستایە سەر پێ و کوتی هاوارم، لە بیر مەکە زۆرم خۆش دەوێی، ماڵئاوا.

هاوار مابووەوە، نەیدەزانی چ بکات و ڕوو لە کوێ بکات. ناچار ڕێگای ماڵی خۆیانی بە خەمباری گرتە پێش. چوو بۆ لای دایکی، کوتی: پێم بڵێ دایکە تۆ یەوێن دەناسی؟ لە کوێ دیتووتە؟ دایکی

بەنارەحەتییەوە کوتی: ئەو کچە لە ئاستی تۆدا نییە تەواو. ئیدی ناوی مەهێنە بااااش؟

_ بەڵام بۆچی دایە!!! بۆچی؟

ئاخری پەروانە خانم سەبری نەما و بە دەنگێکی بۆڕ و ناخۆشەوە قیژاندی و کوتی: ئەو کەنیزێکە، تا ئێوارە خەریکی نۆکەریی ماڵی خەڵکە، تۆش کوڕە ئاغای؛ ئیدی نەبینم ناوی بهێنی، تێگەیشتی؟ هاوار چاوەکانی زاق کردەوە و کوتی: دایە بەس بە خاتری ئەوەی کە یەوێن کەنیزە دەڵێی لە حەددی مندا نییە؟ پەروانەخانم بەتوندی وڵامی داوە و کوتی: ئەرێ، ئەرێ. هاوار چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک. بە دەنگێکی نەرمەوە کوتی: ئەی دەتزانی یەوێن پاکترین و بێوێنەترین کچی ئەم جیهانەیە لای من دایە؟ چاوەکانی یەوێن پاکن، ژیان بە من دەبەخشن، هەناسەی ئەو ژیانی منە و دڵی وەکوو چاوەکانی پاک و بێدرۆیە. ئەوە تەواوی هەست و هەبینی (وجود) من، ئەوە سەرچاوەی ژیانی من!

هاوار بەردەوام باسی یەوێنی دەکرد. لە ناکاودا دایکی یەک‌بەخۆی وەکوو هەورەتریشقە قیژاندی و پەیکەرە گرانەکەی وا باوکی هاوار لە وڵاتی چین کڕیبووی دای بە عەرزدا و کردی بە هەزار لەت. کوتی: سەد جارم کوت ناوی ئەو چەتیوە مەهێنە، ئیدی بەسی کە، تەواو بوو، تەواو. چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، دەرگای ژوورەکەی زۆر بەتوندی دایەوە.

یەوێن کە بەردەوام ئەسرینەکانی دەڕژاند بڕیاری دا لەو شارە بڕوات. کەواتە چەمەدانی کۆ کردەوە، چەمەدانێکی بچووک کە تەنها دوو کراسی حەریری جوان و کۆتێکی سووری درێژ کە زستانان تۆزێک گەرمی دەکردەوە، وێنەیێکی هاواریش کە تەنیا دڵگەرمیی ژیانی بوو لە تەواوی وەرزەکاندا و بەتایبەت زستانان کە تەنانەت لە کۆتە سوورەکەشی گەرمتر بوو. هەموو ئەوانەی پێچایەوە و بەرێ‌کەوت بە دڵێکی پڕ لە گریان و کڵۆڵییەوە. دڵی وەکوو ئاورێک وا بوو کە بەردەوام فرمێسکی دەرژاند تا بەشکوو ئاورەکە بکوژێتەوە، سارێژ بێت؛ بەڵام نا، ئەو ئەسرینانە وەکوو نەوت وابوون، زیاتر و زیاتر ئاورەکەیان دەگەشاندەوە.

*******

هەبین ڕۆژانێکی پڕ لە خۆشی بوو لەلای بەهارخانم. ماوەیێکی زۆر تێپەڕی. ژیان بەردەوام پڕ بوو لە خۆشی، تا ئەوەی کە ڕۆژێک هەبین پرچەکانی دا بە دەستی با و بەرەو قوتابخانە وە ڕێ‌کەوت. لە ڕێگادا تووشی پیاوێک هات، پیاوێک کە ڕوخسارێکی جوانی هەبوو. قەد و قەوارەیێکی زۆر ڕێک‌وپێک، تەمەنی زۆر بە ڕواڵەتیدا دیار نەبوو، لەوانە بوو وا جوان و قۆز مابوو. هەبین کە دیتی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، دڵی بوو بە دوو بەش: لایێکی پڕ لە خۆشی و لایێکی دیکەشی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ. زوو سەری داخست و چوو بەرەو قوتابخانە. کە گەیشت چووە پۆل و دانیشت، بەڵام بیر و هۆشی هەر لەو شوێنە مابووەوە. دوای تەواوبوونی کلاس گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای بەهارخان. دای لە درگا، کە بەهار درگای کردەوە خۆی فڕێدایە باوەشی و کوتی: بەهارم! نامهەوێت لێت جودا بم قەت قەت. بەهار پەشۆکا و کوتی: هەبینەکەم! چی بووە پێم بڵێ بزانم؟ هەبین باسی ئەو پیاوەی بۆ کرد و کوتی: بەهارخان بابم دیت ئەورۆ! بەهار کوتی: بەڕاست! دەی پێم بڵێ چی کوت، چۆن بوو، دڵخۆش بوو کاتێک تۆی دیت؟ هەبین چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک و کوتی: منی

نەناسی، هەر چاویشی لێنەکردم! بەهار کوتی: باشە خۆت نارەحەت مەکە، هەستە با نان و چایی بخۆین. پلانم هەیە بۆ دواجارمان، پاشان پێکەوە لەسەر ئەو بابەتە قسە دەکەین. ئێستا چون زۆر پەشۆکاوی جارێ بیری لێ مەکەوە تا دوایی. زوو هەستە با نەکەوینە درەنگ.

*******

یەوێن هەروا کە بە چاوی فرمێسکاوی ڕێگای دەپێوا لەناکاو ئاسمانیش دەستی کرد بە گریان و دەنکەدەنکە فرمێسکەکانی دەڕژاندە سەر زەوی، وا خۆی پیشان دەدا وەک بڵێی بەتووڕەییەوە بە یەوێن بڵێت دڵی من لە دڵی تۆ تەنگتر و پڕخەمترە. لەناکاودا لە نێوان فرمێسکەکانی ئاسمان و یەوێندا کوتوپڕ چێشتخانەیێکی دیت کە تێیدا گڵۆپی جوانی ڕەنگاوڕەنگ هەڵکرابوو. هێندە ڕەنگەکانی جوان بوو کە چاوی لێدەکرد هەستی کرد گڵۆپەکان چاوی لێدەقرتێنن و دەڵێن وەرە، وەرە ئێرە، شتەکان زۆر جوان و ڕووگەشن. بەخۆیدا هاتەوە دیتی تەواوی گیانی تەڕ بووە. ئیدی ڕووی لە درگای چێشتخانەکە کرد و چووە ژوورەوە. بە شەرمێکی جوانەوە کوتی: دەتوانم بۆ چەن کاتژمێرێک لێرە بمێنمەوە؟ خاوەنی چێشتخانەکە پیاوێکی دڵسۆز بوو، کوتی: کچم، هیچ کێشەیێک نییە. چاییەکی بۆ هێنا و لە تەنیشتیەوە دانیشت و کوتی: کچم، گەر بتەوێ دەتوانی بۆ هەمیشە لێرە بمێنیتەوە؛ چونکوو لێرە پێویستمان بە چێشتلێنەرێکی دیکەشە، بەڵام بەو مەرجەی خواردنێکی خۆش و ڕەنگین ساز بکەیت. یەوێن بزە هاتە سەر لێوە سارد و ژاکاوەکانی و کوتی: مامە گیان لە چێستلێناندا هاوتام نییە. مامە کەژیار کوتی: کەواتە تەواوە. هەستە دەستبەکار بە!

یەوێن زوو هەستا و چووە سەر کارەکەی خۆی. شێوی ئەو شەوەی چێشتخانەکەی ساز کرد زۆر بەتام و خۆش بوو. زۆر خێرا بە دەستپوختە ڕەنگینەکەی و هەڵسوکەوتە ڕێکوپێکەکەی، خۆی لە دڵی مامە کەژیار جێ کردەوە.

ڕۆژەکان یەک لە دوای یەک و ساڵەکان بە شوێن یەکدا تێدەپەڕین تا ئەوەی کە یەوێن بوو بە چێشتلێنەرێکی بەناوبانگ و چێشتخانەکەی مامە کەژیار زۆر ناسرا. بارودۆخی ژیانی یەوێن گۆڕدرا و زۆر خۆش بوو. ئیدی وای لێهاتبوو کە کاریشی نەکردایە ژیانی زۆر بەڕاحەتی و ئاسوودەیی تێدەپەڕی بەڵام ئەو دڵی نەدەهات مامە کەژیار بەجێ بهێڵێت. بەو جۆرە ڕۆژەکانی پڕ لە خۆشی لە لای مامە کەژیار تێدەپەڕین. تا ڕۆژێک مامە کەژیار پێی کوت: یەوێن سبەینێ لێرە میوانییەکی گەورە بەڕێوە دەچێت، دەبێت خۆت ئامادە بکەی؛ چونکە بەیانی ڕۆژێکی پڕکارە و زۆر ماندوو دەبی. یەوێن چون ڕاهاتبوو لای زۆر ئاسایی بوو، کوتی: دەی زۆر چاکە کێشەیێک نییە. ئیدی یەوێن ڕێگای ماڵی گرتە پێش. ئەو شەوە لەناکاودا کەوتە نێو زەریای بیرەوەرییەکانی ڕابردووی، ئەو زەریایە هەر شەپۆلی دەدا و هاواری بانگ دەکرد و هاواری دەهێنایە پێش چاوی خەیاڵی. ئەو بیرەوەریانە دڵی پڕ کرد و چاوەکانی مات کرد و گەشانەوەی لێستاند. بڕیاریدا زوو بخەوێت تا بەشکوو هەم خەیاڵەکان دوور کەونەوە، هەم بەیانیش زوو هەستێ. کەواتە چاوەکانی لێکنا و چوو بەرەو جیهانی خەو. بەڵام هەر شتێکی کرد خەوی لێنەکەوت یانی خەیاڵی هاوار ئیزنی پێنەدەدا بخەوێت. ئەوندە ئەمبار و ئەوباری کرد تا دیتی تاو بە بێدەنگی لە دەرگای ماڵی خەیالاتی دەدا. ڕۆژ

بەجوانی هەڵات. یەوێنیش دیتی بێسوودە، هەستا دەموچاوی شۆرد، خۆی ساز کرد تا بچێتە سەر کار. ئەو ڕۆژە پرچی داهێنا و وەکوو ئەو ڕۆژانەی هاوار پێی جوان بوو قژەکەی هۆنییەوە.

کراسێکی حەریری سەوزی لەبەر کرد، وەک بڵێی ئەویش بۆ ئەو میوانییە بەتایبەت داوەت کرابێت، ڕێکەوت بەرەو چێشتخانەکە. کە گەیشت هەمووان کە یەوێنیان دیت سەریان سووڕما، ئاخر زۆر جوان ببوو. مامە کەژیار بە پێکەنینەوە بەیانی باشی پێ‌کوت و بە ڕوویێکی خۆشەوە کوتی ئەورۆ پەندێکی دەدەی و دەزانم کوڕێکی جوان و ڕێک‌وپێک دڵت داگیر دەکات. یەوێن لە دڵیدا پێکەنی و بە بەرلچەوە کوتی دڵی من یەک کەس داگیری کردووە، بۆ هەمیشەش هی ئەوە، هەرچەند دەزانم پێی‌ناگەم. مامە کەژیار پێکەنی، کوتی: ئەوە چی دەڵێی کچم؟ دەبا لەوانە تێپەڕین، زوو دەست‌بەکار بین، کاتمان نییە.

*******

هەبین و بەهار خان خۆیان جوان کرد و هەبین هەروا کە خەریکی خۆسازکردن بوو دڵی هەر لە لای بابی بوو و بەردەوام خەمێک دەهات و نەیدەهێشت کە دڵی خۆش بێت. هەبین هەروا کە لە ناو فکردا بوو لە ناکاو بەهار دەستی خستە سەر شانی و پرچەکانی ماچ کرد و کوتی: هەبینم سازی؟ هەبین بە چاوەکانی وڵامی داوە بەهار سازم بڕۆین.

هەبین و بەهار دەست لە ناو دەست ڕێ‌کەوتن بەرەو میوانییەکە وا بانگهێشت کرابوون. کە گەیشتن دیتیان چێشتخانەیەکی گەورە و خۆشە کە پڕە لە گلۆپی ڕەنگاوڕەنگ و یەکێک لە بەناوبانگ‌ترین چێشتخانەکانە؛ هەروەها چێشتلێنەرێکی بەناوبانگیشی هەبوو. چوونە ژوورەوە. هەموو شتێک زۆر جیاواز و بێ‌وێنە دیار بوو. کە هەروا لە دەرگای ژووریان دەکردەوە پەروانە خانم کە لیباسێکی ڕەشی زۆر جوانی لەبەر کردبوو بە چەشنێک کە تۆزێک خوێن‌شیرینی کردبوو و هەروەها قژەکانیشی لە سەر تەپڵی سەری وەکوو تەپەگەونی کۆ کردبووەوە، لێویشی ماتیکێکی نارنجی تۆخی ناحەزی لێ‌دابوو، بەو قەد و قەوارەیەوە باوەشی بۆ بەهارخان کردەوە، بەخێرهاتنی کردن، زۆر بە ڕێزەوە مێزە تایبەتەکەیانی پێ‌نیشاندا کە بچن دانیشن و لەوێ شتێ بخۆنەوە. هەموو میوانەکان بەدوای یەکدا هاتن و ژوورەکەیان ڕازاندەوە، پەروانە خانم مامە کەژیاری بانگ کرد و کوتی هەموو شتێک ساز بکەن و کەیکەکە بهێنن وا کوڕە شازادەکەم و بووکەکەی هاتن. مامە کەژیار بەپەلە ڕۆیشتە بەرەوە بە یەوێنی کوت: یەوێن زووبە کەیکەکە بە هێواشی ببە؛ بەڵام ئاگادار بە داینەخەیت.

یەوێن کە چاوەکانی خەمێکی نامۆی تێدابوو کوتی: بە چاوان! یەوێن هەروا کە هەنگاوەکانی بەنەرمی دادەنا تەپەتەپی هەنگاوەکانی دڵی زۆرتر و خێراتر بوو لە هەنگاوەکانی پێی. ڕووبەڕووی بووکەخان بووەوە، زاوا پشتی لە یەوێن بوو. یەوێن بە شەرمێکی جوانەوە داوای لە زاوا کرد لاچێت و ڕێگاکەی بۆ بکاتەوە تا کەیکەکە لە شوێنی خۆی دابنێت. کە زاوا قوژەکە ئاوڕی دایەوە یەوێن جیهانی لێ تاریک بوو و ترپەکانی دڵی بەرز بووەوە، وەک بڵێی دەیشاخاند و دەیکوت شتێ وا نابێت ئەمە هەمووی خەونە خەون. یەوێن هەروا کە چاوی زاق کردبووەوە مات ببوو و دڵی بە ترپەکانی بە ئاواز و مۆسیقای تایبەت بە خۆیان بانگی

هاواریان دەکرد هااا واااار. هاواریش بە دیتنی یەوێن وشک هەڵگەڕا، وەکوو گوڵێکی جوانی بەهاری کە بێناز بکەوێت. ئەو دووانە هەروا مات ببوون و بە چاوەکانیان قسەیان لەگەڵ یەک دەکرد و تەواوی ئەو عالەمەش ماتی ئەوان ببوون. دەستیان کرد بە پچەپچ. پەروانە خانم کە قسەکانی لەگەڵ هاورێکانی تەواو بوو و سەرنجیدا هاوار مات و بێدەنگ و سست ڕاوەستاوە، لێی چووە پێش و کوتی: ئەوە چییە؟ کە چووە پێش یەوێنی دیت یەک بە خۆی هەڵبەزایەوە و کوتی: تۆ لە کوێوە بەربوویەوە ئێرە ها؟یەوێن بە ڕوخسارێکی پەشۆکاوەوە و زۆر بەخێرایی ئەوێی بەجێهێشت، چووە دەرێ. هاواریش بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە شوێنی کەوت.

لەو لاشەوە هەبین شەوێکی پڕ لە دڵەڕاوکێی هەبوو؛ چونکە باوکی لەوێ بوو. لە لایێکی دیکەشەوە پێی خۆش بوو بچێت زۆر بەتوندی لە ئامێزی بگرێت و تێر ماچی کات بەڵام کە بیرەوەرییەکانی ڕابردووی دێتەوە بیر، زیاتر ڕقی لێ هەڵدەگرت، چونکە ئەودەم کە هەبین منداڵ بوو باوکی بەجێی هێشتبوون. هەر هەبین و دایکی بە تاقی تەنیا مابوونەوە. هەموو ئەوانە بوو بە خەفەت و لە سەر دڵی دایکی کۆ ببووەوە و جیهانی لێ تاریک کردبوو و چرای ژینی کوژاندبووەوە؛ بۆیە هەبین هێند ڕقی لە باوکی بوو. هەروا کە هەبین بیری دەکردەوە، لە زەریای بیرەوەرییەکانیدا خەریک بوو نوقم بێت، لەپڕ بابی لە بەرانبەریدا دەرکەوت و کوتی: کچۆڵە جوانەکە تۆ لە کوێوە هاتووی؟ لەو دەمەوە تۆم لێرە دیتووە نەمتوانیوە چاو لە کەسی دیکە بکەم. زۆر شێوەت لە هاوژینەکەی یەکەمم دەچێت! بەڕاستی ئەو وەکوو تۆ بێوێنە بوو. هەبین کە ئەوانەی دەبیست زیاتر ڕقی لێهەڵگرت چون ئەو لە نێوان وتەکانیدا کوتی ژنی یەکەمم، کەواتە وا دیارە ئێستا ژنی دووهەمی هێناوە! هەبین ئیدی نەیتوانی خۆی ڕابگرێت، لووتێکی لێ بادا،کوتی: دەی فەرموو ئێستاکە چیت لێم دەوێت؟ تۆ بە ڕۆیشتنت جیهانی ئێمەت تاریک و ناخەز کرد. ئەلان ئیدی دەتهەوێ چیم لێ بگری؟ چیت دەوێ؟ دایکم کە چرای ژینم بوو هەمووی بە بۆنەی تۆوە خەفەتی خوارد و لەناو چوو، چیت دەوێ؟ هاااا چیت دەوێ؟ ئەو پیاوە بە بیستنی ئەو قسانە مات بوو، ڕەنگی زەرد و ناخەز هەڵگەڕا و لێوەکانی دەلەرزی و هیچی بۆ نەدەهات. کوتی: ڕاوەستە بزانم کچۆڵە، تۆ کێیت و ئەوانە چییە دەیڵێی؟ هەبین کە ئەوندە نارەحەت بوو دڵی پڕ بوو و هەروەها چاوەکانی وەکوو چۆمێک پڕ بوو لە ئاو و لەناکاودا چۆمەکە ڕێگای بۆ خۆی دەرباز کرد و بە تاو هاتە خوارێ و خەشی خۆی ڕژاند.

لەتاو گریان بڕگەبڕگە قسەی دەکرد و دەیکوت: بۆ خۆت چاک دەزانی چی دەڵێم و من کێم! ئەرێ من هەبینم، هەبینێک پڕ لە تەنیایی و بێکەسی. باوکی هەبین کە گوێی لەوانە بوو ئەژنۆی شکا و فرمێسکەکانی هاتنە خوارێ و بە لەرزەلەرز کوتی: کچم هەبین، نازانی چەندە لە شوێنتان گەڕام و چەندە بیری ئێوەم کردبوو! بەڵام ئێوە لە هیچ کوێیەک نەبوون، نا نەبوون. کچم بمبورە من شەرمەزاری ئێوە بووم؛ بەڵام ئەمن خودا ئاگادارە زۆر لە دواتان گەڕام، دەرگای زۆر کەسم کوتا. ماڵان، شەقامەکان نەمابوو نەگەڕێم. ئێوەش وەک بڵێی زەوی دمی کردووەتەوە و قووتی دابێتن. ئەرێ ئاوابوو ئێوە ناپەیدا، نادیار بوون. ئەو کە هەروا بەردەوام قسەی دەکرد و داوای لێبوردنی دەکرد،

هەبینیش لە وڵامی ئەو هەموو تکا و لالانەوەدا فەقەت کوتی: ئەی ئەو هەموو شەوانەی کە دەمویست بمرم لە کوێ بووی؟ لەو قسانەدا لەناکاو پەروانە خانم هاتە نێوانیان و بە پەشۆکاوی کوتی: ئاوات خان، هاوار لە ژوورەکە نەما و چوو بە شوێن ئەو کچەدا، کارێک بکە دەنا ئابڕوومان دەچێت! ئاوات خانیش کە ئەسڵەن هۆشی بە خۆیەوە نەبوو تەنانەت پێی خۆش نەبوو گوێی لە دەنگی پەروانە خانمیش بێت هەروا ماتی هەبین بوو، هیچی نەدەکرد و وڵامی پەروانەی شاجوانی ژنی نەدەداوە.

هاوار کە بە شوێن یەویندا ڕای‌دەکرد بانگی دەکرد کە بوەستێت. یەوێنیش کە چاوەکانی تەواو شێوابوون و فرمێسکیان لێ‌ڕانەدەوەستا خۆی ڕاوەستا و کوتی: مەگەر قسەیێکیشت هەیە بۆ کوتن، باس کردن؟ هاوار کە هەناسەبڕکێی پێ‌کەوتبوو کوتی دەتوانم دەستێک بە پرچە خاوەکانتدا بهێنم بزانم تۆ ڕاستەقینەیت یا...؟ یەوێن کە تەواو شڵەژابوو و مات ببوو هیچی بۆ نەدەکوترا. هاوار لێی چووە پێشەوە، دەستێکی بە قژەکانیدا هێنا، هەروا کە ئەنگوستەکانی لە ناو پرچە خاوەکەی یەویندا دەهێنایە خوارەوە و لێوەکانی لەخۆشیدا بزەیان تێ‌کەوتبوو کوتی: یەوێن تۆ زیندووی؟ یەوێن گیانەکەم تۆ نەمردووی؟ خۆ من خەریک بوو دڵم بۆت دەربێت.

هاوار ئەو شەوە تا بەیانی ئەوەی کە لە نەبوونی یەویندا ڕوویدابوو هەمووی بۆ گێرایەوە، کوتی کە پەروانە خانم بۆ ئەوەی هاوار یەوێن لەبیر کات چی کردووە، چی کوتووە، بەڵام هاوار بەردەوام چاوەڕوانی ئەوی کردبوو کە بگەڕێتەوە. یەوێن هەموو وتەکانی هاواری باوەڕ کرد چون ئەو چاک پەروانە خانمی دەناسی، دەشیزانی هەموو کارێکی لە دەست دێت. بۆیە هاوار لە باوەشی گرت و کوتی ئیدی بۆ ساتێکیش بەجێت ناهێڵم، تۆ لەگەڵ کەسدا بەش ناکەم.

ئەو شەوە پڕدڵەڕاوکێی هەبینیش تەواو بوو. بەبێ ماڵئاوایی باوکی بەجێ هێشت و دەستی بەهار خانی گرت و کوتی با لێرە بڕۆین. کە گەیشتنە ماڵەوە، هەبین خێرا چوو بخەوێت تاکوو بەشکوو خەو برێک ئارامی بکاتەوە. کە چاوەکانی لێک‌نا، دایکی هاتە پێش چاوی و دەستی بە سەریدا هێنا و ماچی کرد و کوتی هەبینم، جاری وایە دەبێ لە هەمبەر کەسانێکدا کۆتا بێی، بیان‌بەخشی، تەنانەت بۆ یەک جاریش بووە دەبێت کە بیان‌بەخشی. هەبینیش کە دایکی لە تەواوی جیهان زیاتر خۆش دەویست و قەت بێ‌دڵیی نەدەکرد و هەمیشە گوێ‌ڕایەڵی بوو، ئەوجارەشیان بڕیاری‌دا بە قسەی دایکی بکات.

# مرۆڤایەتی چۆن مـرد؟



زانا ڕەشیدی

چێشتخانەیەک هەبووو لە بەردەمیا پارکێکی خنجیلانەی لێبوو کە چەند کورسی تێدا بوو و ئێواران کوڕ و کچە عاشقەکان دەچوون و پیاسەیان دەکرد و کاتیان تێدا بە سەر دەبرد.

ئێوارەییێکی تەماوی پاییز بوو و لە سەر کورسییەکان کوڕان و کچان دانیشتبوون. لە سەر یەکێ لە کورسییەکان کوڕێکی باڵابەرزی شازی چاویلکەلەچاو دانیشتبوو و دەیڕوانییە جوانیی سروشت و گەڵا ڕەنگاوڕەنگ و وەریوەکانی دارەکانی نێو پارکەکە.

دوای چەن خولەک کیژێکی شۆخوشەنگی چاوباز هات و لە سەر کورسی بەرانبەری کوڕە چاویلکەلەچاوەکە دانیشت و چاوەڕێی خۆشەویستەکەی دەکرد.

چەن خولەک تێپەڕ بوو کچەکە سەرێکی هەڵێنا و چاوی بەو کوڕەی کورسی بەرانبەری کەوت و دیتی کە کوڕەکە بە زەردەخەنەیەکەوە چاوی لێدەکات. کچەکە پێی سەیر بوو و لە شەرمان سەری داخست.

کچەکە هەر چاوەڕوانی هاتنی خۆشەویستەکەی دەکرد.

بۆ جاری دووەم کە سەری هەڵێنا دیسان چاوی بە کوڕەکەی بەرانبەری کەوت کە بە هەمان شێوە و بە زەردەخەنەیەکی سەرنجڕاکێشەوە تەماشای دەکات. کچەکە لە نیگاکانی کوڕە چاویلکەلەچاوەکە سەری سووڕ مابوو و نەیدەزانی چی بکات. بە ناچار سەری دادەخستەوە.

کچەکە سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد و دەیویست کە ئەو شوێنە بەجێ بێڵێ و بڕوات، بەڵام دەیزانی کە خۆشەویستەکەی لە ڕێگەدایە و چەن خولەکی دیکە لەوانەیە زووتریش بگات و لەوانەیە کێشەیەکی هەبێ بۆیە وا درەنگ کەوتووە.

کچەکە ماوەی چارەکێک بوو کە لە سەر ئەو کورسییە دانیشتبوو و جارجارە سەری هەڵدەهێنا،

هەواڵنامەی کتێب

به هیوای ئەوەی که خۆشەویستەکەی بێت. دیسانەوە که سەری هەڵێنا ڕووبەڕووی هەمان دیمەن بووەوە و کوڕە چاویلکەلەچاوەکە جار لەگەڵ جار به ڕوویەکی شیرینترەوە چاوی لێدەکات. کچەکەش تەواو خەمبار ببوو و ئۆقرەی نەمابوو و ویستی بڕوات، بەڵام لەو کاتەدا بوو که خۆشەویستەکەی هات.

چەن خولەکیان به قسە و گاڵتە و گەپ و پێکەنین و خۆشی ڕابوورد.

کچەکە که پێی خۆش نەبوو هیچ شتێک له خۆشەویستەکەی بشارێتەوە ڕووداوەکەی بۆ باس کرد.

کوڕەکەش زۆری پێ ناخۆش بوو و تووڕە بوو. هەستا و چووە لای کوڕە چاویلکەلەچاوەکە و بەبێ بیرکردنەوە و وتنی تەنانەت وشەیەک مشتێکی توندی له سەر و چاوی کوڕەکە دا.

کوڕە چاویلکەلەچاوەکە له سەر کورسییەکە بەر بووەوە و چاویلکەکانیشی داکەوتن.

یەکێ له کارەکەرەکانی چێشتخانەکە که ئاگای له ڕووداوەکە بوو بێ‌وچان له چێشتخانە هاتە دەر و کوڕەکەی هەستاندەوە و خستییەوە سەر کورسییەکە؛ چونکە له بەهرەی دیتن بێبەش بوو و چاوەکانی نەیاندەبینی.

خۆشەویستی کچەکە هەرچەند زانی کوڕەکە کوێرە و توانایی دیتنی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی که یارەکەی لێی زویر نەبێ، به ڕووی خۆیدا نەهێنا که کوڕە چاویلکەلەچاوەکە کوێر بووە. دەستی یارەکەی گرت و ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت.

لەو کاتەدا بوو که مرۆڤایەتی له شەرمان سەری خۆی نایەوە و مرد.

هەواڵنامەی کتێب

# نرخی خوێن



گوڵزار ئەحمەدی

کاتێ بیر دەکەمەوە جوانترین شتەکان لە ژیانما دەبینم، لەو کاتەوە خۆمم ناسی تەنیا کچی بنەماڵەکەمان بووم، خۆشەویست و تاقانەی باوک و دایکم. ئەم خۆشەویستییە جارجارێ حەسودیی برا گەورەکەم، پێشەوای ڕادەکێشا، دەیوت:

– تۆ خوشکی من نیت، کچی باوک و دایکیشم نیت.

ئەم قسانەم کە ئەبیست زۆر دەگریام؛ باوکم دەهات فرمیسکەکانمی بە دەست پاک ئەکردەوە و دەیوت:

– تۆ تاقانەی خۆمی، پێشە بەخێڵی ئەبات.

دەمپرسی:

– بابە! من کەی هاتمە دنیا؟. وەڵامی ئەداوە:

– لە شەوێکی ساردی زستانی کە بەفر زەوی داپۆشیبوو، فریشتەکانی خوا تۆیان دا بە من و دایکت.

کاتێ منداڵ بووم قانع ئەبووم؛ بەڵام گەورەتر کە بووم دوودڵیشم بەم جەریانە گەورەتر بوو. کاتێ لە بەر جامەکەدا ئەوێستام هەرچی بیرم دەکردەوە نەمئەتوانی بزانم کێشاومەتە سەر باوکم، دایکم، پێشەوا؟ هیچ‌کامیان... وەک ئەوان نەبووم. دایکم دەیوت:

– لە خوشکی دایکم ئەچی؛ بەڵام ئەم میمکە خەیاڵییەم نە عەکسی بوو، نە کەسێ قسەیەکی لێی بوو کە بیگێڕێتەوە.

جوانترین شتەکان هی من بوون، هەرچی شتە زۆر خۆش دەڕواتە پێشەوە؛ بەڵام شک و دوودڵی وردەوردە کەوتووەتە گیانم، یانی چە؟ من منداڵی ئەو بنەماڵەیە بووم یان نا؟

نا، نا، فکریشی داغانی ئەکردم. ئەوەی کە ئیتر بە باوکم نەڵێم بابە، بە دایکم نەڵێم دایە، پێشە... من بە شوێن ئەوەو بووم کە پێم بڵێن هەژدە ساڵ بە هەڵە تێگەیشتووم خوشکی پێشەوام.

دەزگیرانی هەڵاڵە، ڕفیقی دانشگام کارمەندی کلینیکێکی پزیشکی بوو، بە خوایش و تەمەننا ڕازی بوو تێستێکی DNA ئەنجام  با بۆم، قژی دایک و

هەواڵنامەی کتێب

باوک و پیشەم برد و ماتڵ مام. دە ڕۆژێ کە دە سالْ درێژەی کێشا. ئاخری گەیشتە بەرەوە، ئەو ڕۆژە ڕەشەی پاییزی هاتە بەرەو پیریمەوە و هەنگاوەکانم یارییان نەئەدام. تەقەم لە درگای ژوورەکەی شەهاب دا؛ دەنگێکی داگیراو و ئارام وتی:

– فەرموون.

لە قیافەی شەهاب و هەڵاڵە نەمئەتوانی شتێکی تایبەت ببینم.

– سڵام، حازرە؟

هەڵاڵە هەڵسا، دەستی گرتم، چاوەکانی تەڕ بوون، وتی:

– بۆچی ئەوەندە هەوڵی، وەرە دانیشە، من وتم ئەم کارە عاقبەتێکی باشی نییە، قاچەکانم هێزیان نەما، دەستم گرت بە مۆبلەکەوە:

– ئاشەهاب هەرچی بووە بیڵێ، توخوا بڵێ!

– ژینا خانم ئارام بن، بەهەرحاڵ ئەمە ئینتخابی خۆتان بووە. بە شوێن ڕاست و درۆی ئەم جەریانەوە بوون، کەواتە ناچار ئەڵێم بە داخەوە هیچ پێوەندییەکی خوێنی لە بەینی تۆ و باوک و دایکت و پێشەوادا نییە...

سەرم گێژی خوارد، تەواوی سەردەمی منداڵی و تەواوی ژیانم وەک گەڵاکانی پاییز دانەدانە داکەوتن، وامدەزانی هیچێکی هی من نەبووە، لێیان سەندووم؛ هەرچی شتە لە بەر چاوما ڕەش بوو. نازانم چەنێکی پێ چوو، چاوم کردەوە، هەڵاڵە دەگریا: باشی ژینا؟ ناویشم بۆم بێگانە بوو، مردن خۆشترە لەوەی کە نەزانی کێی، لەوەی کە لە بوونی خۆت بێگانە بی، لە هەست و ژیانت؛ سرومەکەم لە دەستم دەرهێنا و هەڵسام. هەڵاڵە وتی:

– بۆ کوێ ئەڕۆی؟ حاڵت باش نییە. وەڵامم نەدایەوە.

– ژینا بۆ وا ئەکەی لە خۆت؟ تۆ ئینتزاری ئەوەت بوو، وا مەکە.

هاتمە دەرەوە. باران دەباری. گەڵاکان خەمی دڵمیان هەست پێ‌کردبوو، بۆیە ڕەنگیان زەرد بوو، خەمیان دەباراند. نازانم من زۆر فرمیسکم داوەراند یان هەورەکانی ئاسمان؟ خەمی من گەورەتر بوو یان ئەوا! ژمارەی باوکمم کە لە سەر گووشییەکەم دی زانیم شەوە، نەمتوانی جواب بەمەوە، ئاخر چی بڵێم، بابە؟ پەیامی نارد: – ڕۆڵە لە کوێی؟ شەوە.

– لە ماڵی هەڵاڵەم، کەسیان لە ماڵ نییە.

– دەی باشە کچەکەم، زوو بتوتایە. بەیانی زوو بێیتەوە.

زەنگی درگای ماڵی هەڵاڵەم دا:

– هەڵاڵە! نەمتوانی بڕۆمەوە بۆ ماڵ!

– ئاخر تا کەی ژینا؟ ئەوان ئەگەر بە دنیایان نەهێناوی گەورەیان کردووی.

– بە قسە ڕاحەتە بەڵام... یانی دایک و باوکم کێن؟ ئەبێ لەگەڵ باوکم و دایکم قسە بکەم. ئەگەر ئەم شتانە لە دڵما بهێڵمەوە ناتوانم؛ ئاخ، قسەکردنیشی زۆر سەختە، لە گیانکەندن زەجرئاوەرترە، چۆن بڵێم ئێوەم بە باوک و دایکم قەبووڵ نەکردووە؟ ئاخ...

کاتێ ڕۆژ بووەوە، بە قورس‌ترین ئەرک بە سەر شانمەوە گەڕامەوە بۆ ماڵ، دایکم هاتە پێشەوە. هەر کە دیمی دڵی داکەوت وتی:

– ئەوە چییە ژینا! بۆ زەرد بووی نخۆشی؟ وەرە بزانم چی بووە، نازدارەکەم دەستت بۆ ئەلەرزێ؟ بۆ ئەوەندە گەرمی؟ وەرە دانیشە!

هەواڵنامەی کتێب

چاوم پڕ لە فرمێسک بوو. باوەشم کرد بە دایکما، بۆنی باوەشی غەریب نەبوو، هەر باوەشە ئەمنەکەی منداڵیم بوو، وتی:

– ژینا! ژینا! چی بووە ڕۆڵە، بۆ وا ئەکەی؟

وتم:

– تەنیا تۆ دایکمی نە هیچکەسی تر! ئەمجار زۆر ترسا، دەنگی لەرزی:

– چی ئەڵێی ژینا، دەی بڵێ چی بووە؟

لەبەر گریان نەمتوانی وڵامی بەمەوە.

زەنگی دا بۆ باوکم. دوای ماوەیەکی کورت باوکم و پێشەوا هاتنەوە. بابە هات بۆ لام وتی:

– ژینا چی بووە؟ دایکت زۆر ترساوە. تۆ خۆ ئەزانی قەلبی ئێشێ، دەی بڵێ چی بووە؟ خۆم خستە باوەشی:

– بابە، من کێم؟ ئەڵێن من کچی ئێوە نیم!

بە چاوی خۆم شکاندنی باوکمم دی، فرمێسکەکانیم دی.

ماوەیەکی پێچوو تا بتوانێ قسەکانم دەرک بکات.

– کێ وا ئەڵێ؟ تۆ کچی منی، تاقە کچەکەم.

بەڵگەی DNA کەم بە دەستی لەرزان خستە بەر دەستی. ماق ما، لە دەستی داکەوت، وتی:

– ئەمە بۆ من بێ بایەخە، هیچکەس ناتوانێ تۆ لە ئێمە بگرێت.

بە دەستەکانی سەرمی گرت:

– ئێمە باوک و دایکێکی خراپ بووین بۆت کە وات زانی لە ئێمە نیت؟

وتم:

– بابە گیان لەم دنیا باوک و دایکێ ناناسم بە گەورەیی و چاکیی ئێوە، تەواو هەستی من تۆ و دایە و پێشەوان. بە دەست خۆم نییە بابە، شتێ من بەرەو خۆی ئەکێشێ دەسەڵاتم بە سەریا نییە.

من چەن جار پرسیارم کرد: بابە! درۆت کرد، حەقم نەبوو بزانم؟ وتی:

– من هیچ کاتێ درۆم نەوتووە، تەنیا تەواوی ڕاستەکەم بۆت نەوتووە. ئێستا کە ئەوەندە گەورە بووی ناو و نیشانت دەپرسی بۆت دەڵێم: هەژدە ساڵ لەمەو بەر شەوێکی ساردی زستان، من و دایکت و پێشەوا لە دەرەوە بووین، کاتێ گەڕاینەوە بەرەو ماڵ لە بەر دەرگاکە منداڵێکا ساوامان لە ناو پەتووێکا دی کە لە سەرمایا ئەگریا. ئەو منداڵە تۆ بووی. وتم:

– کێ منی دانابوو؟ دایکم؟

– نازانم، ئەو شەوە بەفرێکی زۆر قورس ئەباری، چاو چاوی نەئەدی، تۆمان بردە ماڵەوە. بەیانی ئەو ڕۆژە چووین بۆ کەلانتەری، وتمان کە منداڵێکمان دۆزیوەتەوە؛ بەڵام هەرچی گەڕان هیچیان نەزانی، ئێمەش تۆمان زۆر خۆش ئەویست نەمانتوانی بتدەین بە دەوڵەت. ئیتر تۆ بووی بە کچمان.

– بابە، شتێکیان نەنووسیبوو لەگەڵم بێت یان ... نازانم، هەر شتێ؟ وتی:

– نا، هیچ! وتم:

– بابە، من دەبێ بزانم کێ منی ئەو شەوە داناوە.

باوکم وتی:

– ڕۆڵە ئاخر بۆچی خۆت زەجر ئەیەی؟ دوای هەژدە ساڵ لە کام شوێن سەرنج ئەیەی؟ باوک و دایکی تۆ ئێمەین، تەنیا ئێمە.

– بابە، ئێستا تا قیامەت هەموو کەسی من ئێوەن، هیچکەس جێگای ئێوە ناگرێتەوە بۆ من؛ بەڵام دەبێ بیانبینم. یارمەتیم ئەیەن؟

– ئەگەر داوات بکەنەوە چی؟ وتم:

– قەت ناتوانن شتی وا بڵێن، بەڵێنت پێ ئەیەم.

ڕۆژی دوایی تەواوی نەخۆشخانەکان چووم، پەروەندەی سکەزای مانگی ڕێبەندانی ساڵ حەفتا گەڕام. دوو مانگ نەخۆشخانەکان و ماڵ بە ماڵ ناونیشانی ئەو ژنانە کە لەو شەوانەدا ڕزگار بوبوون چووم و پرسیم؛ بەڵام هیچم دەست نەکەوت، تا ئەوەی کە لە ئاخرین نەخۆشخانەکە، دەستی خاڵی هاتم بێمە دەرەوە ژنێ بانگی کردم:

- بێستە کچەکە. گەڕامەوە بۆ لای دەنگەکە، خاوێنکەری نەخۆشخانەکە بوو، وتی:

- بۆچی ناونیشانی ئەو ژنانە ئەپرسی؟ وتم:

- شەوی چواردەی ئەو مانگە منیان لە بەر دەرگای ماڵێک داناوە. بۆ نیشانیی دایکم ئەگەڕێم. وتی:

- شەوی چواردەی ئەو شەوە کە هەرچی جێگا بەفر دایگرتبوو؟

هەورە ڕەشەکان لە بەر چاوم چوونە لاوە و خۆر هەڵات، وتم:

- ئێوە شتێک ئەزانن؟

هەناسەیەکی بەرزی هەڵکێشا وتی: ئەو شەوە ژنێک هات بۆ ئێرە، داماو نۆزدە ساڵی بوو، کاری زۆر بوو، دەست و قاچی ماسیبوو، کوڵوکۆی دڵی لە لام هەڵڕشت. ئەیوت بە دەست مێردە نامەردەکەیەوە دەرچووە. منداڵەکەی کە بوو ڕایکرد، دەترسا مێردەکەی پەیای کات، منیش یارمەتیم دا.

کاتێ ئەمانەی ئەوت، فرمێسکەکانی دەڕژان. فرمێسکەکانیم پاک کردەوە وتم:

- ناوی چی بوو؟

- ڕۆژین سوڵتانی.

ناوی چەندە خۆش بوو، دڵمی دەلەرزاند، وتم:

- چی بە سەر هات؟ شوێنیتان نەگرت؟

- نا، هیچ وەخت نەمدییەوە. پرسیم:

- چۆن بوو؟

- زۆر جوان بوو، پێستی سپی وەکوو بەفر، گۆنای وەک هەنار سوور، باڵای بەرز وەک نەمام، بەڵام چارەی ڕەش وەکوو شەو. پرسیم:

- نەیوت بۆچی لە دەس مێردەکەی ڕادەکات؟

- نا.

- کەسێ نەهات شوێنی بگرێت؟

- نا، هیچکەس.

- بۆچی لە ناو پەروەندەکانی ئێرە ناوی نییە؟

- کاتێ هات حاڵی خراپ بوو، هیچێکی نەوت، کاتێکیش ڕزگار بوو ڕای‌کرد، پەروەندەی بۆ تەشکیل نەدرا!

ئێتر وتی:

- من لەمە زیاتر هیچ نازانم.

هەڵسام برۆم دەستی گرتم، هات بەرەو ڕووم، وێستا، ماقی ناو چاوم بوو، وتی:

- چاوەکانی ڕۆژینم باش لە بیر ماوە، هەر ئەم چاوانە کە ئێستا دەیانبینم ئەو چاوە سەوزانەن.

چیم ئەبیست؟ ڕۆژین؛ ئاخ لە کوێی؟ کەی دەتبینم؟ دڵم دەیوت زۆر دوور نیم لە دایکم. تاقەتم تەواو بوو، هەرچی جێگا گەڕام، بۆ سەبت ئەحواڵ چووم خۆش‌ترین ڕستەی عومرم بیست: ڕۆژین سوڵتانی زاییدەی ساڵی پەنجاویەک، لە ناوچەی هەورامان، ئاوایی سەرهوویە. فەوتی سەبت نەبووە؛ یانی هێشتا زیندووە.

چووم بۆ ئاوایی هوویە. ماڵ بە ماڵ پرسیارم کرد، سەرەنجام گەیشتم بە کائەمین، گەورەپیاوی ئاوایی، کاتێ ناوی ڕۆژین هاتە سەر زمانم فرمێسکەکانی ڕژانە سەر ڕیشە سپییەکەی. وتی:

- ئەو کچە جوانە، جەفایان کرد لەگەڵیا، براکەی (شاهۆ) لە ناو شەڕا کوڕێکی کوشت؛ باوکی ئەو

هەواڵنامەی کتێب

کوورە وتی دەبێ منیش شاهۆ بکوژم، کاتێ ڕۆژینی دی، شەرتی کرد یان ڕۆژینم پێ ئەدەن یان خوێنی شاهۆ دەڕژێنمەوە. ئاخ... ئەو ناپیاوە، حسەین، حەفتا ساڵی بوو ڕۆژینی هەژدە ساڵەی بە زۆر مارە بڕی، باوکی ڕۆژین ناپیاوتر لەو، ئەو کچە جوانەی کردە قوربانیی کورە خوێرییەکەی. ڕۆژین دوو جار ویستی خۆی بکوژێ بەڵام نەیانهێشت. دوای دوو مانگ ڕایکرد. چەند مانگ بە شوێنیا گەڕان تا سەرەنجام لە سنە دۆزییانەوە، شەوێکی ساردی زستان تەنیا و بێکەس، زانی بە شوێنیەوەن لەترسا ڕایکردبوو بەرەو جادە کە ماشین لێیدابوو. دوایی حسەین هاتەوە ئاوایی، وتی ڕۆژین لە تەسادفا مردووە. وتم:

- نا، ڕۆژین نەمردووە.

- نازانم ڕۆڵە وتیان مردووە. خوا ئەزانێ. وتم:

- باوک و دایکی ڕۆژین چی، نەچوون بە شوێن کچەکەیانا؟

- ئەوان دڵنیای مردنی ڕۆژین بوون. دە ساڵێک ئەبێ مردوون.

ئاخ دایە چەندە زوڵمت لێ چووە! چۆن ئەبێ باوک و دایکێ ئەوەندە زاڵم بن بۆ کچی خۆیان، مەگەر خوای کچ و کوڕ جیاوازە؟ بۆچی ئەبێ کچێ بە خوێن بفرۆشن؟ دایە گیان لە کوێی؟ کەی دەتبینم؟

هاتمەوە بۆ سنە، چووم بۆ کەلانتەری، بۆ هەر شوێنێ کە لە تەسادفی ئەو شەوە خەبەری ببوایە، ئاگادار بووم کە ئەو شەوە ماشینی لە ژنێکی داوە، نەمردبوو بەڵام فەلەج بوبوو. دوای چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانە کە هیچ کەس شوێنی نەگرتووە ئەویش وتوویەتی هیچ کەسی نییە؛ بردوویانە بۆ ئاسایشگایێکی دەوڵەتی.

کاتێ گەییشتمە بەر دەرگای ژوورەکەی دایکم بە دەستی لەرزۆک دەرگام کردەوە، وتی:

- کچەکەم ئاخری هاتی! خۆم خستە سەر قاچە بێهێزەکانی: دایە گیان!

- کچە جوانەکەم! هەژدە ساڵە چاوەڕوانم بتبینم، دوێشەو لە خەوا دیمی، زانیم دێی بۆ لام.

- دایە! زانیم چیت بە سەرا هاتووە، بۆچی منت لە خۆت بێبەش کرد؟ لە لای خۆت بوایەم باشتر نەبوو؟

- نازدارەکەم! بمبەخشە چارەم نەبوو! من لە ماڵی مێرد ڕامکردبوو، پەیایان بکردایەم خوێنیان دەڕشتم، ئەو کاتە زانیم دووگیانم سوێنم خوارد دەرفەت نەدەم کەسێ بێجگە لە خوا ئاگادار بێ، هاتم بۆ سنە، خوا ڕەحمی پێ کردم، لەگەڵ پیرێژنێک ئاشنا بووم منی برد بۆ ماڵی خۆی، کارەکانیم دەکرد، پەرەستاریم لێ دەکرد تا ئەوەی کە کاتی زایمانم گەیشت، لە نەخۆشخانە، فریشتەکەم، تۆ هاتیتە دنیا؛ خەوفی ئەوەی کە پەیام کەن کەوتبووە دڵم تۆیان بدیایە، توهمەتیان لێئەدام، خۆم هیچ، تۆشیان ئەکوشت. تۆم خستە بەر درگای ماڵی کابرایەکی دەوڵەمەند، بە هیوای ئەوەی کە ژیانت لە ژیانی دایکت باشتر بێت؛ چاوم کە کردەوە باوکتم دی کە دێ بەرەو لام، ڕامکرد ماشینێک لێیدام. ئەو تەسادفە بووە مایەی خێر، دەستیان لە سەرم هەڵگرت.

- دایە، ژیان دەبێ شەرمەندەی تۆ بێ، چەندە گوناحی!

# بەشێک لە کورتەچیرۆکی جوانترین نوقمبووی جیهان

(بەرهەمی گابرییێل گارسیا مارکێز)



عاتفە مەحموودی

هەواڵنامەی دێر

لە ناو میوانەکاندا لە سەر پێ ڕادەوەستێ، بە دەستە نەرمونۆڵ و ڕەوسەکەی کە لە ورچە دەریاییەکان دەچێ، نازانێ چی بکات و ژنی ماڵ بە شوێن پتەوترین کورسی بگەڕێ و بە ترسەوە تکای لێ بکات کە لێرە دانیشە ئیستبان! فەرموو. ئەویش پاڵ بداتە دیوارەکەوە و بە پێکەنینەوە بڵێ «موزاحم نابم خاتوون، هەر ئەم جێگەیە باشە» و بە لەپە کونگبووەکانی و پشتئێشەکەی لە ئەو هەموو ئێشانەی کە هەموو لەناو میوانەکاندا دووپاتی ئەکاتەوە، بە جەختەوە بڵێ «موزاحم نابم خاتوون، هەر ئەم شوێنە باشترە، نەبا کورسییەکە بشکێت و سەرشۆڕ ببم. ڕەەنگە هیچ کات پێ نەزانێ هەر ئەو کەسانەی کە دەیانوت مەڕۆنەوە جەنابی ئیستبان، لانیکەم یەک کووپ قاوە بخۆن، دواتر برۆن، هەر ئەو کەسانەن کە بە چپە دەیانگوت: ئاخری ئەو هیزی زلە زەحمەتی کەم کرد. ئەمە شتانێک بوو کە ژنەکان پێش لە هەڵهاتنی هەتاو، لە پاڵ کەلاکەکە بیریان لێدەکردەوە، دوای چەند چرکە کە ڕوخساری ڕەنگی مردووەکانی لێنیشتبوو، ئەو جۆرەی ئۆناق قورگیانی گرت، پێش هەموو ئەو ژنەی کە لە هەمووان جوانتر بوو، دەستی کرد بە گریان و هەموویان لەگەڵ ئەو دەستیان کرد بە گریان و هیرقەهیرقی ئەوان بوو بە شیوەن و هەرچی دەگوزەرا دەکرووزانەوە و زۆرتر دڵیان دەیویست و فرمێسکیان دەڕشت؛ چونکا ئیستبانی بەستەزمان لە هەموو پیاوانی سەر زەوی بەلەنگازتر، بێئازارتر و میهرەبانتر بوو.

بەم شێوەیە کاتێک پیاوان گەڕانەوە و وتیان پیاوە نوقمبووەکە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەریش نییە، ژنەکان لە نێوان گریان و ناڵەدا، دڵخۆش بوونەوە و هەناسەیان هەڵکێشا و گوتیان شوکر بۆ خوا، ئەو لە ئێمە نییە. پیاوەکان وا هەستیان دەکرد کە ئەم بۆڵەبۆڵە لە هەرزەیی و سووکیی ژنەکان سەرچاوە دەگرێ. ئەوان کە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و دژواری شەوانە ماندوو بوبوون، تەنیا شتێ کە دڵیان پێوە بوو، ئەوە بوو کە لە ئەو ڕۆژە وشک و بێبایەدا پێش ئەوەی کە گەرمای هەتاو زۆرتر

بێ، بۆ هەتاهەتایە لە شەڕی ئەم تازەهاتووە ڕزگار بن. بە ئەو تیر و دەکەڵانەی کە لە پاپۆڕەکە بەجێ مابوو، دەستبەرێکیان سازکرد و بە گوریسی پاپۆڕەکە بەستیانەوە تا قورسایی کەلاکەکە ساچین بکات و بیگەیەنێتەوە بە زاخۆرەکە. دەیانویست لەنگەرێکی پاپۆڕێکی باریی پێوە ببەستن تا بەئاسانی بچێتە ناو قووڵترین شەپۆلەکان، ئەو جێگایە کە ماسییەکان کوێرن، نوقمبووەکان لە غوربەتدا دەمرن و ڕەوتی نالەباری ئاو ئەویش وەکوو کەلاکەکانی دیکە نەهێنێتەوە بۆ قەراخ؛ بەڵام هەرچی زۆرتر پەلەیان دەکرد ژنەکان کارێکیان دەکرد تا کات زایە بێت. ئەوان وەکوو مووره ترسنۆکەکان دەندووکیان لە هەموو جێگەی دەچەقاند و سۆنگە بایەخدارەکانیان لە ئامێز دەگرت. لێرە بە شوێن باپێو دەگەڕان و لەوێ بە شوێن (قطب‌نمای مچی) تا لە سەر کەلاکەکە داینێن.

دوای ئەوە کە چەندین جار دووپاتیان کردەوە دەنگی پیاوەکان بەرز بووەوە: «بچۆ ئەو لاوە ژنەکە، لە سەر ڕێگەکە لاچۆ، خۆتان بپارێزن» شتێکی نەمابوو برکمان بدەنە سەر مردووەکە. بەرەبەرە گومانڕەش بوون و دەستیان کرد بە فنەفن و وتیان ئەم هەموو شتە بۆ ناشتنی یەک غەریبە چ مانایەکی هەیە؟ بەڵام ژنەکان بەردەوام سۆنگە ئەنتیکە داشقەکەیان لە سەر یەک دادەنا، بە ئەملا و ئەولادا بازیان دەدا، پاڵ ئەکەوتن و لەو کاتەدا ئەو شتەی نەیانئەتوانی دەریببڕن، بە فرمێسک و ناڵە دەریانئەبڕی، بە جۆرێک کە پیاوان لە دواجاردا تووڕە بوون و وتیان «کێ تا ئێستا ئەم هەموو غولغولەیەی بە سەر مردوویەکدا دیوە کە زەریا داویەتییە دەرەوە، لە سەر غەریبەیەکی بێ‌ناونیشان، بە سەر تیکە گۆشتێکی ساردی ڕۆژی چوارشەمەدا»؟

یەکێ لە ژنەکان کە لەم هەموو پشت‌تێ‌کردنە دڵی ئێشابوو، دەسرەکەی لە سەر مردووەکە لابرد و لەم کاتەدا بوو کە پیاوەکان هەناسەیان لە بین گیرا. ئەو ئێستبان بوو، پێویست نەبوو ناوی لە ناویاندا ببات تا بیناسنەوە. ئەگەر ناوی سروئالتریشی لای ئەوان ببردایا، ئەویشیان بە نۆکەری بێگانە و تووتی لێو شمشێری دەنووکهەڵهاتوو لە سەر شان و تفەنگی لیلە بچووک و پیاوکوژان دادەنا و تا ئەم ڕادەیە باوەڕیان پەیدا نەدەکرد؛ چون تەنیا یەک ئێستبان لە هەموو دنیادا هەیە کە ئەویش لە پێش چاوی ئەواندا ڕاکشاوە. وەکوو نەهەنگێکی سەر درێژ بەبێ کەوش، پانتۆڵێ کە لە قاچی کورت‌تر بوو و نینۆکەکانی وەک بەرد ڕەق بوبوون کە تەنیا بە چەقۆ دەتتوانی کورتیان کەیتەوە، تەنیا دەبوایە دەسرەکەی لە سەر ڕوخساری لابدەن تا بیبینن کە ئەم مێردە چاوشۆڕە گوناهی خۆی نییە کە ئەوەندە گەورە و سەنگین و جوانە و ئەگەریش بیزانیایا کە ئەم شتە ڕوو دەدات، بۆ نوقمبوون شوێنێکی چۆڵی تری هەڵدەبژارد.

ڕاستەکەی بڵێم، ئەگەر بە دەست من بوایا لە لەنگەری باژۆکەم بە گەردنمدا هەڵمدەواسی وەکوو کەسێک کە لە ژیانی خۆی تێربووبێ، لە زاخۆرەکە خۆم فڕێ دەدا و حاڵی ئەم خەڵکەم کە بە وتەی خۆیان گیرۆدەی ئەم کەلاکی ڕۆژی چوارشەممە بوون، تێک‌نەئەدا و بە ئەم تیکە گۆشتە سارد و پیسە موزاحمی کەس نەئەبووم. ڕەوشتی ئەوەندە ڕاستگۆیانە بوو کە دڵپیس‌ترین پیاوان یانی ئەوانەی کە تاڵی شەوانی تەواونەبوویان لە کن

هەوراز کتێب

زەریا هەست کردووە، نەبا ژنەکانیان لێیان ماندوو بن و بەرەبەرە خەونی پیاوە خنکاوەکە ببینن، تەنانەت ئەوان و پیاوە سەرسەختەکانی تریش، لە دیتنی هەڤڕەنگی ئیسبتان سەریان سوڕ ئەما. بەم جۆرە بوو کە باشکۆترین تەرمناشتیانن کە بە مێشکیاندا ئەهات بۆ ئەو پیاوە نوقم و ڕەهایە گرت. چەند ژنێک کە بۆ هێنانی گوڵ چووبوون بۆ گوندەکانی دەوروبەر، لەگەڵ ئەو ژنانەی کە بڕوایان بە قسەکانی ئەمان نەبوو، هاتنەوە و ئەو ژنانەش دوای بینینی مردووەکە، چوون و گوڵیان هێنا و ئەوانیش چوون ژنانی دیکەی خۆیانیان هێنا تا ئەوندە گوڵ و مرۆڤ کۆ بێتەوە ئیتر جێگەی یەک دەرزیش نەمێنێ. ئەو خولەکی ئاخرە زانییان کە خەریکە وەکوو هەتیوێک دەیدەنەوە بە ئاوەکە؛ بۆیە لە نێوان باشترین خەڵکەکەدا باوک و دایکێکیان بۆ هەڵبژارد و پوور و خاڵ و مام و پوورزا و خاڵۆزا و ئامۆزا و ... بەو جۆرە بوو کە بە بۆنەی ئەوەوە هەموو خەڵکی گوندەکە لەگەڵیدا دەبوون بە خزم. هەندێک لە زریانەوردەکان کە دەنگی گریانیان لە دوورەوە دەبیست، ڕێگەکەیان ون دەکرد و خەڵک گوێیان لێبوو کە یەکێک لە ئەوان بە یادی چیرۆکە کۆنەکانی پەرییەکانی زەریا خۆی بەستووەتەوە بە دەکەڵەکەوە.

پیاوان و ژنان لە سەر ئەوە کە کێ تەرمەکە لە سەر شانی خۆی هەڵگرێ، لە سەر هەڵدێرە سەربەرەو خوارەکەی پاڵ زاخۆرەکە، دەمەقرەیان بوو. لەم کاتەدا بوو کە بە بینینی شکۆ و جوانی پیاوە نوقمبووەکە، خۆیان بۆ یەکەمین جار کەوتنە بیرکردنەوە کە کۆڵانەکانیان دوور کەوتووەتەوە و حەوشی ماڵەکانیان وشک و خەونەکانیان هووردارە. ئەویان بەبێ لەنگەر ڕەوانەی زەریا کرد تا ئەگەر هەرکات دڵی ویستی، بگەڕێتەوە و ئەوان هەموویان بۆ کەمتر لە سەد ساڵ هەناسەیان لە ناو سنگیاندا هەڵگرت تا تەرمەکە بچوایەتە ناو زەریاکە، پێویست نەبوو سەیری یەکتر بکەین تا تێبگەن هەموویان ئیتر لەوێ نەماون؛ بە لام زانییان کە لەو چرکە بە دواوە هەموو شتێک دەگۆڕێ، دەرگای ماڵەکانیان گەورەتر دەبێ، ساپیتەی ماڵەکانیان بەرزتر و کەفی ماڵەکانیان پتەوتر دەبێ تا بیرەوەری ئیسبتان بێ ئەوەی کە لە چوارچێوی دەرگاکە بخوات لە هەرجێگاییک سەر هەڵبهێنێ، تا لە داهاتوودا هیچکەس جورئەت نەدا بە خۆی بڵێ ئاخ بۆ پیاوە هیزە زلەکە، حەیف بوو، ئاخری ئەحمەقە جوانەکە مرد. دەیانویست بەر دەرگای ماڵەکانیان بە ڕەنگە شادەکان بۆیە بکەن تا یادەوەرییەکانی ئیسبتان زندوو بمێنێتەوە. دەیانویست کانی لە دڵی بەردەکاندا بهێنێتە دەر و لە سەر زاخۆرەکان گوڵ دابنێن تا ئیتر ناوقەدیان ڕاست نەبێتەوە. تا ئەو شوێنەی لە سالانی داهاتوو، لە کازیوەی بەیانییەوە، ڕێبوارەکانی پاپۆڕە گەورەکان، لە بۆنی مەستی باغچەکە لە خەو هەستن و پاپۆڕەوانەکان بە جلی تایبەتەوە لە سەر سەکۆکە بێتە خوارەوە، ئوسترلاب بە دەست و ڕیزی میداڵە جەنگییەکان لە سەر سینگ، بە ڕانموونی ئەستێرەی قوتبی، ئاماژە بکەن بە ئاسۆی دوورەدەست، بە لووتکە بەرزەکان، بە گوڵە سوورەکان و بە چواردە زمان بێژن: سەیری ئەوێ بکەن، ئەو شوێنەی کە با ئەوەندە هێورە کە ژێر قەرەوێڵەکان خەویان لێکەوتووە. ئەوێ، ئەو شوێنە کە هەتاو ئەوندە دەدرەوشێتەوە کە گوڵەبەڕۆژەکان نازانن بەرەو کام لا ڕوو وەرگێڕن، بەڵێ ئەو شوێنە، گوندی ئیسبتانە.

# شیعر

لەیلە یا نا، خۆری ڕووی تۆ نیشتووە

یا خۆ گریان، بۆم کوێریی هێشتووە

یا لە گۆڕدام و نەخۆشیی هیجری تۆ

سەردەمێکە، چیدی ئەمنی کوشتووە

شەهریار شەریف‌زادە، *چرکەکانی لاوی و تەنیایی*، ١٣٩٦

هەواڵنامەی کێژ

# لە مندا جیهانێکە



شلێر ڕەحمانی

لە مندا جیهانێکە
پڕ لە شاری داگیرکراو
تووڕەییت شەڕی جیهانییە و
شعرەکانم کوژراوەگەلێک
بێدەسەڵات؛
ساڵێکم هەیە بە هەزاران وەرز
بێدەنگیت بەفرە
کە ئەدویت وەرزی بارانە
کە درۆ دەکەی
پاییزی، بە چەند ڕەنگ؛
پێکەنینت بەهارە
بە شکۆفەی ددان و گوڵی لێوتەوە...
هەناسەت بایە،
لە نێوی دارستانی قژمەو،
بە هەنگاوەکانت زەوی دەسووڕێت!
نیگات قیامەتە و
من گوناهکارترین خەڵکم؛
بەڵام من تەنیا زەوینم؛
بۆ ئەم هەموو پەرێشانییە
کاوەخۆتر لە زەوی شک نابەم؛

هەواڵنامەی کتێب

ئێستاش لە سەر ئەم عەرزەدا
تۆ ئەدوی و باران دەبارێ و لافاو
هەموو شتی لەگەڵ خۆی بردووە...
هەمووانت لە شاری شێعرەکانم تاراندووە
یەک میلیۆن غەوارە
دەسکەوتی جێژوانی من و تۆیە.

هەوالنامەی کتێب

# کولاندنەوەی پەراسووی خەون



سروە مەجیدی

هەواڵنامەی کتێب

عەینەکێ ئەتگیرنێت و خەونە کەوگەکانم

جگەرە

جگەرە

لۆچت ئەکەن.

نینۆکی ساتەکان لاک ئەدەم

با تێرخەو بن ڕۆژە قەترانییەکانم …

[گورگاندووتم بە گاسێکی گرساو

بەو فرمێسکانەی نەترژاندووە].

شەقام خۆماڵیتر لە گەڕەک بەربووەتە ناوتەوە

لەم تاڵ مەرگیەدا کۆڵانێ لەتر ئەدەی

کەوگی ئەسپێ ئەچۆڕێتە هەناومەوە

لە خەیاڵی حەوشێکی مۆن

هەواڵنامەی کتێب

موبایلەکەم هێقت ئەکاتەوە.

باران بیانوویەکە

ئێستا هەرایەکین بێهەرا

بە دوای ژیانا ...

[گڕی گومان لێڵم ئەکا

تاریکتر ...

ئەو قژە مەلعوونەت ئەمباتەوە سەر حەسرەتەکانی ماچ؛

وێنەیەک سوورتر دابەزە]

نامەیەک بنێرە پڕ لە شریخەی بارووت نەبێ

جەنگێک بکە دووکەڵی سەوز بێ

[بێخەیاڵ ژیان قاو درا لە شانی دووشکا]

تۆ دووریاگی بە دوورگەیەک لە دوورترین دەردەکانم

پووتینەکانی پیاوێک لە ڕووتیما بێنوقتە

تەنیاییم ژان ئەکا ...

درێژەی ئەم کولاژە

کەمکۆڵ خەفەتبارە و

سووور فیشقـــــــــــــــــــــــــە دەکا.

دایکم زستانێ گسک ئەداتە ناو مانتوەکەم.

[تۆ لەگەڵ جەستەی بە سەرمدا سلفی ئەگری؛

سوورڕ لە پیاوێ بێکونجدا ئەخوەی]

لەچکەکەم لە پێستی شەودا گرێ دراوە -

لە گیرفانی پاڵتاوەکەت

هێشتای ئەگەرێک باوێشک ئەدەی

تۆ پاڵت بە خاڵییەی ستیانێکی سوورەوە دا

من تەنیاییم لە ڕدێنی هەورەکان شپرزتر.

تف لە تەناف و تەماربوونی تارماییت

بەرۆکت پڕە لە ماتیکی چوارمشقی.

[خوات بێ

ئەم شەوگارە پەنجەرەی درێژی تەنیایی

بێدەنگی تف ئەکاتەوە ناوپای ئەم شێعرانە]

لە سێشەممەی ئەم پارکە بێزووت ئەکەم

تیترازی ئەم بەژنە

مەرگڕێژە بە تیرازی داخکردن

ئەگەر لە ڕۆژی وشەکانم تێپەڕیت

ژنێکی تەخترم - فێرم بە - فێرم کە.

[من لە دەرفەتی کراسەکەی خۆم هەڵواسراوم]

مردن و نیوێ ئەولاتر دایکم دێڕێکە خاڵی

سەرئێشەی شەمانییەکان هەڵئەخا...

هەواڵنامەی کتێب

[بابام زامەکانم واژۆ ئەکا.]

دەستم بشکێ

پاڵ بە وەهمی ترافیکەوە ئەنم

من ونم لە ناسنامەیەکدا و هەر نیە

تۆیش سەربازێکی مێهرەبانی لە قومقومەیەکدا ناخۆیتەوە

هەنسکەکانی سەنگەر و

دوو سێ گەز تا باران

لە تاران کە برای دوورییەکانمە

ماچم کە ....

.

.

.

.

ماچم کە ...

هەواڵنامەی کتێب

# ئەوانە کێن؟



یادگار ڕەحمانی

هەواڵنامەی کتێب

بە ناوی ئەو باڵندانەی کە ئاسمان دەتووڕێنن

بە ئاوی ڕووبار و دەریا گیانی چیا دەسووتێنن

لە ناخی شەوگاری تاریک وێنەی ئەستێرە جوانەکان

خۆیان بە فریشتە و پەری و یا خود خودا دەشوبهێنن

ئەوانە کێن وا بەردەوام بە زمانی عەشق و نەفرەت

هیچوپووچی کاروباریان بە ئەم خەڵکە دەسەلمێنن؟

ئەوانە کێن وا بە زمانێ وەک ئاگر لە جنسی ئاو

هەزار نەخش و نیگاری پیس لە دڵی مندا دەنەخشێنن؟

ئەوانە کێن کە هەر کاتێ کە من ویستم مەلە بکەم

تەواو دەریاکانی ژیان وێنەی سەحرا دەخنکێنن؟

ئەوانە کێن کە قەڵای هیوای ئەم دڵە

بە فووییک پووش و بەلاش دەڕووخێنن؟

# دێڕەکانی ئەم شیعرە بە ئارەزووی خۆتان بگۆڕن؛



نەجمەدین براخاسی

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| چ بەرچاوتەنگانە | چاوی بڕیوەتە چاوی |
| ئەو بووکەشووشە | ئەو چاوەشینەی سەر دیوار |

# پاییز



شیوا ئەیازی

ئاخ پاییز ڕەنگ زەردەکەی دڵ بریندار

بە خێر هاتی مانوو مەلول و بێ قەرار

ڕوخسارت ئاوێنەی دڵمە،

کاتی گەڵا وەرینە و ڕێبوارەکانی سەر شەقام، هاتوچۆیانە بەر دەوام

گەڵای وشکی سەر لەقانم،

که دەوەرم بە سەد پێچی دەستی قەدەر لە سەر سێنگی خاکی جوانم؛

من دڵنیام داری ژیان قەت نایەوێ ڕەنگی زەردت بە خۆی بگرێ،

چون ڕۆخسارم زەرد ئەنوێنێ کە دارەکەیش وایٚ پێ خۆشە ڕاموەشێنێ

لە دواجاریش خوا ئەزانی کە پێشێلی کام ڕێبوارم

وەرزی پەپوولە و شەم گوڵ

لە سەر کانی و لە دەشت و چەم

بە گەڵای تۆ خۆێ ئەنوێنێ سێنکی منە سارێژی خەم

دڵ مەحکومە بە سێدارە

هەواڵنامەی کتێب

وا هەست دەکەم دواهەم جارە

من مەحکومم بە سوتانێک

وەک پەپوولەی عاشقی شەم

چاوەڕێی ڕوخسارێک دەکەم

ئاواتەخوازی ئەو بووم لە سێبەری داری تۆ بووم

نازانی بۆ؟

گوڵ تۆراوە و بەهار ڕۆیی وەرزی دلەکەم پاییزە

خەزانێکی بێڕەشە با

هەڵوەرینم لە تاوی دووری ئازیزە

خەمت نەبی پاییزەکەم، ئاواتی من بەهارێکی بێکۆتایی بۆ عەشقی بێ سنووری تۆس...

"پەپوولە ڕۆژهەڵات

هەواڵنامەی کتێب

# هاتی و ...



محەمەد ڕەحیمزادە

ئەی نامەردا!

بە دەم زریانی بەیانییەوە هاتی

کەچی بە دەستی گەردەلولی بێڕەحم خۆت ون کرد.

ئەی هەناسەی مردووی من!

بە ناوی پێغەمبەرێک هاتی

بەڵێنی بەهەشتێکت دا و لە جەحەندەمێکدا منت ون کرد.

وەکوو ماسی لەگەڵ شەپۆلی چکۆلەی ڕووبار هاتی

بەڵێنی زەریات دا

لە قووڵایی ئوقیانووسدا خۆت ون کرد.

وەکوو کۆترێکی باڵسپی هاتی

قسەت کرد لە ئازادی

بوویتە بایەقووش لە تاریکی خەراباتدا منت ون کرد.

هەواڵنامەی کتێب

ئەی عاشقی درۆزن!

لە شێوەی پەپوولەیەکدا هاتی

بەڵام لە نووری شەمعێکی ترا خۆت ون کرد.

ئەی خراپترین یار!

بە سواری هەورێک هاتی، وتت بارانم

لە بەربەیانێکی زوو تێکەڵ بە شەونم، منت ون کرد.

ئاخ یاری بێوەفا!

لە شێوازی فریشتە هاتی، وتت جوانێکم

کەچی لە بەرگی ڕەشی ئەهریمەندا خۆت ون کرد.

ئەی درۆزنی بێڕەحم!

هاتی وتت ڕێگەزانم

کەچی بە ڕێبواریی لە ژیندا منت ون کرد.

بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ

تۆ هاتی ...تۆ هاتی ...تۆ هاتی

منت لە خۆمدا ون کرد.

هەواڵنامەی کتێب

# بێدەنگ! کچان دەنگ هەڵنابڕن

(وەرگێڕانی شیعری سیمین بێهبەهانی)



چیمەن باقری

بێدەنگ! کچان دەنگ هەڵنابڕن
بێدەنگ! کچان قاقا و پێکەنینیان نییە
بێدەنگ! کچان هیچ مافێکیان نییە
بێدەنگ! کچان ئەبێ کش و مات بژین
بێدەنگ! کچان ئەبێ لە تاڵی و ناخۆشیدا خۆڕاگر بن
بێدەنگ! کچان دەبێ بسازن و نەساز نەبن
بێدەنگ! کچان دەبێ ناعەدالەتی و قسەی ناحەق قەبووڵ بکەن
تەنیا بە تاوانی کچبوونیان!
بێدەنگ! کچان دەبێ خۆڕاگر بن و دەنگیان دەرنەیێت
بێدەنگ! کچان تەنانەت مافی ئەوەیان نییە وێنەکەیان لە سەر نووسراوەی تەرحیمیاندا لە چاپ بدرێت
بێدەنگ! کچان دەبێ ئارام بەرەو گۆڕ ببنەوە

ئەم چیرۆکە دوایی نایێت
مافی چاودێری بۆ تۆیە .......... ئێش و ژان بۆ منە
ناوی بنەماڵە بۆ تۆیە .......... ڕەنج و ئەرکی بنەماڵە بۆ منە
چوار پەیمان بۆ تۆیە .......... حەسرەتی عەشق بۆ منە
هەزار سێغە بۆ تۆیە .......... بڕیاری بەردباران بۆ منە
حەز و ئارەزوو بۆ تۆیە .......... داوێنپاکی بۆ منە

ئەمە بوو مافی ئازادی و یەکسانی بۆ ژن و پیاو؟
بێدەنگ! کچان مافی گازندەیان نییە!

بڵاوكراوەی نوێ

هەواڵنامەی کتێب

# بڵاوکراوەی نوێ

(ئەو بەرهەمانەی گەیشتوونەتە دەستی نووسینگەی ئەنجومەن)




زمان و ویژەی کوردی
وانەی گشتی_بژاردەی قۆناخی کارناسی
دوکتۆر بەختیار سەجادی و
مەزهەر ئیبراهیمی
بڵاوکەرەوەی گوتار:١٣٩٦




پژوهشنامه ادبیات کردی
توێژینگەی کوردستانناسیی
زانستگای کوردستان
ژمارەی ٤
پاییزی ١٣٩٦




گۆڤاری زارەما
تایبەت بە ڕەخنە و تیۆری
سەرنووسەر: فەخریە ئادسای
ژمارەی ١١
پاییزی ١٣٩٦




زمان و ویژەی کوردی
بۆ پۆلی ١٠، ١١ و ١٢
لەتیف سوڵتانی
نەوبەیان: ١٣٩٦




فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی
بەرگی ١: ئا_ب
عەلی نانەوازادە
تاران: ١٣٩٦




وەرزنامەی زانستیی هۆژین
سەرنووسەر: موحەمەد موحەمەدئەمینی
ژمارەی٣
پاییزی ١٣٩٦

هەواڵنامەی کتێب

## جەژنی سەدەمینساڵیادی نووسینی یەکەمین شانۆنامەی کوردی

لە لایەن دوو ئەنجومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردی (سەر بە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی) و ئەنجومەنی توێژینەوەی هونەر و هەروەها بە هاوکاریی جێگرایەتی فەرهەنگیی زانستگای کوردستان، ڕێوڕەسمێکی شکۆدار بۆ بیرئانین و ڕێزلێنانی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری وەکوو یەکەم شانۆنامەنووسی وێژەی کوردی بەڕێوە دەچێت. لەم ڕێوڕەسمەدا چەندین بەرنامەی جیاجیا وەکوو لێدوانی زانستی، گوتار، شانۆنامەخوێنی، پەنێلی زانستی و ڕێزلێنانی شانۆنامەنووسانی کورد ئاراستە دەکرێن.

شانۆنامەی *مەمی ئالان* بەرهەمی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری (۱۸۹۰-۱۹۶۰) لە ساڵی ۱۹۱۸دا نووسرا و لە زستانی ساڵی ۱۹۱۹دا لە گۆڤاری *ژین* لە ئەستەنبوڵ چاپ و بڵاو کرایەوە. لە ژمارەی داهاتووی ئاوزیندا پوختەی بابەتەکانی جەژنی سەدەمین ساڵیادی نووسینی یەکەمین شانۆنامەی کوردی بڵاو دەکەینەوە.

**************************************

**بابەتی فایلی گۆڤاری ئاوزین بۆ ژمارەی داهاتوو، لێکۆڵینەوە لەسەر کار و چالاکییەکانی نووسەری کورد، مەسعوود محەمەد-ە. تکایە بەرهەمەکانتان بە ناونیشانی خوارەوە، بە فۆنتی یۆنیکۆردی ۱۴، بۆمان ڕەوانە بکەن.**

**ناونیشانی گۆڤاری ئاوزین:** سنە، زانستگای کوردستان، کۆلیجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکان، نووسینگەی ئەنجومەنی زانستیی بەشی زمان و وێژەی کوردی.

**کۆدی پۆستی:** ۶۶۱۷۷۱۵۱۷۵

**ئیمەیل:** awzin۱۳۹۴@gmail.com

هەولێرنامەی کتێب



## بۆ فەتانەی خۆشەویست

فریشتەکە ئەی پەریزاد،
بەهاری دەنگ و ڕەنگەکەت زوو خەزانی کرد؛
بۆچی تۆرای!؟
لە سەر چی قین و قارت کرد!؟
چی هەژاندووتی؟
بە دەم بزەی نەبیستراوی گۆرانییێکەوە پێکەنیت،
یان چزی قسەی نەیارەکانی شار،
چرای دڵتی تار کرد!
تۆ خۆشەویستی هەوار و یاری باخچەکەمانی،
تۆ لە دڵی پەپوولەدای،
لە چرۆی دار، پەڕی تەوار،
تۆ ژیانی ناتەواوی ژینگەکەمانی،
بە داخەوەین بۆ بێدەنگیت،
بۆ دڵتەنگیت ...
لە کۆچی دەنگ و ڕەنگەکەت،
پڕ بە شارێ پرسیار وێڕای خەفەت هات بە دڵا:
شاگوڵەکەی ناوچەکەمان،
سەرگوڵەکەی باخچەکەمان
بۆ کەناری گرت!؟

وێنەگر: ئەفشین فەتاحی
هێڵکاری و نووسراوە: توورەج خەسرەوی



مەسعوود محەمەد

(١٩١٩-٢٠٠٢)